# دیاردەی

# ئایین



نووسین و وەرگێڕانی : نادر فەتحی (شوانە)

ئاڵمان، ساڵی 2711ی کوردی

**پێرست:** **لاپەڕە**


| | |
|---|---|
| پێش گوتە | 3 |
| مرۆڤ خودای خوڵقاندووە؟ | 6 |
| چۆنیەتی پێکهاتنی ئایین | 14 |
| مێژووی درۆی ئایین | 24 |
| ئایین و ئەستێرەناسی | 40 |
| پشت ڕاستکردنەوەی تئۆری "گەشەسەندن " ی داروین | 53 |
| دیالۆگ | 83 |

**پێش گوتە:**

به دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم کە زۆر جار ئەو شتانەی لە مێشکم دان و بەردەوام بیریان لێ دەکەمەوە، نەمتوانیوە بەو شێوەیەی خۆم دەمهەوێ، بیانهێنمە سەر کاغەز. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو کارە پێویستی بە قەڵەم یاخود نووسەرێکی بەتوانا هەیە و من بەداخەوە ئەو لێهاتووییەم نییە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش باس لێ نەکردن و خنکاندنی بیر و بۆچوونەکان بە باش نازانم و مرۆڤ دەبی تا ئەو جێگایەی بۆی دەگونجێ، ئەگەر تەنانەت تەنیا بۆ رازی راگرتنی خۆشی بێ، سەر بیر و بڕوا و بۆچوونەکانی بهێنێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

هەر وەك هەموومان دەزانین مرۆڤ لێهاتوویی وەرگرتن و فێربوونی لە هەموو ئاژەڵەکانیتر زیاترە. هەر ئەو تایبەتمەندییەشە کە بۆتە هۆی پێکهێنانی مێژووی خوێناویی رابردوو و تەنانەت ئەوڕۆشی. وشەی Manipulation"مانیپولاتسیۆن" لە زمانی ئاڵمانیدا بە مانای گۆڕانکاری پێداهێنان و دەستکاریکردن هاتووە. (بۆ وێنە دەستکاری کردن بە شێوەی چێکراو لە لایەن کۆمەڵگاوە بە سەر بیر و باوەڕی مرۆڤێك لە منداڵییەوە تا گەورەبوونی). بەداخەوە لە زمانی کوردیدا وشەیەکی پڕ بە پێستی خۆیم بۆ نەدۆزرایەوە. بەڵام لێرەبەدواوە کاتێك وشەی "دەستکاری" بەکار بێنم، مەبەستم مانیپولاتسیۆنە.

کە سەیری رابردوو و ئێستای مێژووی مرۆڤایەتی دەکەین، بۆمان دەر دەکەوێت کە لە کاتی هاتنە سەر سەکۆی ئێمەی مرۆڤ بۆ سەر ئەم هەردەوە هەتا ئەمڕۆ، بە شێوەی بەردەوام بە گشتی لە لایەن کۆمەڵگاوە کە بریتییە لە: "پێشینیان، خوو و خدە، ئایین، ئیدیۆلۆژیی، و دایك و باوك"، دەستکاری کراوین. واتە هەر مرۆڤێك لە هەر جێگایەکی سەر ئەم هەردە، مەجبوور بە سەلماندنی خوو و خدە و ئایین و تایبەتمەندییەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە دەکرێت کە تێیدا دەژی. بە پێی ئەو بۆچوونە، بۆ وێنە ئەگەر منداڵێکی کورد لە تەمەنی ساواییەوە لە ناوچەیەکی دیکەی زەوی و لەگەڵ دایك و باوکێ نەتەوەیەکیتر گەورە بکرێ، سروشتییە کە هیچ فڕێکی بە کورد و کوردستان و ئایینی ئیسلامەوە نامێنێ. ئەوەش دەزانین کە لە رابردوودا بە هۆی نەبوونی پەیوەندی مرۆڤی سەر زەوی لەگەڵ یەکتر و جیا لە یەك ژیانیان، هەرکام زمان و فەرهەنگ و ئایین و خوو و خدە و تایبەتمەندی خۆیان پێکهێناوە. دیارە

هەرکام لەو کۆمەڵە مرۆڤانەش بۆچوونەکانی خۆیان بە ڕاست زانیوە و دواتر دوای نیزیکبوونەوەی نەتەوەکان لە یەکتر، تەنیا ئەو شتانەیان بە راستەقینە زانیوە کە خۆیان باوەڕیان پێی بووە و ئەوە بۆتە یەك لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە مێژووی خوێناوی مرۆڤایەتییان پێکهێناوە. پێموایە پێویست بە ئاماژەکردن ناکات و بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە تەنیا دەتوانین سەیری مێژووی رابردوومان بکەین. لێرەدایە کە دەبێ ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین: *"وشەی 'راستەقینە' کەنگێ و بۆ کێ دەبێ دروست بێ؟"* رەنگە ئەگەر بێ ئینسافی نەکرێ، دەبێ بە شێوەی رێژەیی سەیری وشەی 'راستەقینە' و زۆربەی وشەگەلیتر بکەین!

بە بڕوای من ناوەند و کلیل و رەمزی ئەو کێشەیە وشەی "تولەرانس"ە کە بەداخەوە بۆ ئەو وشە ئاڵمانییەش هیچ وشەیەکی پڕ بە پێست لە زمانی کوردیدا شك نابەم. بەڵام دەتوانم ئەو وشەیە ئاوا مانا بکەمەوە: "تولەرانس بریتییە لە سەبووری، خۆڕاگری و بەتایبەت رێزلێنان لە بیر و باوەڕی مرۆڤەکانیتر." بە داخەوە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لە لایەن هیچکام لە کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی سەر ئەم هەردە هیچ هەوڵێکی جیددی بۆ پەرەپێدان و شی کردنەوە و بە ستانداردکردنی ئەو وشەیە نەدراوە. نەک هەر هەوڵی تێگەیاندن و شی کردنەوەی تولەرانس نەدراوە بەڵکوو لە پرۆسەی مێژوویدا لە پێشدا پاشاکان بۆ گەورەکردنەوە و بە هێزکردنی ئیمپراتوورییەکانی خۆیان و دواتر شەڕی نێوان ئایینەکان بۆ سەلماندنی بیر و باوەڕەکانیان و ئەمڕۆش بەهۆی زلهێزانی جیهانییەوە، بۆ راگرتن و دەوڵەمەندتر کردنی خۆیان، بەردەوام دژ بە بۆچوونەکانیتری کۆمەڵگا، مرۆڤیان هان داوە کە بە شێوەی نەرێنی دژ بە بۆچوونەکانی یەکتر بوەستن، بەرگری یەکتربکەن و تەنانەت گیانی خۆیان بەخت بکەن، و ئەوانیش بە ساکاری لە ئاوی لێڵدا ماسی خۆیان بگرن!

بۆ گەیشتن بەو ناوەندە واتە "تولەرانس"، کە بە درێژایی مێژوو بە هۆی دێوەزمەی داب و نەریت و ئایین و ...ەوە مرۆڤیان دەستکاری کردوون و زۆربەی دەرگاکانی گەیشتن بە "تولەرانس" یان لەسەر داخستوون، ئێمە ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو کاتێکیتر پێویستیمان بە دۆزینەوەی کلیلی ئەو دەرگایانە هەیە. بۆ وێنە مرۆڤێك کە لە کۆمەڵگای ئیسلامی پەروەردە و دەستکاری کراوە و داب و نەریت و تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایەی وەرگرتووە و بە مافی خۆی دەزانێ کە بەرگری

و لایەنگری لە باوەڕەکەی بکات، کاتێك فێر بێت ئەو مافە بۆ مرۆڤی ئایینەکانیتر و ئیدیۆلۆژییەکانیتریش قایل بێ، ئەوە کلیلی یەك لەو دەرگایانەی دۆزیوەتەوە و هەنگاوێك لە تولەرانس نیزیك بۆتەوە. یاخود کەسێکی ناسیۆنالیست کە بە مافی خۆی دەزانی سەربەرزی بە وڵات و پەرچەم و نەتەوەکەیەوە بکات، کاتێك ئەو مافە بۆ نەتەوەکانیتریش بە رەوا بزانێت، ئەویش کلیلێکی بۆ کردنەوەی دەرگای گەیشتن بە "تولەرانس" دۆزیوەتەوە.

وەرن با هەوڵ بدەین بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی بێ قڕە و ئارام جیا لە هەر باوەڕ و بۆچوونێکی کە هەمانە، رێز لە یەکتر بگرین. با فێر بین بۆ راهێنانی هەرچی باشتری منداڵەکانمان کە بەڕێوەبەرانی داهاتووی کۆمەڵگان، هەر لە منداڵییەوە فێری مانا و بەکارهێنانی وشەی "تولەرانس" یان بکەین. وەرن با بە دڵ فەراوانییەوە گوێ لە رەخنە و قسەکانی یەکتر رابگرین و بە بێ شەڕ و قڕە دیالۆگ بکەین. وەرن با لەو ژینە کورتەی وا لە لایەن سروشت یا لە لایەن هێزێکی پێکهێنەرەوە پێمان بەخشراوە، ئەوپەڕی کەڵک وەربگرین.

تەنیا ئەو کۆمەڵگایە سەرکەوتوو دەبێ کە بێ پەردە و بێ سانسۆر بەشدارانی کۆمەڵگا لە منداڵییەوە لەگەڵ هەموو ئیدیۆلۆژیی و ئایین و بۆچوونە زانستییەکانی ناو کۆمەڵگا، بە بێ پێش خستن یا بە گرنگ زانینی یەك لەوان لە بەرانبەر ئەوانیتردا، رابهێنرێن و بە بێ مەجبوورکردن و ناچارکردنیان، مافی هەڵبژاردنی ریگا بە خۆیان بسپێردرێت. تەنیا ئەو کۆمەڵگایە بێ شەڕ دەمێنێتەوە کە هەموو بەشدارانی بە بێ هیچ کۆسپێك بتوانن لەسەر بیر و بۆچوونی خۆیان بدوێن.

نادر فەتحی (شوانە)　　　　سەرماوەزی 2711ی کوردی

# مرۆڤ خودای خوڵقاندووە؟

## مەینەت، ئازار، کوێرەوەری، بارگرانی و مردن، ئەدی خودا لەکوێیە؟

گوتەیەکی کۆن دەڵێ: **"ئەگەر باوەڕ نەمێنێ خوداکانیش دەمرن!"**

وشەی خودا دەستکرد و سازکراوی مرۆڤ خۆیەتی. لە راستیدا خودا مرۆڤی نەخوڵقاندووە، بەڵکوو ئەوە مرۆڤە کە خودای خوڵقاندووە. خودا تەنیا لە بیر و باوەڕی مرۆڤدا بوونی هەیە. ئەو تەنیا ئەو کاتە بوونی هەیە کە مرۆڤ باوەڕی پێبکات. بەو تایبەتمەندییە بێ بەڵگانەی کە ئایین بۆ خۆدایان داتاشیوە و بەو هەموو دژکاری و پێچەوانەیی نووسراوەکانیان و بۆچوونەکانیان سەبارەت بە بوونی خوداوە، هەرکەس برێك سەرنجیان بداتێ و لێیان وردبێتەوە، دەتوانێ بزانێ کە یا خودایەك بوونی نییە و بە پێی بۆچوونی زانست ژیان لە لایەن سروشتەوە پێکهێنراوە یا دەبێ پێکهێنەرێك بە تایبەتمەندییەکی ترەوە بوونی هەبێ.

مرۆڤی دنیای مودێرنی ئەمرۆ بۆی روون بۆتەوە کە دەتوانێ بە بێ خودای سازکراو لە لایەن ئایینەوە، لە مانای ژیان بگات. خودا ئیتر لە ژیانی مرۆڤی ئەورۆییدا جێگایەکی بۆ نەماوەتەوە. هەر کەس مێژووی رابردو و چۆنیەتی پێکهاتنی ئایین بناسێ، بۆی روون دەبێتەوە کە هەزاران ساڵە باب و باپیران و دایك و دایەگەورانی ئێمە بەهۆی زانستی کاڵ و روحسووکی خۆیانەوە و بەهۆی زەخت و دەستکاریکردن و مەجبوور بە رێگای ژیان هەڵبژاردن لە لایەن کۆمەڵگاوە، بوونەتە دیلی خورافات و ئایین. بە خۆشحاڵییەوە دەتوانم بڵێم کە بەتایبەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کە بە ئازادی باس لەسەر ئەو تەوەرە لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا دەکرێت، لایەنگرانی ئایین رۆژبەرۆژ کەم و کەمتر دەبنەوە. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ "دەستکاری کردنی مرۆڤ" یاخود مانیپولاتسیۆن، کە ئیتر لە کۆمەڵگای مودێرندا بەهۆی ئازادبوونی مرۆڤ و سپاردن و هەڵبژاردنی رێگای ژیان لە منداڵییەوە بۆ مرۆڤ، هیچ زەختێك و گوشارێك چ لە لایەن کۆمەڵگا و چ لە لایەن بنەماڵەکانەوە بەدی ناکرێ.

## ئایین، دیاردەیەکی بێ بەڵگە و بێ ناوەڕۆك

پێمخۆشە لە گوتەی وەرزشوانێکەوە دەست پێ بکەم کە دەڵێ: *"تئۆرییەکانی سەبارەت بە یاریکردن هەموویان لێڵن، راستەقینە، لەسەر گۆڕەپانی یارییەکە خۆی دەنوێنێ!"* بە بڕوای من ئەو گوتەیە بۆ شی کردنەوەی بابەتەکە و وشەی ئایین و خودا و ... پڕ بە پێستە: "تەنیا لەسەر گۆڕەپانی ژیان ، ئەو جێگایەی ژیانی راستەقینەی تێدا بەڕێوە دەچێ، دەکرێ پەیوەندی مابەین خەم و کوڵ و چەرمەسەری و ئازارکێشانی ژیان، لەگەڵ وشەی خودا و کارلێکەری دیاردەی ئایین لەسەر ژیانی مرۆڤ روون بکرێتەوە!"

لەسەر وشەگەلی "خەم" و "مەینەت" دەبێ بڵێم هەر کام لە ئێمە بە پێی ئەزموون، لە ژیانی رۆژانەماندا تووشی ئەو دێوەزمەیە بووین و دڵنیام، بیر و ڕا و بۆچوونی تایبەت بە خۆمان هەیە. ئێمەی مرۆڤ هەموومان کەم تا کورت لەگەڵ ئازارکێشان، بارگرانی و ... دا، کە بەهۆی نەخۆشی، کارەساتە سروشتییەکان و مێژووی تاڵی شەڕی جیهانەوە، تووشیان دەبین، ناسیاویمان هەیە. چۆنیەتی هەڵس و کەوت کردن و هەڵسەنگاندنی وشەی "مەینەت و خەم و ... " لە ژیانماندا، رێگای داهاتووی هەر کام لە ئێمە دیاری دەکات.

نیتچە دەڵێ: "هەرکەس لە ژیانیدا وشەی "بۆچی" بناسێ، دەتوانێ لە هەنبەر وشەی "چلۆن" خۆڕاگری بکات!" پرسیاری سەبارەت بە وشەگەلی مەینەت و خودا لە قووڵایی ئایینەوە سەرچاوەیان گرتووە. تەنیا ئەو کەسانەی لەسەر ئەو باوەڕەن کە خودایەك هەیە و مرۆڤی خۆش دەوێت، دەبێ ئەو پرسیارەش لەخۆیان بکەن: "ئەگەر خودایەك هەیە و مرۆڤی خۆش دەوێ، ئەدی بۆچی ئەو هەموو مەینەتە لە سەر جیهان هەیە؟" ئەگەر باوەڕ بە خودا هەبێ، دەبێ باوەڕ بەوەش هەبێ کە خودا بەرپرسی ئەو هەموو کارەسات و رەنج و مەینەت و بارگرانییەی مرۆڤە! لە راستیدا تەنیا ئەو کاتە دەتوانین سکالا لەو هەموو بێداد و مەینەتەی ژیانمان بکەین کە کەسێك لە پشت ئەو کارە راوەستابێت! زۆر لەمەو بەر یەك لە فیلەسۆفەکان گوتوویەتی: "ئەگەر خودایەك نییە، ئەدی کاری چاك لە کوێوە هاتووە، ئەگەریش خودایەك هەیە ئەدی کاری خراپ لە کوێوە دێ؟"

له كتێبی ئایینه ئیبراهیمییەکان (تەورات، ئینجیل و قورئان) دا لەسەر وشەی "خەم و كوڵ" ئاوا هاتووە: "خەم و كوڵ، تاوانی ئەو هەڵە و گوناهانەن كە مرۆڤ لە ژیانیدا دەیانكات! بە واتایەكیتر خودا پێكهێنەری ژیانە، ئەگەر مرۆڤ تووشی هەڵە و گوناه بێ، تاوانەكی لە لایەن خوداوە، "خەم و كوڵ" و مردنە!" دەی باشە ئەگەر ئاوا بێت، هەر وەك هەمووومان ئاگادارین، لە كارەساتە سروشتییەكانی وەك بومەلەرزە و سێڵاو و ... بە تەیبەت كیمیابارانی شوێنێكی وەک هەڵەبجەدا، بۆچی منداڵێكی ساوا كە هێشتا ئیزنی هەڵە پێكردنی پی نەدراوە، دەبێ لە ناوبچێت؟ ئەگەر خودایەك بوونی هەیە و دەبێ پێشتریش زانیبێتی كە ئەو منداڵە ساوایە پێش ئەوەی ئیزنی تاقیكردنەوەی پێ بدرێ، لە كارەساتەكاندا لە ناو دەچێ، ئیتر هۆی لە دایك بوون و هاتنە سەر دنیا و هەڵچزاندن و هەڵقرچاندنیان دەبێ چ بێت؟

بەڵام سەیر ئەوەیە بەشێكی زۆری خەم و مەینەتی ئەم جیهانە، مرۆڤ بە دەستی خۆی، بەسەر مرۆڤیدا دێنێت. دەنا كاتێك لە شەڕی یەكەمی جیهانیدا ملیۆن و نیوێك ئەرمەنی و زیاتر لە حەوسەت هەزار كورد بەدەستی توركەكان و جاشە كوردەكان دەكووژرێن و لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا زیاتر لە شەش ملیۆن یەهوودی بە دەست نازییە هیتلێرییەكان دەكووژرێن یا بە ئەمری سەدامی خوێنمژ زیاتر لە پێنج هەزار مرۆڤی كورد لە هەڵەبجە هەڵدەقرچێن، ئەگەر خودایەك هەبێ، بۆ دەبێ ئیزنی ئەو كوشتار و ماڵوێرانییانەی دابێ و دەبێ مەبەستی لەو كارانە چی بووبێ؟

كتێبی ئایینە ئیبراهمییەكان گێڕانەوە و چیرۆكی خەیاڵی وایان تێدایە كە مرۆڤ سەری سووڕ دەمێنێ. بۆ وێنە سەبارەت بە عیسا گێڕانەوەی بێ بەڵگە و خەیاڵی لە ئینجیلدا زۆرن و لە نووسراوەكاندا هاتووە كە زۆر جار چاوی كوێری ساغ كردۆتەوە. كەس نییە لەخۆی بپرسێ ئەی باشە ئەگەر توانیویە چاوی كوێر ساغ كاتەوە، ئەدی بۆچی هەوڵی لابردنی بە تەواویی كوێریی نەداوە، یاخود ئەو هەموو نەخۆشییە لەسەر جیهان هەن، بۆ هەوڵی لابردنیانی نەداوە؟ كەس ناپرسێ ئەگەر خودابوونی هەیە و دەبێ بۆخۆشی نەخۆشی پێكهێنابێ، ئەگەر كارێكی باش نییە، ئەدی بۆچی دواتر بەهۆی پێغەمبەرەكانیەوە دەیهەوێ نەخۆشەكان ساغ بكاتەوە؟

هەر لەو كتێبە دا سەبارەت بە كەشتی نووح و رزگاركردنی گیانلەبەران، هەر وەك چیرۆكەكەی بۆ هەمووومان روونە، بە بێ زانیاری و بێ بەڵگە سەبارەت بەو

چیرۆکە خەیاڵییە هەر لە گۆترە شاخ و باڵیان پێوە ناوە، لە حاڵێکدا بەو زانستەی ئەورۆ لەسەر پیشەی کەشتیسازی هەیە و زۆر پێشکەوتووتر لە هی ئەو سەردەمەیە، دەکرێ بسلمێندرێ کە ئەو کەشتییە بەو تایبەتمەندییانەی لە ئینجیلدا بۆی نووسراوە، ئیمکانی ساز کردنی هەر نەبووە. نە ئەو کات و نە ئێستاش داری وا درێژ نەبووە و نییە کە بتوانرێ کەشتی وا گەورەی پێ سازبکرێ کە لە هەر چەشن گیاندارێك جووتێکی تێدا جێ بکرێتەوە! مرۆڤی ئێستا و ئەورۆیی بە چاوی رەخنەوە سەیری دیاردەکان دەکات. ئەمڕۆ زۆر چەتوون دەکرێ بێ بەڵگە و هەر لە گۆترە ئەو چیرۆکە خەیاڵییانە وەربگرن.

چەند رەخنەیەك سەبارەت بە قورئان

## 1. زمانی قورئان

بۆچی قورئان بە زمانی عەرەبی نووسراوە؟

لە ئایەی 4 سوورەی ئیبراهیم دا هاتووە: *"ئێمە هیچ پێغەمبەرێکمان بە غەیری زمانی نەتەوەیی خۆی نە ناردوە، بۆ ئەوەی بتوانێ فەرمانی ئیلاهی بە زمانی خۆیان بۆ خەڵکەکە بگێڕێتەوە."*

بە پێی ئەو ئایەتە، ناکرێت بۆ وێنە پێغەمبەرێکی ئاڵمانی یا ئینگلیزی بۆ خەڵکی عەرەب بنێردرێت، دەنا لێی حاڵی نابن!

لە ئایەی 198 و 199 ی سوورەی شعرادا ئاوا هاتووە: *"ئەگەر کتێبی [قورئان]مان بە زمانی غەیری عەرەبی بناردبایە خەڵکی ئیمانیان پێ نەدەهێنا!"*

هەمیسان لە ئایەی 44ی سوورەی فصلت دا هاتووە: *"ئەگەر ئیمە قورئانمان بە زمانی [عەجەم] یاخود غەیری عەرەب بۆ بناردبایەن، دەیانگوت بۆچی ئایەکان بە روونی بەیان نەکراون؟"*

کەس نییە بپرسێت، ئەدی خەڵکانیتری سەر ئەم هەردە کە زۆرینەی حەشیمەتی غەیری عەرەبیان پێکهێناوە، مافی ئەو پرسیارەیان نییە کە بۆچی لە قورئانێک، کە دەبێ بۆ رێنوێنی هەموو مرۆڤی سەر زەوی نێردرابێ، حاڵی نابن و بۆچی بە زمانی عەرەبییە؟

## 2. ئاسمان لە نیگای قورئانەوە

ئایەی 6ی سوورەی قاف دەڵێ: "ئایا ئاسمانی سەر سەری خۆتان سەیرکردووە کە بە چ جوانییەك دروستمان کردوە و رازاندوومانەتەوە و هیچ درزێکی تێدا نییە!"

لێرەدا "درز" دەبێ چ مانایەکی هەبێ؟ بۆ دەنا ئاسمان وەك میچی ناو ماڵە کە نابێ کون و درزی هەبێ؟ بڵێی ئەگەر کونی بایە، دڵۆپەی بکردایە؟

بەڵام کاتێك باس لە میچ دەکرێ دەبێ ستونێك یا کۆڵەکەیەك ئەو میچەی راگرتبێ! ئەوکات ئەو پرسیارە لە ناو خەڵکی دا دەکرا و هیچ وەڵامێکی لۆژیکی بۆ نەبوو. بەڵام محەمەدی عەرەبی لە ئایەی 2ی سووری رعد دا سەبارەت بەوە دەڵێ: *"خودا ئەو کەسەیە کە ئاسمانی بە بێ کۆڵەکە و بە بی ئەوەی بیبینین، دروست کرد!"*

پانایی بەهەشت چەندەیە؟ ئەوە پرسیارێکی تر بوو کە خەڵکی عەرەبی ئەوکات لە مێشکیان دابووا! دیارە محەمەد دەبوو ئەو پرسیارە لە خودا بکات و سەیر ئەوەیە کە  ئەو پرسیارە دوو جار لە قورئاندا وەڵام دراوەتەوە:

ئایەی 3ی سوورەی ئال عمران:

*"بۆ بەخشین و لێبواردن لە لایەن خوداوە، بەهەشت بە گەورەیی ئاسمان و زەویە و بۆ دینداراکانە، هەوڵی بۆ بدەن!"*

ئایەی 21ی سوورەی حەدید:

*"بۆ بەخشین و لێبووردن لە لایەن خوداوە، بەهەشت بە گەورەیی ئاسمان و زەویە و بۆ ئەو کەسانە ساز کراوە کە بە محەمەد و ئایینەکەی ئیمانیان هێناوە، هەوڵ بدەن وەپێش ئەوانیتر بکەون!"*

ڕوونکردنەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بەشە بە خوێنەر دەسپێرم!

## 3. پەرجۆی ناردنی ئاسن لە ئاسمانەوە

تاقمێك لە موسڵمانان لەسەر ئەو باوەڕەن کە زەوی ئاسنی لەسەر نەبووە و لە ئاسمانەوە و لایەن خوداوە نێردراوەتە سەر زەوی!

ئایەی 25 سوورەی الحدید:

*"ئێمە پێغەمبەرانی خۆمان بە بەڵگەی ڕوونەوە ناردووە، کتێبی ئاسمانیمان بە پێی مافی بەرانبەر پێ داون. بۆ ئەوەی خەڵکی بەرەوپیری ڕاستی و حەقانییەت ڕاپەڕێنن. ئاسنیشمان بۆ ناردن چونکە هێزێکی زۆری هەیە و بە قازانجی خەڵکییە. تاکوو خودا بزانێ کە چ کەسانێك، ئەو و ڕەسوولەکەی یارمەتی دەدەن. بێ ئەوەیکە ببینن، خودا بەهێزە و زەفەری بەسەردا نابردرێ."*

ئەو باوەڕەی کە ئاسن لە ئاسمانەوە بۆ مرۆڤ نێردراوە، پێش ئیسلامیش بە هۆی کەوتنە خوارەوەی بەردی ئاسمانی بۆ سەر زەوی، لە ناو خەڵکیدا باو بووە و ئاشناییان لەگەڵدا بووە. ڕەنگە ئەو پەرجۆیەش هەر لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ. بەڵام بۆ ئاگاداری، ئەمڕۆ هەمووومان دەزانین کە بەتایبەت ناوکی زەوی بەشێکی زۆر ئاسنی تێدایە کە دیارە چونکە زەوی خۆی بەشێکە لە بنەماڵەی هەتاوی، دەبێ ئەو بەشەچکوولانەی لە ئاسمانەوە دەکەونە سەر زەوی، ماکەکانیان هەر وەك هی زەوی وابن و ئاسنیان تێدابێ.

## 4. بۆچی خودا جیهانی خوڵقاندووە؟

ئایینییەکان زۆر لەسەر ئەو گوتەیە دەدوێن کە *"خودا خوڵقێنەری جیهانە"!* بەڵام هیچکات لە خۆیان ناپرسن کە بۆچی؟ بۆچی خودا جیهانی خوڵقاندووە؟ مەباستی لەو کارە چ بووە؟ بەو پێیە کە خودا کامیل و تەواوە و لەخۆوە کاری

بێهوودە ناکات، دەبێ بۆ خوڵقاندنی جیهان بەڵگە و مەبەستێکی لۆژیکی باشی بووبێ. بەڵام ئایینیەکان لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا یا هیچ ناڵێن یا دەڵێن: "ئەو کارە شتێکە کە پەیوەندی بە مرۆڤەوە نییە و تەنیا پەیوەندی بە خوداوە هەیە!" تاقمێك لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێن: " مەبەستی خودا لەو کارە بە کەماڵ گەیاندنی مرۆڤە!"

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئەگەر مەبەستی خودا بە کەماڵ گەیاندنی مرۆڤە، ئەدی بۆچی هەر لە هەوەڵەوە وای خەڵق نەکردوە؟

بە پێی بۆچوونی ئایینیەکان :

1. خودا خوڵقێنەری هەموو شتێکی ئەم جیهانەیە.
2. خودا تەواو و کامیلە.
3. ئەزموونی خاڵەکانی 1 و 2 ئەوەیە کە خودا لە خوڵقاندندا کامیل و تەواوە.
4. مەبەست لە خوڵقاندن گەیشتن بە کامیلی و تەواو بوونی مرۆڤە.
5. خاڵەکانی 3 و 4 دژبەری یەکن.

کامیل بوون و تەواو بوونی خودا بەو مانایەیە کە ئەگەر کارێك بکات هیچ عەیبێکی نابی تێدابێت. کە وابوو دەبێ مرۆڤی بە شێوەی تەواو خوڵق کردبێ و ئەوکات پێویستی بە ناردنی پێغەمبەرەکانیش نە دەبوو! ئەوەش دەزانین کە مرۆڤ کامیل و تەواو نییە. کە وابوو ئەوە دەبێتە خاڵێکی لاواز و کامیل بوون و تەواو بوونی خودا دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

تەنانەت ئێمەی مرۆڤ ئەگەر کارێك یا هونەرێکمان هەبێ و بمانەوێ کارەکە بە ئەنجام بگەێنین، باشترین هەوڵی بۆ دەدەین و کارێك دەکەین کە تا ئەو جێگایەی لە توانایماندایە بە باشی بەڕێوەی بەرین.

## 5. خاڵی لاوازی لۆژیکیی ئیلاهی بوونی قورئان

دەڵێن قورئان لە لایەن خوداوەیە و تەنیا گوتەی خۆیەتی. دەڵێن نەتەنیا محەمەد کە مرۆڤێکی نەخوێندەوار بووە، هیچ مرۆڤێکیتریش نەیتوانیوە و ناتوانێ ئایەی قورئان کە تایبەتمەندیی تایبەت بەخۆیان هەیە، بنووسێ! بەڵام بێ لۆژیك و هەر لە گۆترە و بە بێ هێنانەوەی بەڵگەیەکی سەلمێندراو، ئەو خوازیاریەی خۆیان ساڵیانی درێژە بەسەر کۆمەڵگادا سەپاندووە و دەرخواردی خەڵی ساکار و نەخوێندەواریان داوە. بە بڕوای من هەم لەباری نووسینەوە و هەم لەباری دەستووری زمانەوە، قورئان کتێبێکی یەکجار زۆر لاوازە. دیارە چاوەڕوانی لەوە زیاتریشی لێ ناکرێ، چونکە لای کەم هەزار ساڵ بەر لە ئێستا نووسراوە. ئەگەر وای دابنێین قورئان کتێبێکی تاقانە و تایبەت بۆ ئەو کات بووە و لە لایەن خوداوە نووسراوە، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ کارە ئەدەبییەکانی ئەدیبان و نووسەرانی مرۆڤی ئەم جیهانە کە هەمووی دەستکردی مرۆڤە، دەبێ خودا چەندە ئەدیبێکی لاواز بووبێ؟

لە راستیدا من خۆم هیچ بڕوام بەو چەشن ئارگومێنت هێنانەوە یاخود ئەو چەشن دیالۆگانە سەبارەت بە ئایین نییە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە مرۆڤ باس یاخۆ دیالۆگ لەسەر تەورێك دەکا کە بناغەی لۆژیکی هەبێ. تەواوی دیاردەی ئایین هیچ بناغەیەکی زانستی یا لۆژیکی نییە کە مرۆڤ باسی لەسەر بکات. هەموو کتێبەکانی ئایینی ئیبراهیمی لەسەر گێڕاوە و چیرۆکی خەیاڵی بنیات نراون. بۆیەش ئەو چەند نموونەیەم لە سەرەوە هێناوەتەوە بۆ ئەوەی خوێنەر هەست بە بێ ناوەڕۆکی تەوەری ئایین بکات.

## چۆنیەتی پێکهاتنی ئایین

زانایان لەسەر ئەو باوەڕەن کە خۆناسین و وشیاربوونەوەی مرۆڤ سەبارەت بە پرسیاری وەك: "لە کوێوە هاتووین؟"، "چارەنووسمان چی لێ دێ؟" و بەتایبەت "مردن"، یەك لە پێداویستییەکانی گرنگی پیکهاتنی ئایینە. هەر بەو هۆیەوە و لەو پەیوەندییەدا پرسیارو وەڵامی سەبارەت بە "وشیاربوونی مرۆڤ چییە؟"، "کەنگێ مرۆڤ وشیاربۆتەوە؟"، "وشیاربوونەوە چ باشییەکی بۆ ژیان و گەشەسەندن هەیە؟" و "تایبەتمەندی و مانای وشیاری چییە؟"، زۆر گرنگن.

کەنگێ و لە چ کاتێکەوە مرۆڤ وشیار بۆتەوە و توانیویە پرسیار بکات، ئەستەمە دەکرێ راستەوخۆ وەڵام بدرێتەوە و یاخود بسلمێندرێ. تاقیکارییەکان ئەو زانیارییەمان دەدەنە دەست کە وشیار بوون تەنیا بۆ مرۆڤ نییە و چەند لە ئاژەڵەکانیش بە شێوەی رێژەیی ئەو لێهاتووییەیان هەیە. کە وابوو دێینە سەر ئەو باوەڕە کە مرۆڤی زۆر کۆنیش دەبێ پێش ئەوەی خاوەنی کەلتوور و فەرهەنگ بێ، ئەو لێهاتووییەی بووبێت. لەو پەیوەندییەدا تاقیکاری ساڵی 1970 لە لایەن "گۆردۆن گالووپ" (1901 ، 1984) بەم شێوەیە بوو:



خاڵێکی ڕەش لە نێوچاوانی چەند ئاژەڵ دیاری دەکات و بە نۆبە هەرکام لە ئاژەڵەکان لە بەرانبەر ئاوێنەیەك دا دادەنێت. بەو تاقیکارییە دەیویست بزانێ کە ئایا ئاژەڵەکان وشیاری و لێهاتوویی ئەوەیان هەیە کە خۆیان لە ئاوێنەکەدا بناسنەوە و هەوڵی لابردنی خاڵە ڕەشەکە لە سەر نێوچاوانیان

بدەن یاخود لانیکەم دەستی بۆ بەرن؟ ئەو تاقیکارییە تەنیا لە لایەن "شەمپانزە" و "ئۆران ئۆتان"وە سەرکەوتوو بوو. بەڵام بۆ وێنە "گۆریلا" کە زۆربەی زانایان پێیان وابوو دەتوانێ لەژێر ئەو تاقیکارییە سەرکەوتوو بێتە دەرێ، نەیتوانی و ئەو لێهاتوییەی نەبوو!

ئەو پرسیارەی کە بۆچی بە گشتی وشیاریی بۆ گەشەسەندن بەسوودە، لە لایەن پرۆفیسۆر"ئاندریڤ ویتن"وە وەڵام دراوەتەوە. "ئاندریڤ ویتن" چاوەدێریی چەند گرووپ ئاژەڵ بە بافتی کۆمەڵایەتی ئاڵوزەوە دەکات و دیاردەیەکی بۆ روون دەبێتەوە کە ناوی "فریودانی تاکتیکی" لی دەنێت. یەك لەو چاوەدێرییانە کە لە ناوچەیەکی باشووری ئافریقا بەڕێوەچووە، بەم شێوەیە بووە:

رۆژێك بێچووە مەیموونێك سەرنج دەداتە سەر چەشنە مەیموونێکی تر بە ناوی "پاویان" کە وەك عەنتەر وایە و کلکێکی کورتی هەیە و خەریکی خواردنی خواردەمەنییەك بووە کە لەژێر زەوی شاردبویەوە. بۆ ئەوەی بێچوەکە بە بێ کێشە خواردەمەنییەکەی لێ بستێنێ و بۆخۆی بیخوا دەچێتە نیزیك مەیموونەکە و بە هەموو هێزی خۆی دەقیژێنێ. دایکی بێچووە مەیموونەکە بۆ پارێزگاری لە منداڵەکەی پەلاماری عەنتەرەکە دەدا و دووری دەخاتەوە. بێچوە مەیموونەکە لە ئاسوودەییدا بەردەبێتە خواردنی خواردەمەنییەکە. پرۆفیسۆر"ئاندریڤ ویتن" لە چاوەدێرییەکانیدا زیاتر لە 300 نموونە لەو چەشن هەڵسوکەوتانەی کۆ کردۆتەوە. بۆ فریودانی ئاژەڵێك لە لایەن ئاژەڵێکیترەوە دەبێ چەشنە لێهاتووییەکی هەبێ کە بتوانێ خۆی لە جێی ئەویتر دانێ و پێشبینی ئەوە بکات کە هەڵس و کەوتەکەی بە سوودی خۆی تەواو دەبێ. بۆ ئەو کارە وشیارییەکی زۆر پێویستە.

وشیاربوون تەنیا نیشاندەری پرۆسەکانی چۆنیەتی هەڵسوکەوتی مرۆڤ نییە، بەڵکوو هەست پێکردن و هاودەردی لەگەڵ مرۆڤەکانیتر لە بارودۆخێکی تایبەتدایە. زانایان دەڵێن هەست کردن، بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی گیانلەبەرێك دەکرێ بۆ زیندەوەرێکی تر بگوێزرێتەوە. ئەوەش نەک تەنیا بۆ مرۆڤ، بەڵکوو بۆ زۆربەی ئاژەڵەکانیش هەر دروستە.

وشیاریی نەتەنیا دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕی هەڵسوکەوت، بەڵکوو لە بارودۆخێکی تایبەتدا کارلێکەری لەسەر دڵنەرمی و دڵسۆزی و هاودەردی مرۆڤەکانیتریش دەبێت. یەك لە بیرەوەرییە ناخۆشەکان ئەوەیە کە مرۆڤ کەسێکی نیزیکی لە دەست بدات. وردە وردە هەستکردنی مرۆڤ بەوەی رۆژێك خۆیشی دەمرێ و لە نەهایەتدا چارەنووسی هەموو مرۆڤێك بەرەو ئەو ڕێگایە دەڕوا، لە ژیانیاندا مەزنترین کارلێکەرییان بووە کە ئەو گۆڕانکاری و بێ دەسەڵاتیە بۆتە پێکهێنانی چیرۆکە خەیاڵییەکان و لە نەهایەتدا باوەڕ بە ئایین. ئەو بۆچوونە بە ساکاری بەهۆی دۆزراوەکان و هەڵکۆڵینەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی زەوی دەسەلمێندرێت. لە سەردەمی زۆر زووەوە مرۆڤ مردووەکانی بە داب و نەریتەوە لە گۆڕ خستووە. دۆزراوەی ئەشکەوتی "شانیدەر" لە باکووری عیراق(کوردستان) دەگەڕێتەوە بۆ 60 هەزار ساڵ بەر لە ئێستا کە پیاوێك لە بەر دەرکەی ئەشکەوتەکە بە داب و نەریت و تەنانەت لەناو پەڕی گوڵدا بە خاك سپێردراوە. لەوەش کۆنتر دەگەڕێتەوە بۆ 100 هەزار ساڵ لەمەوبەر کە نێئاندرتالەکان مردووەکانی خۆیان ئەسپاردەی خاک کردووە.

لەسەر چۆنیەتیی پێکهاتنی ئایین Prof. Dr. VallabhbhaiJ.Patel, پرۆفیسۆر "ڤالئابهبهای" ئاوا دەنووسێ:

"بۆ تێگەیشتن لە ئایین، وشەی ئایین خۆی هیچ زانیارییەکمان ناداتە دەست. بۆ دیتنەوەی مانای ئایین سەیری وشەنامەی ئینگلیزی ئۆکسفۆردم کرد. لەوێدا لەسەر وشەی ئایین ئاوا هاتووە: "ئایین، سیستەمێکی باوەڕ و ستایشە، بۆ وێنە ئایینی ئیسلام و ئایینی مەسیح." دواتر نووسراوە: "بە فەرمی ناسینی هێزێکی تاک و لە مرۆڤ بەرزتر(خودا) کە کۆنترۆلی رۆحی و تایبەتمەندیی هەڵسوکەوتەکان دیاری دەکات."

ئەو شێوە ماناکردنەوەیە رەنگە بۆ بەشێك لە ئایینی کۆمەڵگاکانی سەر ئەم هەردە ڕاست بێت، بەڵام نەك بۆ هەموو جیهان. بۆ وێنە ئایینی "بوودایی"، ئایینی "جین" و ئایینی "کنفوسیوس" مانای خودا ناناسن. تەنانەت لە ناو "هندوو"ەکانیش دا ناوی خودا پێویست نییە. بنەچەکی سەرەکی لێرەدا بەو

شێوەیەیە: "ئەگەر تۆ ئەرکی سەر شانت بەجێ بێنی، ئیتر گرنگ نییە کە بە هەزاران خودا یا بە تاکە خودایەك باوەرت هەبێ، یا بە هیچ خودایەك باوەڕت نەبێ."

لە نیزیکەی 120 هەزار ساڵی مێژووی مرۆڤایەتی دا وشە و مانای خودا زۆر نوێیە. هەنگاو بە هەنگاو دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی کۆن.

لە سەدەمی پێشوو و ئەو دەمەی ئایینە گەورەکان پێکهاتبوون، دەبینین کە مرۆڤ بە پێی پێویست ویستویە کات و ڕێکەوتی پێکهاتن و دروستکردنی جیهان دیاری بکات. کەم و زۆر لە هەموو ئایینەکاندا پێش هەمووشت هەوڵی شی کردنەوەی ڕێکەوت و چۆنیەتی پێکهاتنیان دراوە و تەنانەت نووسراوە کە چ کاتێك سەروەری ئەم هەردە بە مرۆڤ ئەسپێردراوە. لە هەندێك نووسراوە کۆنەکاندا هاتووە کە ئەو پێکهاتنە 4004 ساڵ پێش زایین بووە و برێکیش پێیانوایە کە ئەو کارە زۆر دواتر بەڕێوەچووە. لە هیندوستان لەسەر ئەو باوەڕەن کە جیهان بەشێکە لە ڕەوتی پێکهاتن، نە سەرەتای هەیە و نە کۆتایی. لە ئەدەبیاتی ئایینی هیندووەکاندا هاتووە کە لەو کاتەوە کە باوەڕ بە "براهما" (بۆتێکی سەرەکی و گرنگی هیندووەکان) هاتۆتەگۆڕێ، تەنیا یەك ڕۆژ، 4 ملیارد و 32 ملیۆن ساڵ درێژەی بووە! ئەوڕۆ کە بە سەردەمی ئاسن دەناسرێت، 30101 ساڵ بەر لە زایین دەستیپێکردووە. جا خۆتان لێکی دەنەوە بە بۆچوونی هیندووەکان تەمەنی جیهان دەبێ چەندە پیر بێ!

لە باری کاتەوە برێکیتر دەگەڕێینەوە دواوە. لە سەردەمی زۆر زووی مرۆڤایەتیدا، مرۆڤ هیچ ئینترەسەیەکی بۆ ڕێکەوت و کاتی پێکهاتنی جیهان نەبووە. ئەوان ئەوکات کێشەی تریان هەبوو. لە ڕاستیدا مرۆڤی ساکاری ئەوکات گیانلەبەرێکی سەیر بووە. وەکوو هەموو ئاژەڵەکانیتر لەسەر ئەم هەردە خواردەمەنی خواردووە، ئاوی خواردۆتەوە و خەوتووە. هەر وەك هەموو ئاژەڵەکانیتر کاتی سەرما پێخۆشبووە خۆی گەرم بکاتەوە و کاتی گەرما لە جێی فێنک گەڕاوە. بەڵام بە هۆی لێهاتوویی وشیارییەوە، جیاوازییەکی کە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئاژەڵەکانیتر دا بوویەتی ئەوە بووە

که بۆ هەموو شتێك پرسیاری داڕشتووە. لەوانەیە وشەی "بۆچی" یەك لە هەوڵین وشەکان بووبێت کە کەڵکی لێ وەرگرتووە و بەردەوام درێژەی بەو کارە داوە. لە بەیانییەوە تا ئێواری هەر پرسیاری داڕشتووە. "بۆچی هەتاو بە رۆژ دیارە و بە شەو نا؟ شەوانە هەتاو چی لێ دێ؟ بۆچی مانگ جارجارە باریکە کەمانێکە و جارجارە خڕ؟ با و بۆران چییان لێ بەسەردێ کاتێك بای نایە؟ و لە نەهایەتدا کێ ئەو هەموو شتەی دروست کردووە؟" لە هەموو ئەوانە گرنگتر مرۆڤ تەنیا پرسیاری دانەڕشتووە، بەڵکوو هەوڵی دۆزینەوەی وەڵام بۆ پرسیارەکانیشی داوە. لێرەوە و لەو قۆناغەوە کێشەکان هاتوونەتە گۆڕێ.

پرسیار داڕشتن خۆی کێشەیەکە و وەڵامدانەوەش کێشەیەکی گەورەتر. پرسیار کردن ساکارە وهەمووکەس دەتوانێ بپرسێ: "مەوز بۆ خوارە؟ بۆچی ئەستێرەکان چاو دەترووکێنن؟ دوای مردن ئێمە چیمان لی بەسەر دێ؟" بەڵام هەموو کەس ناتوانێ و لە توانایی دا نییە، وەڵامی پرسیارەکان بە دروستی و لە ڕێگای لۆژیکییەوە بداتەوە! مرۆڤی ساکار و نەزانی ئەوکات لە پرسیارداڕشتندا زۆر ئازا بوون، بەڵام لە وەڵامدانەوە دا زۆر وردبین و جیددی نەبوون. هەر وەك مرۆڤی ئەوڕۆیی بۆ ئەو کارە فانتازی و خەیاڵاتی خۆیان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بەکارهێناوە! ئەگەر وەڵامی پرسیارێکیان نەزانیبایە، شتێکیان بۆ دادەتاشی و دەیانگوت ئەوە وەڵامی پرسیارەکەیە (ئەگەرچی تەنانەت ئەوڕۆش ئەو هەڵسوکەوتە بەتایبەت لە پەیوەندی ئاییندا گۆڕانکارییەکی وای بەسەردا نەهاتووە!)

دەیهێنینە بارچاوی خۆمان کە ئەو کات "ڕاوچی و کۆوەکەر" لە ئەشکەوتێکی "سەردەمی بەرد" بە شێوەی کۆمەڵ ژیاون. مرۆڤە پیرەکان کە بە هۆی پیریی ئیتر نەیانتوانیوە بۆ ڕاو بچن، تەواوی رۆژ لە ئەشکەوتەکەدا بە تەنیا بوون و کاتێکی زۆریان بۆ بیرکردنەوە و دروستکردنی چیرۆکی خەیاڵی بووە و بەو هۆیە بە پێی سەردەم بوونەتە چیرۆك بێژی کۆمەڵەکەیان. کاتێك لە وەرزی سەرمادا لە دەوری ئاگر کۆبوونەتەوە و باس و خواستیان لەسەر پرسیارەکان لە مرۆڤە پیرەکان

کردووه، بۆ وێنه: "بۆچی هەتاو به ڕۆژ دێت و شەوانه خۆی دەشارێتەوه؟" پیرەکانی کۆمەڵ وەڵامیان داوەتەوه :

"ئاخ کوڕی خۆم، وەڵامی ئەو پرسیاره زۆر ساکاره. هەتاو له ئاسمان چەرخێکی ئاگرینه. ڕۆحی هەتاو سواری دەبی و لەو سەرەوه سەیری ئیمه دەکات. ڕۆحەکه شەوانه چەرخەکەی دەشارێتەوه و خۆی دەخەوێ. لەوانەیه ئەگەر جارێك ئیتر حەوسەلەی لەسەر نەبی یاخود تووڕه بێ، سواری چەرخەکەی نەبێ، هەتاو هەڵنایه و ئێمه له تاریکیدا دەمێنینەوه. ئەوه خۆ زۆر ڕوونه کوڕی خۆم".

"ئەی هاوار، ئەی هاوار" ئەوانیتر گوتیان. "ئەگەر ڕۆژ هەڵنەیه ئیمه چلۆن بچین بۆ ڕاو؟ له برسانه دەمرین!".

"همم، ئەرێ، وایه" چیرۆك بێژ گوتی. "ڕاستیەکەی منیش نازانم. بەڵام ئیمه دەتوانین کارێك بکەین که ڕۆحی هەتاو بێ حەوسەله یا تووڕه نەبێ."

"چی دەتوانین بکەین؟" کۆمەڵەکه پرسیاریان کرد.

"زۆر ساکاره. سەرله بەیانی، ئەوکاتەی ڕۆژ دەیهەوێ بێته دەرێ، هەمووومان دەچینه سەر لووتکەی شاخه بەرزەکه، که لەوێوه ئێمه به ڕۆژ زۆر نزیك دەبینەوه، سروودێکی بەسەردا هەڵ دەڵێین. من دڵنیام پێی خۆش دەبێ و ورەی بەرز دەبێتەوه و حەوسەلەی دەبێ هەموو ڕۆژێك بێته دەرێ!

"چی؟ بەیانان زوو بەو سەرمایه وەسەر شاخ کەوین؟ ئەوه زۆر ناخۆشه! بەڵام هیچ ڕێگایەکیترمان بۆ نامێنێتەوه" هەر بەو شێوەیەی پیاوی پیری کۆمەڵ گوتی، زۆر به چالاکی لەمەبەولاوه هەموو ڕۆژێك دەچوونه سەر شاخی و سروودیان بەسەر ڕۆحی هەتاودا هەڵدەگوت.

بەڵام ئەگەر هەتاو ڕۆحی هەبێ و پێیخۆش بێ بەسەریدا هەڵبگوترێ، دەبێ "مانگ" یش ڕۆحی هەبێ. دیاره ئەویش پێخۆش دەبێ بەسەریدا هەڵ بڵێین. ئەوه بووه هۆی ئەوی ڕۆحی مانگیش سروودی بەسەردا

هەڵدەگوترا. ئەدی ئەستێرە بچووکەکان؟ خۆ دەبێ ئەوانیش رۆحیان هەبێ. رەنگە رۆحی ئەوان بە گەورەیی رۆحی هەتاو و مانگ نەبێ، بەڵام ... .

بەو شێوەیە ژمارەی رۆحەکان زۆر و زۆرتر دەبوونەوە. رۆحی تووڕەی هەورە تریشقە و رۆحی باوبۆرانیش هاتنە گۆڕێ. ڕووبارەکان، لێرەوارەکان و ... . کە وابوو ستایش و پێدا هەڵگوتنی سروشت هەوەڵین ریگا خۆشکەر بووە بۆ پێکهێنانی ئایین.

بە تێپەڕبوونی زەمان ژمارەی مرۆڤ لەم جیهانە زۆر و زۆرتر بۆتەوە و دیارە ژمارەی رۆحەکانیش بەرەو زۆریی چوون. رۆژێك لەڕۆژان چیرۆکبێژ کوتوپڕ گوتوویەتی: "ئەوە تەنیا رۆحی سروشتی نین کە بوونیان هەیە، بەڵکوو رۆحی تریش هەن"

"چی؟ رۆحی تریش هەن؟" بەشدارانی کۆمەڵ پرسیاریان کرد. چونکە لەڕاستیدا ئەوان رۆحیان خۆش نەدەویست و تەنانەت شەوانە کە وڵات تاریك دەبوو، خۆیان بە بەختەوەر نەدەزانی و هەمیشە ترسێکیان لە دڵ دا هەبوو.

"بەڵێ. بەڵی. رۆحی تریش بوونیان هەیە" چیرۆك بێژ گوتی.

"ئەتۆ لە کوێوە دەزانی کە رۆحیتریش هەن؟"

"من زۆر بە باشی لەبیرمە ئەو کاتەی راوچی بووم، ڕەوە بەورێکی ددان تیژ هێرشیان کردە سەرمان و ئێمە نەماندەزانی چۆن خۆمان لە دەستیان رزگار بکەین" ئەوکات رۆحی باب و باپیرانم بە سەبرا و لەبن گوێمدا پێیانگوتم : "بەسەر دارێك دا هەڵروسکێ و بە بێ دەنگ لەوێ دانیشە" بەهۆی رۆحی بنەماڵەکەم ئێمە رزگار بوین."

رۆحی هەتاو لەسەر هەتاو دەژی و هی مانگ لەسەر مانگ، ئەدی باشە رۆحی بنەماڵە دەبێ لە کوێ بژی؟ خەڵکی پرسیاریان لێ کرد.

ڕۆحی بنەماڵەی ئێمە لە لەشی بۆقێکدا دەژی. دیارە بۆقی وا ئاسایی کە لێرە دەیبینین نا، بەڵکوو بە قەرا تەپۆڵکێك گەورەیە. چاوێکی گەورەی لە ناوچاوانی هەیە و شاخێکی گەورەی زێڕیشی لەسەر سەرە. کاتی هێرشەکە من خۆم بە چاوەکانی خۆم ئەوەم بینی!"

بەشدارانی کۆمەڵەکە سەری خۆیان ڕادەوەشاند و دەیانگوت: "ئێمە بۆقی وامان تا ئەمرۆ نەبینیوە."

"سروشتییە کە نەتاندیوە" چیرۆك بێژ زۆر لەسەرخۆ گوتی. "بەڵام بە بڕوای من زۆر گرنگە هەرکام لە ئێوە لای بەردتاش بە دروستکردنی بدەن بۆئەوەی ئێوەش بیبینن."

بەشدارانی کۆمەڵەکە گوتیان: "کاتێك ئەو ڕۆحی بنەماڵەیی هەیەو ئەو ڕۆحە ئاگای لێی دەبێ، وادیارە ئێمەش هەموو دەبێ ئەو ڕۆحەمان هەبێ بۆ ئەوەی لە کاتی تەنگانەدا ئاگادارمان بن". لێرە بەولاوە هەرکام لە بەشداران بۆ ئاگاداری لە خۆیان "بوت"یان لە بەرد و دار و ... دروست کرد. لە کاتێکی زۆر کورتدا بە پێی فانتازی مرۆڤ وەك لەهەموو ئایینەکاندا دەبینین، هەزاران چەشن بوت دروستکران. بوت وەك فیلی مامووت، گورگ و دواتریش وەك ئاسکەکێوییەکی زێڕین. بوتی وا ساز دەکرا کە مرۆڤ هیچکات نەیبینیبوو. لەوە بەولاوە مرۆڤ لە پەنا ستایشی سروشت، دەستیکرد بە پەرەستینی بووتەکانیش. بەو شێوەیە بووت پەرەستی لە دایك بوو. خەڵکی کە باوەڕیان بە بووت پەیداکردبوو، پێیانوابوو بە ستایشکردنی ئەو بووتانە نەتەنیا لە بەرانبەر چەڵەمەکانی ژیاندا دەیانپارێزێ، بەڵکوو کاری تووڕەشی بۆ لەناوبردنی دوژمنان لە دەست دێ. کە وابوو ئەو کەسەی ناخۆشی و شەڕی لەگەڵ دراوسێکەیدا هەبوو داوای لە بوتەکەی دەکرد کە جیرانەکی بۆ بکووژێ یا زیانێکی پێ بگەیێنێت. بەڵام ئەوەشی دەزانی کە جیرانەکەش هەر وەك ئەو بوتی خۆی هەیە. ئەو مەترسییە بۆە هۆی ئەوی هەموو مرۆڤێک بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی بوتی بچکۆلانەی دروست کرد و لە دەستیان دەکرد یاخود بە ملیانەوە هەڵیانواسی، کە دواتر

به ناوی "تەلیسم" مەنشوور بوو و تەنانەت تا ئەورۆش ئەو کارە هەر ماوە و بە شێوەی خاچ و ... لە مل یا دەستیانی دەکەن.

خەڵکی لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە بە یارمەتیی "تەلیسم" و بە بانگ کردنی رۆح بە دەنگی بەرز بە شێوەیەکی جادوویی کارلێکەری لەسەر مرۆڤەکانیتردا دەبێت. کاتێك ئەو باوەڕە خۆی بڵاو کردەوە، زۆربەی بەشدارانی کۆمەڵ کاتی خۆیان بە سیحر و جادوو و ... ماندوو دەکرد. بەو شێوەیە بنکەی جادوو و سیحر پێکهاتن و پەرەیان پێ درا. لێرە بەولاوە بە ڕاشکاوی دوژمن بۆ مرۆڤ پەیدا بوو. بەو هۆیە هەموو کەس مەترسی تێدا پێکهاتبوو کە نەکا رۆحی تووڕەی ئەوانیتر زیانیان پێ بگەیێنێ. هەر کات کەسێک نەخۆش دەکەوت پێیان وابوو کە ئەوە رۆحی دوژمنەکەیەتی کە دەیهەوی زیانی پی بگەیێنێ. تەنانەت ئەوڕۆش ئەو خوڕافاتە لە چەند لە گۆشەکانی ئەم جیهانە هەر بەردەوامە.

سیحربازە گەورەکان پێیان وابوو کە بنەڕەتی خراپی و تووڕەیی لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی بوتەکاندایە. بەو هۆیەوە بە هێزێکی مەزنتریان بە خەڵکی ناساندن و ناوی خودایان لەسەر دانان. بەو شێوەیە ئایینی جۆراوجۆر کە چەندین خودایان هەبوو لە جیهاندا دروستکران. دواتر گەندەڵکاری بەڕێوەبەرانی ئایینەکان کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان تەنانەت خۆیان بە خودا دەزانی، بووە هۆی لابردنی ناوی خودا لە ئایینەکەیاندا وەك ئایینی بوودایی.

بە تێپەڕبوونی کات ژمارێکی زۆر ئایین پێکدەهاتن و هەروەها ژمارێکی زۆریش هەڵدەوەشانەوە. هەموو لایەنگرەکانیش ئایینی خۆیان بە بەرحەق و راستەقینەیە دادەنا.

مێژووی مرۆڤایەتی لە چەند قۆناغ پێکهاتووە. لە پێشدا سەردەمی ماجەراجویی "رووداو" کە کاتێکی زۆری خایاندووە. بەدوای ئەودا سەردەمی "باوەڕ"ەکان هاتۆتە مەیدان کە ئەوەش کاتێکی زۆری کێشاوە و ئەگەرچی چەشنەکانی، گۆڕانکارییان بەسەر دا هاتووە بەڵام تا ئەوڕۆش ماوەتەوە. هەروەك دەبیبنین ئەو سەردەمەش لە زۆربەی وڵاتەکانی جیهان وردە وردە

پەتەی ئایین دەکەوێتە سەر ئاو و سەردەمی بیر و باوەڕی لۆژیکی جێگای دەگرێتەوە. بە دۆزینەوە زانیارییەکان سەبارەت بە چۆنیەتی پێکهاتنی جیهان و بۆچوونەکانی داروین لەسەر گەشەسەندن بە گشتی و چۆنیەتی پێکهاتنی گیانلەبەران، زۆربەی نهێنییەکانی ئەم جیهانە بۆ مرۆڤ روون بۆتەوە. ئیتر سەردەمی ئەوە نەماوە کە خەڵکی بە وەڵامی فانتازی و خەیاڵی هەڵبفریوێنن. زۆربەی مرۆڤ چاوەڕوانی وەڵامی بە بەڵگە و لۆژیکین.

## مێژووی درۆی ئایین

*هەرکەس لەژیانیدا بەربەرەکانی بکات، ڕەنگەنەدۆڕێت*

*هەرکەس بەربەرەکانی نەکات، دۆڕاوە*

ساڵانێکی دوور ودرێژە ئایینەکانی یەهوودی و مەسیحی و دواتریش ئیسلام، بەتایبەت لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە مێژووی مرۆڤایەتییان بە خواست و بەگوێرەی بەرژەوەندیی خۆیان نووسیوە و کارلێکەرییەکی یەکجار زۆریان لەسەر مرۆڤ داناوە. زۆر لەمێژە بۆ ئێمەی مرۆڤ روونە ئەو ئایینانە بۆ سەلماندنی باوەڕ و بۆچوونەکانیان، گۆڕانکارییان بەسەر بەڵگە و نووسراوە مێژووییەکاندا هێناوە و بەساختەکاریی و بە پێچەوانە دەرخواردی مرۆڤیان داوە.

ئەگەر مرۆڤ بەوردی سەیری نووسراوە ئایینییەکان بکات، بۆی دەردەکەوێت کە لە باری دەروونییەوە ئاوێنەیەکە بۆ هەڵسوکەوتی مەلاکان، رابی و کەشیشەکان دژ بەمرۆڤ. زانست و وەڵامە لۆژیکە زانستییەکان سەبارەت بەدنیای دەوروبەر بەمەزنترین مەترسی لە بەرامبەر ئاییندا دەزانن. هەڵسوکەوت و مەبەستی مەلا، رابی و کەشیش و بەگشتی ئایین، ناڕازی ڕاگرتن و هەست بە بەختەوەر نەبوونی مرۆڤە. وشەی تاوان، تاوانبار، و خۆ بەتاوانبار زانین، هەست نەکردن بە مافی ژیانی سروشتی و... وشەگەلی لەو چەشنەیان دۆزییەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە بەرامبەر بۆچوونە زانستییەکاندا ڕاگرن. لە روانگەی ئایینەوە مرۆڤ نابێ سەیری دەرەوە، بەڵکوو تەنیا سەیری دەروونی خۆی بکات! ئایین دژی ژیربوون و روونبوونەوەی مروڤ سەبارەت بە دیاردەکانە! لە روانگەی ئایینەوە، مرۆڤ دەبێ وەك نەزان چاو لە دەوروبەری بکات یا

لەویش باشتر، ئیزنی چاو لێکردنی لێ زەوت بکرێ. مرۆڤیان وا بار هێناوە کە بەجێی ژیانی بەختەوەر، خوو بە ژیانی پڕ لە رەنج بگرێت و بە درێژایی ژیانی، خۆی تاوانبار بزانێ و هەست بە بەختەوەری نەکات و لە ترسی مردن و بۆ گەیشتن بە دنیای نادیاری ئەوان هەمیشە خۆی بە مەلا و رابی و کەشیش و ئایینەوە هەڵواسێ! بە بێ هیچ بناغەیەکی زانستی و لۆژیکی، مرۆڤیان وا ڕاهێناوە کە هێشتا چاوی بە دنیا نەکراوەتەوە دەبێ خۆی بەتاوانبار بزانێ و داوای لێبوردن لە خودا بکات! بەو تایبەتمەندییە نەرینیانەی لە مرۆڤدا پێکیان هێناوە گەورەترین هەڵەکارییان سەبارەت بە مرۆڤایەتی بەڕێوەبردووە، بۆ ئەوەی ڕاستەقینەی ژیان و خۆشیی ژیان لە مرۆڤدا بکووژن و لێی زەوت بکەن! تەنیا و تەنیا بۆ بەهێز ڕاگرتن و درێژەپێدانی ژیانی چەپەڵی خۆیان و ئەربابانی خوێنمژیان و زۆردارانی کۆمەڵگا، لە هیچ کارێکی دژ بە مرۆڤ ناسڵمێنەوە.

دیارە بۆ مرۆڤێکی لاواز کە هێزی بڕیاردانی لە ژیاندا کز بێت، تەنانەت لە روانگەی زانستیشەوە سەلمێندراوە کە باوەڕپێکردن بە دیاردەیەك یا تئۆرییەك دەبێتە هۆی گەشانەوە و لەسەرپێ راوەستانی مرۆڤ. بۆ وێنە ئێستا مێتۆدێك بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشییەکان، خۆ کز کردن یاخود وەلانانی جگرەکێشان دۆزراوەتەوە کە مرۆڤ بەهیپنۆتیزم و لەحاڵەتێکی تایبەتیدا باوەڕێکی تێدا پێکدێ، کە دەبێتەهۆی وەلانانی ئەو عادەتانە یا تەنانەت چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان. جێی سەرسووڕمان ئەوەیە کە ئەو میتۆدانە بەڕاستی ئەزموونی ئەرێنیشیان دەبێ، بەمەرجێك کەسەکە خۆشی هاوکاریی بکات. هەر وەك هەمووومان دەزانین ئەگەر مرۆڤ ئەو بارودۆخە نەسەلمێنێ و هاوکاری نەکات، هیچکات ئەو هیپنۆتیزمە کارلێکەریی نابێت. باوەڕ بەئایینیش هەر هەمان شتە. کەسێك لە ژیانیدا هێزی بڕیاردانی هەبی و بەچاوی کراوە سەیری دنیا بکات هیچکات مەلا و کەشیش و ئایین و ئیدئۆلۆژییەکانیتر ناتوانن بەلاڕێیدا ببەن و بۆ مەبەستەکانی خۆیان کەڵکی لێ وەربگرن.

ئەو نووسراوەیە، وەك دڵۆپە ئاوێکە بەسەر دنیایەك ئاوردا. بەڵکوو بتوانین بە لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ئەو بابەتە پەردە لەسەر یەکێک لە گەورەترین ساختەچێتییەکان و هەڵەکارییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی هەڵبگرین. بەپشت بستن بە مێژووی ڕاستەقینە، زۆربەی مرۆڤە پیرۆزەکانی ناو مێژوو پووچەڵ دەکرێنەوە و دەبینین کە نەتەنیا پیرۆز و متفەرك نەبوون بەڵکوو تەنانەت کڵاویان لەسەر خەڵکی ساکاری ئەودەم داناوە و تەنیا بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی خۆیان کەڵکیان لێوەرگرتوون. نەوەی نوێی ئێمە و بەتایبەت لاوانی کورد دەبێ ئەو هەڵەیان بۆ هەڵکەوێ بەپشت بەستن بە مێژووی ڕابردوو و ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی، خۆیان لەو درۆ و دەلەسانەی کە بە زۆریی بەسەر مێژوودا سەپێنراوە و بەناوی ڕاستەقینەدەرخواردی خەڵک دراوە، ڕزگار بکەن.

ساڵیانی درێژە بەو تورەهاتەیان چاوی مرۆڤیان وا چەواشە کردووە کە بەزەحمەت دەکرێ درۆ لە ڕاستەقینە جیا بکرێتەوە. ئەگەر بەو لێکۆڵین و پشکنینانە گەورەپیاوانی ئەوکاتی مێژوو ئێستا بەخوێڕی و درۆزن ناوئەبرێن و تەنیا پسدانێکی پڕ لەهەوا زیاتر نەبوون، جێی سەرشۆڕییە بۆ خۆیان و بۆ ئەو ئایینەی وا پشتیوانیان بووە. ئێمەش بەبێ ئەوەی بەزەییمان پێیان دابێ، ڕسوایان دەکەین. بەداخەوە فەرهەنگێکی درۆی پاڵەوان دروستکەریان لە چوارچێوەی ئاییندا بەسەر کۆمەڵگا وا بڵاوکردۆتەوە کە چاوی زۆربەی مرۆڤیان پێ کوێر کردوە و لە جیاتی گرتنەبەری ڕێگای لۆژیکی و زانستی و ڕاستەقینە و گەیشتن بە بەختەوەری، بەکوشتن و لەناوبردنی خۆشیی ژیان، ڕێگای بەدبەختی و باوەڕ بە جندۆکە و دێو و پاڵەوانی خەیاڵیان لەناو ژیانیاندا پەروەردە کردووە.

کاتێك "کارلی مەزن" (قەیسەری ڕۆم 800ی زایینی) بەپشتیوانی واتیکان چوارهەزار کەس لە باشترین مرۆڤەکانی "زاکسن" [ناوچەیەکی ئاڵمان] دەکووژێ، یا کاتێك بۆ تۆڵەسەندنەوەی دۆستێکی بەناوی "ڕۆلاند" 130 هەزار مرۆڤ، 130 هەزار ژیان لە "ئەبروو"دا (ڕووبارێکە لە ئیسپانیا) دەخنکێنێ، تەنیا و تەنیا دەتوانین نێوی سادیسمی

لێ بنێین. بەڵام سەیر ئەوەیە مرۆڤێکی ئاوا خوێنمژ لە لایەن کلیسا و پیاوە ئایینییەکان و واتیکانەوە بە پاڵەوان و نموونەی ناو خەڵکیی دەناسرێ. کاتێك ئێمە ئەو کارەسات و ڕووداوانە لە رۆمانێکدا دەخوێنینەوە دەبێ تەنیا بۆ ئەوە بێ کە بەهەڵسەنگاندن لەگەڵ بارودۆخی ئێستای ژیانی خۆمان کەڵکی لێوەرگرین و هەوڵی ژیانی ئاشتی لەگەڵ دەر و جیرانەکانمانی پێ بدەین.

لە مێژووی وڵاتانی ئوروپاییدا هاتووە: "لەشەڕی خاچپەرستەکاندا، واتە ئەو کاتەی کلیسای رۆم دژ بە موسوڵمانەکان لە ئوڕشەلیم شاڵاویان بۆ مەسیحییەکان بردبوو، بۆ کۆکردنەوەی هێزی شەڕکەر لە ئورووپا و ناردنیان بەرەو ئوڕشەلیم، کێشەیەکی گەورەیان لە باریماڵییەوە هەبووە." بەرپرسانی واتیکان ئەوکات فتوایانداوە: "ئەو مرۆڤانەی وا لە باری ماڵییەوە یارمەتیی ئەو هێرشە بکەن، خودا لە گوناهەکانیان خۆش دەبێ. تەنانەت ئەو مرۆڤانەی وا پارەی زیاتر بەکلیسا بدەن، خودا لەو گوناهانەی کە لە داهاتووشدا دەیکەن خۆش دەبێ و ئەگەر لەوەش زیاتر بدەن، گوناهی کەس وکار و خزمەکانیشیان دەبەخشرێ." من لێرەدا تەنیا پرسیارم ئەوەیە، ئایینێك کە بە پارە رێگا بۆ هەڵەکاری و کاری خراپ خۆش دەکات، ئایا دەبێ باوەڕی پێ بکرێت؟

دەتوانین بڵێین ئاسەوارناسیی لە بەینی دووهەمین و سێ هەمین شەڕی خاچپەرستەکان و لەوکاتەوە دەستی پێکردوە کە کەسێکی ئیسپانیایی بەناوی بنیامین توودێلا لە ساڵی 1160 بەسەفەر چووە ئیتالیا، یوونان، سوریە، میزۆپۆتامیا، ئێران و عەرەبستان و دوای 13 ساڵ گەڕایەوە. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێ، زۆربەی ئەو چالاکیانە و هەڵکۆڵینانەی سەبارەت بە ئاسەوارناسیی بەڕێوەچوون، لەژێر چاوەدێری کلیسا و واتیکاندا بووە کە نەکا شتێك بدۆزنەوە، بوونی ئایینی مەسیحی بخاتە مەترسییەوە.

دیارە بەربەرەکانی لەگەڵ بۆچوونێکی وا بەهێزی ئایینی کە ساڵیانی درێژە لە کۆمەڵگادا بانگاشەی بۆ دەکرێت و هەزاران کتێبی ئەستووری

لەسەر نووسراوە و لە منداڵییەوە لە قوتابخانەکاندا دەرس دەدریّ و وەك دارێکی پیر، بنچکی لە زەوی رووا‌وە و لەهەموو ئەوانەش گرنگتر پشتیوانی حاکمان و زۆردارانی جیهانی کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەچەکی ئایین مرۆڤیان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیان گرتووە، زۆر کارێکی ساکار نییە. زانایان دەڵێن زۆربەی مرۆڤ لەژێر گوشاری کۆمەڵگا و دەوروبەریدا مەجبوور بەسەلماندنی دابونەریت و بۆچوونەکانی نێو کۆمەڵگا دەکرێن. مێشک و باوەڕ و بۆچوونەکانیان شکڵ دەگرن و لەتەمەنی 30 ساڵ بەولاوە زۆر دژوار دەبیّ ئەو باوەڕانەیان لیّ بستێندرێتەوە. دیارە ئەوە نەتەنیا بۆ ئایین بەڵکوو بۆ هەموو ئیدیۆلۆژییەکانیتریش هەر ڕاستە. لێرەدا وەبیر قسەیەکی نیتچە دەکەومەوەکە دەڵیّ: *" هەرگیز پێمخۆش نەبووە لەنێو کۆمەڵدا بدوێم. لەوە ترساوم  کە نەکا خەڵکێک باوەڕم پیّ بکەن یان ببنە لایەنگرم."*

دیارە بەنووسراوەیەکی کورتی ئاوا ناکریّ بەربەرەکانی دابونەریتێك بکریّ کە هەزاران ساڵە مرۆڤی لەژێر باڵی خۆی گرتووە و وەك مۆتەکە سواری کۆڵی بووە. بەڵام بۆ روونکردنەوەی راستەقینەی مێژوو، لانی کەم دەبیّ بە شێوەیەك و لە جێگایەکەوە هەوڵ بۆ ئەو کارەبدرێت! ئەگەر پسپۆرانی مێژووناسیی لە ناوچەکانی خۆمان بوێرن و لەسەر ئایینی ئیسلام لێکۆڵینەوە بکەن، دڵنیام هەزار و یەك نارێکی تێدا دەبیننەوە. بەو هۆیەی لە وڵاتانی مەسیحی و بەتایبەت وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەورۆپا لەسەر ئەو بابەتانە باس دەکریّ و لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر کراوە، من لێرەدا چەند نموونەیەك سەبارەت بەو ساختەکارییانە کە تەنیا دڵۆپێك لە دەریایە، دەخەمە بەرچاوی خوێنەری کورد.

"جین هارویینوس" (1646-1729)ی فەرانسی وەك مامۆستای قوتابخانە لە پاریس کاری کردووە. لە ساڵی 1683وە بەرپرسی کتێبخانەی پاشایی فەرانسە بووە. بە مرۆڤێکی زۆر چالاک و پڕکار ناودار بووە. هەموو رۆژێك لە کاتژمێری چواری بەیانییەوە تا شەودرنگانێك کاری کردوە. لێکۆڵینەوەی لەسەر مێژووی مرۆڤ لە سەرەتاوە کردوە. جگە لە زانیاری و چالاکیی لە بواری ئایین، لە بوارەکانیتر وەك زمانناسیی و شوێنەوارناسیی و فەلسەفەی مێژوویی و سکەناسیی و... زۆر بەنێوبانگ بووە. ساڵی 1695 لەسەر رۆژی مردنی مەسیح کە لە مێژووی دنیای مەسیحدا تا ئەوکات بە رۆژی هەینی ناسرابوو، لێکۆڵینەوە دەکات و بۆی دەردەکەوێت کە ئەو رۆژە پێنج شەممە بووە نەك هەینی. کۆبوونەوەی مەسیحییەکان لە ساڵی 1687 سەبارەت بەو هەڵەیە، بووە هۆی کۆکردنەوەی نووسراوەکانی پێشوویان و بەیارمەتیی ماڵیی "لودویگ" شای سێزدەهەم سەرلەنوێ کتێبەکانیان چاپکردەوە، کە ئەوە هەلێکی باش بوو بۆ گۆڕانکاری هێنان و پێداچوونەوەبەسەر نووسراوەکاندا. ئەو کارە 28 ساڵی خایاند و لە ساڵی 1715 تەواو بوو.

"جین هارویینوس" لە ساڵی 1690دا، لە لاپەڕەی 81ی برووسکەیەکدا بەناوی:

*Heiligen Chrysostomus an den Mönch Cäsar* (Paris, 81 S.)

نووسیویە: زۆربەی کارە ئەنتیکەکانی نووسەرانی وەك: Cassiodor, Isidor von Sevilla, St. Justin Märtyrer و... سەدان ساڵ دواتر بە شێوەیەکی خەیاڵی و بە گۆڕانکارییەوە هەمدیسان نووسراونەتەوە و بڵاو کراونەتەوە. "جین هارویینوس" هەروەها لەو نووسراوەیەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە لێکۆڵینەوەکانی نیشان دەدەن کە ئەو کارە لە سەدەی سێزدەوە لە لایەن کەشیشەکان و بە چاوەدێریی بەرپرسانی کلیساوە بەڕێوەچووە. ئەوان

کاری کلاسیکی زۆربەی نووسەرانی ئەوکاتیان بەدەستکاریی کردن و نووسینی دووبارەیان، لە نێو ئورووپادا بڵاوکردۆتەوە. تەنانەت بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانیان گۆڕانکارییان بەسەر کارە هونەرییەکان و سکە لێدراوەکان و ئەنتیکەکارەکانی ئەو کاتیشدا هێناوە. دیارە بەهۆی ئەو کارەوە دوژمنایەتیەکی زۆری لە لایەن بەرپرسانی کلیساوە لێکرا و چەند لە کارەکان و نووسراوەکانی لە لایەن پارلەمانی فەرانسەوە یاساخ کرا. بەڵام دواتر کتێبەکان و نووسراوەکانی لە لایەن دادگای شتراسبۆرگەوە ئازاد کران. لە ساڵی 1766، لە ئینگلیز یەك لە کارەکانی ئەو نووسەرە بەناوی "قسەکردن لەسەر رەخنەی کۆنەنووسەران":
*Prolegomena ad censuram scriptorum veterum*
لەچاپ درا. بەداخەوە لێکۆڵینەوەکانی ئەو پسپۆڕە بۆ ماوەیەکی زۆر لەبیرچوونەوە بەڵآم هیچکات نەیانتوانی نوسراوەکانی بۆ هەمیشە لەنێو بەرن.

"رۆبێرت باڵداوف" یەکیتر لەو پسپۆڕانەیە کە لەسەدەی بیستەمدا لە زانستگەی باسلی سویس وەك پرۆفیسۆر کاری کردوە و خۆی بە کارێکی مەزن بەناوی *Historie und Kritik* "مێژوو و رەخنە" ماندوو کردوە کە ساڵی 1902 لە لایپتزیکی ئاڵمان دراوەتەدەرێ. ئەو لەو کتێبەیدا لەسەر *Gesta Caroli magni* کە سەبارەت بەکردەوی کارڵی مەزن دەدوێ و لە لایەن کەشیشێك بەناوی "نۆتکێر" کە لەساڵێ 900 دوای زایین دەبێ نووسرابێ، لێکۆڵینەوەی کردوە و دوای بە وردی سەیرکردنی ئەو کتێبە بۆی روون دەبێتەوە کە لەو کتێبەدا وشە و چەمك و زاراوەی وا بکارهێندراوە کە لەباری کاتییەوە زۆر درەنگتر باو بوون. بە واتەیەکیتر، ئەو کتێبە دەبێ دواتر دەستی تێوەردرابێ و گۆڕانکارییان بەسەردا هێنابی. لە بەرگی دووهەمی ئەو کتێبەدا کە"رۆبێرت باڵداوف" لەساڵی 1903 دایەدەرێ، کارە ئەدەبییەکان و شیعرە یوونانی و رۆمییەکان دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە و بە سەرسووڕماویەوە بۆی روون دەبێتەوە کە زۆربەی ئەو کارە ئەدەبییانە دەستکاریی کراون و وشە و چەمکی نۆیان هاتۆتە نێوەوە.

سێهەمین کەس کە لەو چەشن لێکۆڵینەوانەی کردوەکەسێکەبەناوی "ویلهێلم کام مایەر". لە نێوان ساڵەکانی 1890 تا 1900، لەدایکبووە. لە شاری توورینگێنی ئاڵمان مامۆستای قوتابخانە بووە. لەسەر بەڵگەو نووسراوەکانی

سەدەی ناوەڕاست لێکۆڵینەوەی کردوە. بە بڕوای ئەو، هەر نووسراوە یاخود بەڵگەیەك دەبی لانی کەم چوار تایبەتمەندی هەبێ بۆ ئەوەی بەبەڵگەبناسرێ. تایبەتمەندیی ئەو بەڵگانەیاخود نووسراوانە بریتین لە:

1. **"لەسەر چی نووسراوە؟"**
2. **"لە لایەن کێوە نووسراوە؟"**
3. **"کەی نووسراوە؟"**
4. **"لە کوێ نووسراوە"**

ئەو بۆی دەردەکەوێ کە ئەگەرچی لەساڵەکانی 1100 بەولاوە زانستی بیرکاری زۆر بەباشی کەڵکی لێوەرگیراوە و بۆ ئەو بۆچوونە بەڵگە زۆرن، بەڵام زۆربەی بەڵگە ئایینیەکانی سەدەی ناوەڕاست رێکەوتی تەواویان پێوەنییە، یاخود تەنیا ئاماژە بەساڵ یا سەدە کراوە و ئەو تایبەتمەندییانەی بەڵگەکان دەبێ هەیانبێ، هیچی لەبەر چاو نەگیراون و هەر لەگۆترەو بە بێ ئەوەی سەلماندرابێ، دەرخواردی خەڵکییان داوە. ئەو چەشن بەڵگانە لە باری یاساییەوە بێ کەڵکن.

"بروونۆ کرووش" یەك لە پسپۆڕانی بەتواناى دیکەیەکە بۆ وێنە لە نووسراوەی *fränkischen Diplomatik* (1938, S. 56) دا لەسەر لێکۆڵینەوەی بەڵگەی مێژوویی بە سەرسووڕماویەوە بۆی روون دەبێتەوە کە لەو کتێبەدا لە جێگای جۆراوجۆردا وشەکان چاپ نەکراون و جێگا بۆ دواتر نووسینی وشەی پێویست خاڵی هێشتراونەتەوە. ئەو دەڵێ لەماوەی چەند ساڵ پشکنینی سەبارەت بە بەڵگە ئایینیەکان ژمارەیەکی یەکجار زۆر هەڵە و نا ڕێکوپێکی و گۆڕانکاریی و ... دۆزیوەتەوە.

لێرەدا رەنگە بۆ خوێنەر ئەو پرسیارە بێتە پێش ئەو هەموو بەڵگە گۆڕدراوانە کە بە تەکنیکی سەردەمییانە بە ساکاری رەسەن نەبوونیان دەسەلمێندرێ، چ مانایەکی دەبێ هەبووبێ جگە لەوەی تەنیا مەبەستیان دەستێوەردان و پێچەوانەکردنەوەی مێژوو و بەلارێدا بردنی مرۆڤ نەبووبێ. بەداخەوە لێکۆڵینەوەی زۆربەی ئەو پسپۆڕانە لە هەموو بوارەکاندا تەنیا ئەوە دەسەلمێنێ کە ئایینییەکان بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی خۆیان بە تەواوی هێزەوە دەستکاری و گۆڕانکاریان بەسەر مێژوودا هێناوە.

ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەیری کتێبە ئایینیەکان بکات بۆی دەردەکەوێ کە هێندە کەسایەتی پیرۆزی ئایینیی و پاڵەوان و شەهیدیان خوڵقاندووە کە لە کتێبخانەیەکی گەورەدا جێیان نابێتەوە. سەبارەت بە مێژووی کەسایەتییەکی مەسیحی بەناوی "Pius I" بەشێوەی فانتازی و خەیاڵی لەکتێبی "مێژووی کلیسا VI, 23"دا ئاوا هاتووە:

"21 سکرتێر، واتە نووسەر بۆ نووسینەوەی وتەکانی "Pius I" هاوکاریان کردووە. ئەو 21 کەسە بەسەر سێ نۆبەدا دابەشکران و هەر کامیان بۆ ماوەی هەشت کاتژمێر کاریان کردووە، و کەسایەتییە ئایینییەکە بەبێ پسانەوە و خەوتن و پشوودان، بەردەوام دواوەو، ئەو نووسەرانەش وتەکانیان نووسیوەتەوە! نووسراوەکان بریتین لە شەش هەزار کتێب کە لە وانە یەکیان "ئینجیل"ە. نۆبەی کاریان بەو شێوەیە بوو: "هەشت کاتژمێری بەیانی 7 گەنج، 8 کاتژمێری ئێوار7 پیاوی بەئەزموون و 8 کاتژمێری شەوانەش 7 کچی باکرە هاوکارییان کردوە" (دیارە کچەکان بۆ شەوکار). ئەو سێ گرووپە کەسییە هەموویان ئەو وتانەی وا پیاوی ئایینی فەرموویە، نووسیویانەتەوە. جا دیار نییە بۆ چی بۆ نووسینەوە بە 7 کەس پێویست بووە، کاتێك هەموویان پێکەوە دەبێ هەر شتێکیان نووسیبێتەوە!؟"

ئەو پاڵەوانە خەیاڵییە کە بە پێی گێڕاوەکان دەبێ 157 ساڵ دوای زایین مردبێت، روون بۆتەوە کە لە ساڵی 1460 دوای زایین لەلایەن پاپای کاتییەوە "Pius II" هاتۆتە ناو مێژووی دنیای مەسیحەوە.

تەنانەت سەبارەت بە یەکەمین بەڵگەکان بۆ سەلماندنی ئایینی مەسیحی هیچ بەڵگەیەکی بایەخدار بوونی نییە جگە لەوەی کە دەگێڕدرێتەوە گوایە پیاوێکی ئایینی و قەشەی کلیسای سووریە بە ناوی "ئیگناتیوس" لە ساڵی 110ی زایینی بەدەستبەسراویی بۆ رۆم هێنراوە کە لەوێ بە تاوانی باوەڕی بەعیسا و ئایینی مەسیح بکووژرێ. گۆیا لە رێگا ئیزنی پێدراوە کە پیاوە ئایینیەکانی تر ببینێ. لە رێگای سووریەوە تا رۆم 7 برووسکە و نووسراوە لەخۆی بەجێ دەهێڵێ! دەبێ لەو نووسراوە و برووسکانە شەشیانی لە ئاسیای بچووك و یەکیشیانی بە قەشەیەک بەناوی "پۆلیکارپ" دابێ! ئەو برووسکانە تەنیا و یەکەم بەڵگەکانی ئایینی مەسیحییە بۆ 200 ساڵی سەرەتای زایین. لەو بارودۆخە سەیرتر کە مرۆڤ تەنیا پێکەنینی پێی دێ، ناوەڕۆکی برووسکەکانە. بە زمانێکی ناتەواو و بێسەروبن کە 210 ساڵ دواتریش پێداچوونەوەی بەسەردا هاتۆتەوە و هێندێک رێکوپێك کراوە، باس لە چوارخاچدانی عیسا کراوە و لەوێدا باسی "مرێم" دایکی

عیسا کراوە کە دەبێ لەخودا زگی پڕ بووبێت. سەرجەمی ئەو برووسکانە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی و زانستییان بۆ مرۆڤیان پێ نییە.
بەتایبەت لە ئوروپا سەرجەم نووسینی مێژووی ئەو وڵاتانە لە سەدەی ناوەڕاستەوە لە دەست پیاوە ئایینیەکاندا بووە. لێکۆڵینەوە و دۆزین لەسەر تەواوی ئەو بەڵگانەی کە لە سەدەی ناوەڕاستەوە نووسراون، کارێکی هەمەلایانەیە و لە توانای تاکدا نییە. تەنیا بۆ ڕاکێشانی سرنجی خۆێنەر من بەچەند نموونەیك ئاماژە دەکەم.

رۆزویتای خەڵکی " گیندرزهایم "، خوشکێکی ئایینیی ئاڵمانی

رۆزویتا یاخود "Hrotsuit " کە لە کاتی کۆندا بەو ناوە ناوبانگی هەبووە،(935-973) خوشکێکی ئایینیی کلیسای "گیندرزهایم" بووە لە نیزیکی شاری "براونشوایگ"ی ئاڵمان ژیاوە. وەك یەکەم ژنی شاعیری ئاڵمانی ناسراوە و لە سەدەی ناوەڕاستدا بە زمانی لاتینی شیعرەکان و دراماکانی خۆی بڵاوکردۆتەوە. سەبارەت بە چۆنیەتی ژیانی رۆزویتا هیچ بەڵگەیەک جگە لە نووسراوەکانی بەزمانی لاتینی لە دەستدا نییە.

رۆزویتا لە دراماکانیدا ئاماژەی بەچەند رووداو کردوە کە باس لێکردنی بۆ ئەو کات زۆر نامۆ بوون. وەك:
"ئاماژە کردن بە رووداوی کوڕێکی جوانی 10 ساڵە بەناوی پێلاگیوس کە نەیهێشتووە وەك مەسیحییەك لەلایەن خەلیفەی موسوڵمان "عەبدولرەحمان"ی سێهەمەوە دەستدرێژی سیکسی پێبکرێ و بەو هۆیە خۆی کوشتبێت."
یا:
"ئاماژە بە کەسێك بەناوی کالیماشوس کراوە کە تەنانەت لە لاشەی مردووش خۆش نەبووە و دەستدرێژی سیکسی پێ کردوون".
نووسراوەی کلاسیکیشی بووە وەك: ئابراهام و پاپهۆتیوس "*Abraham* und *Paphnutius*" کە لەوێدا باس لەسەر هاتوچووی فەقێ مەسیحییەکان و کەسایتییە ئایینییەکان بۆ قەحبەخانە دەکات.
لەهێنندێك لە شیعرەکان و دراماکانیدا باس لەسەر هەڵسوکەوت و بارودۆخی ژیان لە سەردەمی پاشاکانی ئۆتۆی یەکەم و دووهەم و هەروەها کلیسا و فەقێ مەسیحییەکان دەکات کە لە هیچ کتێبیکی مێژووییدا باسی لێ

نەکراوە. بەداخەوە ئەوکات نووسراوەکانی لەبیرچوونەوە و نیزیکەی پێنج سەدە دواتر و لەساڵی 1501ی زایینی لەلایەن کەسێك بەناوی "کۆنراد کێلتێس"ەوە زیندوو کرانەوە.

هەموو نووسراوەکانی لەلاتینەوە بۆ ئاڵمانی وەرگێردراونەوە. مرۆڤ هەست بەوە دەکات کە ژنێکی ئایینی لە سەردەمێکی ئاڵۆزی ئەوکات دەبێ بەو بۆچوونانەیەوە زۆر بە تەنیا بووبێ کە تەنانەت بۆ سەردەمی رێنسانسیش شتێکی پێشکەوتوو بووە.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا کەسێك بەناوی "یۆزێف ئاشباخ" پەردە لەسەر زۆربەی نووسراوەکانی رۆزویتا هەڵدەگرێ و بۆی روون دەبێتەوە کە بەشێکی زۆری ئەو نووسراوانە بەتایبەت ئەوانەی وا لەسەر شا ئۆتۆ و فەقێ مەسیحییەکان و کلیسای ئەوکات نووسراون بەپێی شێوەی نووسینەکان دەبێ لەمێشکی پیاوەوە سەرچاوەی گرتبێ و جیاوازی لەگەڵ شێوەی نووسراوەکانیتری رۆزویتا هەیە. دواتر روون دەبێتەوە کە لە ساڵی 1490 بەولاوە هەر هەمان "کۆنراد کێلتێس" کە لەسەرەوە باسمان کرد، ئەو نووسراوانەی نووسیوە و بەناوی رۆزویتا بڵاوی کردوونەتەوە.

کەری زێڕین:

کەری زێڕین کارێکی کلاسیکی ئەدەبییە کە گوایە دەبێ لە ساڵی 400 دوای زایین نووسرابێ. ناوەڕۆکی کتێبەکە زۆر سەیرە و باس وگێڕاوە و ڕەوایەتی جادوو و سیحر و بەگشتی چیرۆکێکی خەیاڵییە. بەڵام کاتێك مرۆڤ بەوردی سەیری ئەو نووسراوەیە دەکات شتی وای بەرچاو دێت کە لەگەڵ ئەو کاتەی کە دەبێ نووسرابێت، شێوەی نووسینەکان و ناوەڕۆکی تەوەرەکان، یەك ناخوێننەوە. بۆ وێنە رەوایەتێکی ئەفریقایی تێدا گونجاندراوە کە بۆ ئەو کات هیچ جێی باوەڕ نییە. یا باس لەسەر ژنی جادووگەر و سووتاندنیان دەکرێ، کە ئەو کردەوە ناشایستە لە سەدەی 14 بەولاوە بەڕێوەچووە و لەلایەن ئایینیەکانەوە ئەو ژنانەی کە تەنیا بەرگرییان لەمافی خۆیان کردوە و دەنگیان بەرزکردۆتەوە، بەناوی سێحرباز یاخود ژنی جادووگەر سووتاندویانن!

یەك لە بەنێوبانگترین ساختەکارییەکانی دنیای کاتۆلیك بەڵگەیەکە بە زمانی لاتین کە گۆیا دەبێ چوارسە دساڵ دوای زایین لە رۆم نووسرابێ. ناوەڕۆکی ئەو بەڵگەیە کە ستراتێژی نوێی کلیسای کاتۆلیکەکان

بووە بۆ درێژەدان بە ژیانیان، ئیزنی بەفەرمی ناسینی واتیکانە و لە لایەن "قەیسەر کۆنستانتین"ەوە مۆرکراوە. دوای لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بەڵگەیە روون دەبێتەوە کە دەبێ ئەو نووسراوەیە 800 ساڵ دوای زایین لە لایەن سکرێتری پاپای کاتی (پیکۆ لۆمینی) بەناوی "والا لۆرێنچۆ"وە نووسرابێ. روونبوونەوەی راستنەبوونی ئەو بەڵگەیە لە ساڵی 1056 بووە هۆی جیابوونەوە و دوو بەش بوونی کلیسا لە رۆم.(لاپەڕەی 142، Illig 1996)

نموونەیەکیتر لەو ساختەکارییانە، بەشی 33ی کتێبی *Monumenta Germaniae Historica* یە، کە کەسێك بەناوی "نیمیتس" ساڵی 1991، نووسیویە و سەفەری پاپای لە فەرانسەوە بۆ ناوچەکانی "لامباردای باکووری ئیتالیا" لە ساڵی 1132دا نیشان داوە. لە 80 برووسکەی کە گۆیا لەو سەفەرەدا لەخۆی بەجێهێشتوە، تەنیا 3یان رێکەوتیان لەسەر نووسراوە و بەتایبەت یەکەم برووسکە کە دەبێ زۆر گرنگ و بروسکەی سەرەکی بووبێ، کەچی ئەویش رێکەوتیی لەسەر نییە. بەو هۆیە هەموو 77 بروسکەکەکانی تر پوچەڵ دەبنەوە و بایەخی مێژووییان نامێنێ. بەڵام لەوانەش گرنگتر ناوەڕۆکی برووسکەکانە کە گۆیا دەبێ لە ساڵی 1132دا نووسرابن. سەرەڕای هەموو هەڵە و پەلەکان و ناوەڕۆکی بابەتەکە کە هیچی بۆ مرۆڤ لەباری مێژووییەوە پێ نییە، بە زانستی ئەمڕۆی ئێمە زۆر بەساکاری دەکرێ بسلمێندرێ کە ئەو برووسکانە دەبێ زۆر دواتر نووسرابن. ئەو لە لاپەڕەی 31دا بەهۆی دژ و پێچەوانەبوونی نووسراوەکان ئاماژەی بە پرۆژەی لەناوبردن و دەستتێوەردانی بەڵگە مێژووییەکان لە سەرەتاکانی سەدەی پازدەوە لەلایەن واتیکانەوە کردوە. بە شێوەیەک کە مرۆڤ مێژووی داهاتووی بەپێچەوانە و گۆڕانکارییەوە پێ بناسرێ.

لە مێژووی ئورووپادا کە باس لەسەر رەگەزی "ژرمەن یان گێرمان" دەکرێ، بە ڕاشکاوی وەك نەتەوەیەکی وەحشی و دڕەندە و بەربەر لەکتێبە مێژووییەکاندا باسی لێ دەکرێ. دوای لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو

بۆچوونە سەبارەت بە وەحشی بوونی گێرمانەکان روون دەبێتەوە کەبەهۆی بەپیت و بەرەکەتبوونی ئەو ناوچەیە، بۆ داگیرکردنی لە لایەن رۆمییەکان و شەڕی پەیتا پەیتای نێوان رۆمییەکان و گێرمانەکان و دیارە پشتگری کلیسا لەرۆمییەکان، ئەو ناوەیان وەک تاوان بۆ دۆزیونەتەوە تا لەبەرچاوی خەڵکییان بخەن و کوشتنیان بە رەوا بزانن. بۆ نەتەوەیەکی کە ئەو هەموو ئەدیب و هونەرمەند و فەیلەسووف و ... لێ هەڵکەوتووە، دەبێ کارلێکەری ئایین چەند لەسەر خەڵکی زۆر بووبێ کە تەنانەت زۆربەی مێژوو نووسانی ئەو کات بەهەڵە دانیان پێناوە. دیارە بۆ ئێمەی نەتەوەی کورد ئەو چەشن هەڵبەست و تاوانانە زۆر نائاشنا نییە و بەدرێژایی مێژووی خۆمان دەیان نموونەمان هەیە کە لەلایەن نەیارانی نەتەوەکەمانەوە بۆمان هەڵبەستراوە. ئەوەش یەك لە گەورەترین چەکەکانی ئەوکات و تەنانەت ئەورۆشە، کە بۆ ناحەزکردنی نەتەوەیەك یاخود کەسێکی ناوداری نێو کۆمەڵگا، قسە و باس و تاوانیان بۆ هەڵبەستن.

کتێبی ئینجیل کەی نووسراوە؟

هەر وەك بۆ پسپۆران و کۆنەناسان و تەنانەت بۆ خودی ئایینیەکانیش روونە، پێنج کتێبی تەورات هەزارساڵ دوای موسا نووسراون. بەشێوەیەکی خەیاڵی و فانتازی دوای هەزارساڵ ئەو کتێبانەیان بەموسا لکێندراوە کە هیچ فڕێکی بەوەوە نییە. دواتر سێ سەد ساڵ پێش زایین، 72 جوولەکەی پسپۆر ئەو کتێبانەیەن وەرگێڕاوەتە سەر زمانی یۆنانی. لەسەر نووسین و رێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئینجیل، نووسراوە و گێڕاوەی بێ بەڵگە و نەسەلمێندراو زۆرن، بەڵام ئەوەی بۆ زانایان و شوێنەوارناسان روونە بۆ یەکەم جار لە سەدەی 12 بەولاوە دەبێ ئەو کتێبە لە لایەن مەسیحییەکانەوە بەهۆی بەربەرەکانی و سەلماندنی ئایینەکەیان لەبەرامبەر جوولەکەکان و موسوڵمانەکان کە هەردووکیان بە کتێبەکانی تەورات و قورئان تەیار بوون، نووسرابێ. ئەو کات جوولەکەکان کتێبی خۆیان هەبوو و موسوڵمانەکانیش تازە قورئانیان نووسیبووە و قاویان دابوو کەئیسلام تەنیا ئایینی سەرەکییە و تەنیا یەهودی و مەسیحی و زابێرەکان

که له ناوچەی یەمەنی ئەمڕۆ دەژیان بەدیندار دەناسرێن و ئەوانیتر هەر هەموویان بێ دین و دوژمنن. بۆ رازیکردنی لاینگرەکانیان لەباری دەروونیشەوە ئەگەر بووبێ، دەبوو مەسیحیەکان له بەرامبەر ئەو دوو بۆچوونه ئایینیه، کتێبێکی ئایینییان هەبێ و ئەوه بوه هۆی نووسینی ئینجیل له سەدەی 12بەولاوە. زۆربەی ناوەڕۆکی ئەو کتێبه ئایینییه گێڕاوه و چیرۆکی خەیاڵین که زۆر پێشتر له کتێبه کلاسیکییەکان و لەلایەن ئەدیبانی ترەوه بڵاوکرابوونەوە. بۆ وێنه زۆربەی کارەکانی *Alexanderroman* (356 تا 323 پێش زایین) که له ئیسلەندەوه تا ئەندۆنێزیا ناوبانگی دەرکردبوو، له ئینجیلدا دووپات کراونەوە. بەشێکی زۆریش له چیرۆکه خەیاڵییەکان و گێڕاوەکان له تەوڕاتەوه وەرگیراون که ئەو رەوایەت و چیرۆکه خەیاڵییانه تەنانەت له قورئانیشدا دەقاودەق هەر هاتوونەتەوە.

رێکەوتی پێکهاتنی ئایینی ئیسلام

وەك "ئووەتۆپەر" لەکتێبی "مەزنترین چالاکی مێژووی دروستکراوی ئورووپا"دا باسی لێوه کردووە، تەنانەت لەسەر رێکەوتی پێکهاتنی ئایینی ئیسلام که گویا 632-622ی دوای زایین بووە، بەڵگەیەکی سەلماو بوونی نییە. "ئووه تۆپەر" لەو کتێبەدا دەڵێ:

" تاریخی پێکهاتنی ئایینی ئیسلام ناتوانی لەدوای632-622ی زایین بووبێ. بۆ ڕاگەیاندنی ئایینێکی که لانی کەم 150 ساڵ دەبێ بانگەوازی بۆ کرابێ، نابێ و ناکرێ ئاوا بەگورجی خۆی بڵاوکردبێتەوەو. بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونه له دوو بەڵگه کەڵك وەردەگرم. یەکەم له ناوچەی بەربەر و دووهەم ئێران. لەهەردووکیاندا دەبینین که پیش سەدەی 10 باس لەسەر ئیسلام هەر نەکراوە. لەوڵاتی بەربەر یا وڵاتی "Imasiren " (خەڵکێك بوون وەك عەرەب و فارس و یونانی و رۆمی ... [لەزمان "ابن خەلدوون"ەوه دەگێڕدرێتەوە])، تا 1059ی دوای زایین، واته کوتاییەکانی ئیمپڕاتۆڕی ڕۆمی بیزانسی تاکوو "بورغواطه" "Barghwata"، که دەکەوێته باکووری مەڕاکێش، دەکرێ ئایینی ئەو نەتەوەیه وەك پێش مێژوویەك بۆ ئایینی ئیسلام هەژمار بکرێ و له قۆناخه بەراییەکاندا شتێکی

تێکەڵاو لەگەڵ ئایینی جوولەکە و ئایینی بیزانسەکان بووە کە دواتر بە ئاشکرایی لەوانیش جیاواز دەبێتەوە و ئەو شتەی لێدەرهاتووە کە ئەمڕۆ بەناوی ئیسلام دەیناسین. کتێبی ئەو ئایینە بە زمانی بەربەر نووسرابوو. ئەوکات زمانی عەرەبی لە ناویاندا نەناسراو بووە. ئەگەر مێژوونووس "ابن خەلدوون" بۆخۆی ئەو مێژووەی نەنووسیبا، رەنگە باوەڕکردن بەوە زۆر دژوار دەبوو.

دووەم بەڵگە "*Rolandslied*"ە کە لەنێوان ساڵەکانی 1075 و 1110 نووسراوە و کاری ئەدەبی و هۆنراوەیی شاعیرێکی فەرانسەوی بەناوی "Turold، 1096" (تۆرۆلد)ە و دەگەڕێتەوە بۆ کاتی داگیرکردنی باشووری ئیسپانیا بەدەستی مەسیحییەکان. بۆچوونی ئەو کتێبە ئەدەبییە لەسەر ئایینی ئیسلام جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەو شتەی ئەمڕۆ دەیناسین. لەو کتێبەدا سێ ناوی خودا لەسەر ئایینی ئیسلام هاتووە:

1. محەمەد کەبەناویپێکهێنەری ئەو ئایینەهاتووە.
2. Apollin ئاپۆلین، کە رووحێکی شەیتانییە، و
3. "Tervagant" تێرواگانت، کە ئەورۆ زۆر نەناسراوە و یەك لەخودا لێرەوارەکانی نەتەوەی بەربەر بووە. ئەو خودایە ژن بووە و خەڵکانی باکووری ئەفریقاش باوەڕیان پێی بووە.

لە ئێران، سەلماندنی ئەو بۆچوونە کە ئیسلام زۆر دواتر لە زایین ناسێندراوە، چەسپاوترە. ساڵی 999 تا 1003 دەتوانرێ بۆ ناسینی ئیسلام ناوبنرێ ئەو کاتەی محەمەدی غەزنەوی بۆ ئایین قاو دەدا و سکەی خۆی لێداوە. ئەو کاتەی کارە ئەدەبییەکەی فردۆسی، "شاهنامە" بەناوبانگ بوو و لەوێدا سنووری لە باکوور بەناوی تووران و لە رۆژئاوا وەك وڵات و ئیمپڕاتۆڕی تورە و تاریکی ناو دەبردرێ. بەڵام ئەوکات لە ئێران جێگای ڕۆشنایی و تەنیا کولتوری ڕاستیی "ئاگر" واتە زەردەشت ناسراو بووە. کۆنترین نووسراوەی مێژوویی ئیسلامی لە ئێران بەزمانی عەرەبی کووفییە وهی ساڵی 955ی دوای زایینە، لە کاتێکدا مێژووی ئیسلام دەڵێ داگیرکردنی ئێران لە ساڵی 660ی دوای زایین کوتایی پێهاتووە.

بەپێی دوزراوەکانی شوێنەوارناسیی ئەو بۆچوونە زۆر لاواز دەنوێنێ. ئەو ئێرانیانەی لە دەست هێرشی عەڕەبەکان بۆ ناوچەی بۆمبەیی هیندوستان رایان کردوە و بەناوی "Zoroastrier" ناسڕاون ولایەنگری زەردەشت بوون، لە کتێبەمێژووییەکانیاندا نووسیویانە کە ئەو رووداوە نیزیکەی ساڵەکانی 1000دوای زایین قەوماوە."

## ئایین و ئەستێرەناسی

سەرچاوە : فیلمی "Zeitgeist"[1]

کارتێکەریی ئەستێرەناسی لەسەر پێکهاتنی ئایینەکان

هەرچەند مرۆڤ لەسەر چۆنیەتی پێکهاتنی ئەم جیهانە و ژیان لەسەر هەرد زیاتر لێکۆڵینەوە بکات و بە تایبەت زیاتر لە بۆچوونە ئایینیەکان ورد ببێتەوە، بەو ئەندازەیەش زیاتر فانتازی و چیرۆکی خەیاڵی ئەوانی بۆ دەردەکەوێ! زیاتر لە سێ هەزار ساڵە لە لایەن ئەنستیتۆ ئایینییەکانەوە درۆمان دەرخوارد دەدرێ. بە درێژایی مێژووی سەدەکانی رابردوو کۆمەڵگایان بەو درۆیانەی خۆیان بار هێناوە و رێگایان لێ گۆڕیون. یەک لە گەورەترین ئەرکەکانی ئێمە سەبارەت بەو ساختەکارییانە ئەوەیە کە دەبێ بە چاوی رەخنەوە سەیری ئایین و ئیدئۆلۆژییەکان بکەین. ئەزموونی چەند هەزارساڵەی رابردوو پێماندەڵێ، ئیتر بە هیچ چەشنێك نابێ گوتە و چیرۆکی خەیاڵی بێ بەڵگە بسەلمێنین. ئێمە دەبێ راستەقینە بزانین و وەدوای دۆزینەوەی راستەقینە بکەوین.

ئایین، زۆربەی مرۆڤی ناچار بە باوەڕپێهێنان بە کەسێك کردوە کە نابیندرێت! بە گوتەی ئەوان ئەو کەسە لە ئاسمانەوە سەیری خوارەوە دەکات و ئاگای لە هەموو کات و ساتێکی ژیانی گیانلەبەرانی سەر ئەم هەردە هەیە! رێگا و چۆنیەتی ژیانی بۆ دیاری کردون و ئەگەریش لەو رێگایە لادەن، بە هێزی ئیلاهی واتە بە بۆمەلەرزە و ئاگر و نەخۆشی و ... تۆڵەیان لێ دەکاتەوە! بەو چیرۆکە خەیاڵییەیان دووکانێکی گەورەی ئابووریيان لە هەموو گۆشەکانی ئەم جیهانە بە ناوی جۆراوجۆر کردۆتەوە کە رۆژ بە رۆژ زیاتر خۆیانی پێ دەوڵەمەندتر دەکەن.

ئەگەر چاوێك بە مێژووی رابردودا بگێرین و سەرنج بدەینە چۆنیەتی پێکهاتنی ئەو چیرۆکە خەیاڵییانە- بۆ وێنە سەبارەت بە کارتێکەریی هەتاو و ئەستێرەکان لەسەر مرۆڤ، بۆمان دەردەکەوێ کە لە دەهەزار ساڵ پێش

ئێستاوە سەرنجی مرۆڤ بۆ لای رۆژ و ئەستێرەکانی تری ئاسمان بە جیددی راکشاوە و مرۆڤ بەو راستیەی زانیوە کە بە بێ تیشکی رۆژ ژیان لەسەر ئەم هەردە نەگونجاوە. تیشکی هەتاو مرۆڤی لە سەرمای شەوانە و مەترسی ئاژەڵی دڕەندە لە تاریکدا رزگار کردوە. دنیای شارستانییەت بۆی روون ببۆوە کە بە بێ بوونی تیشکی هەتاو هیچ دانەوێڵەیەك بەرهەم نایەت. هەموو ئەو تایبەتمەندییانە دەبنە هۆی پەرستن و رێزلێگرتنی لە رادەبەدەری رۆژ لە لایەن مرۆڤی ئەوکاتەوە. پەرستنی هەتاو بۆتە هۆی سەرنجراکێشان و وردبوونەوەی مرۆڤ لە ئەستێرەکانی تری ئاسمانیش. هەر بەو هۆیەش ئەستێرەناسی و لەژێر زەڕەبینگرتنی ئەستێرەکان و پەیوەندیی و چەسپاندن و کارتێکەرییەکانیان لەسەر ژیانی مرۆڤ، لە زۆر زووەوە بۆتە پیشە و کاری زانایانی ئەو بوارە. تەنانەت ئەوڕۆش بە پێی ئامار، زۆربەی مرۆڤی سەر ئەم هەردە باوەڕیان بە نیشان و دروشمی مانگانەی ئەستێرەناسی واتە "بەخت بینی" هەیە.




ئەوکات هەتاو بە تایبەتمەندییەکانیەوە وەك گەرما و رووناکایی کە بە زەوی و گیانلەبەرانی داوە، لە لایەن مرۆڤەوە بە ڕادەی خودا و پێکهێنەر پەرەستش کراوە. بۆ وێنە یەکەمین خودای هەتاوی لە میسر نیزیکەی 3000 ساڵ بەر لە زایین بە ناوی "هۆرووس" پێکهاتووە.

به پێی دۆزراوەكان و بەردەنووسەكانی میسر و دەور و بەری، روون بۆتەوە كە ئەوكات مرۆڤ هەتاویان بە خودا داناوە و باوەڕیان لەسەر ئەوە بووە كە هەموو بەیانییەك خودای هەتاو بەسەر خودای تاریكی واتە "سێت" دا ، زاڵ دەبێ. هەموو ئێوارەیەكیش بە پێچەوانە خودای تاریكی، خودای رۆشنایی شكست داوە.



"هۆرووس" خودای هەتاو (رۆشنایی)




خودای رۆشنایی هەموو بەیانییەك بەسەر خودای تاریكیدا زاڵ بووە




ئەوەشمان نابێ لەبیر بچێ كە ئەگەر سەرنج بدەینە مێژووی رابردوومان، دەبینین دوو دیاردەی "رۆشنایی" و "تاریكی" یاخود چاكی و خراپی یا باش و تووڕە، وەك فەلسەفەی ژیان مێشكی ئەوكاتی مرۆڤ و تەنانەت بەشێك لە مرۆڤی ئەوڕۆییشی بەخۆوە سەرقاڵ كردووە. ئەوكات تاقمێكیش پێیان وابووە كە هەتاو چاوی راست و مانگ چاوی چەپی خودایە!

سەیر ئەوەیە کە چیرۆکی خەیاڵی زۆربەی ئایینەکان لە جێگایەکەوە سەرچاوەیان گرتووە. چیرۆکی خەیاڵی "هۆرووس" بەم شێوەیە بووە: هۆرووس لە 25 دیسامبردا لە کچێکی باکرە بەناوی Isis "ئیزیس" لە دایك بووە. لە دوازدە ساڵیدا بۆتە مامۆستای قوتابخانە. لە سی ساڵیدا کەسێك بە ناوی "Anubis" ئانۆبیس ناوی لێ ناوە. بەو شێوەیەی لە نووسراوەکاندا هاتوون، دەبێ چەندین ناوی بووبێت وەك: راستەقینە، رووناکایی، کوڕی خودا، شوانی چاك و زۆر ناویتر. 12 کوڕیشی بووە. نەخۆشەکانی چاك کردۆتەوە و پەرجۆی ئەوە بووە کە بەسەر ئاودا رۆیوە. لە چوار خاچیان داوە و دوای سێ رۆژ زیندوو بۆتەوە. ئەو تایبەتمەندییانەی مرۆڤی ئەوکات بۆ "هۆرووس"یان دروستکردووە، لە زۆربەی کولتورەکان و نەتەوکانیتریش دا هەر بە شێوەیەکی هاوچەشن بۆ دروستکردنی خوداکانیان کەڵکیان لێ وەرگرتووە:

خودای یوونانی بە ناوی "Attis" ئاتیس لە 25ی دیسامبردا لە کچێکی باکرە بە ناوی "نانا" لە دایك بووە. لە چوارخاچ دراوە و سێ رۆژ لە گۆڕیان ناوە و دوای ئەو سێ رۆژە دیسان زیندوو بۆتەوە.



ئاتیس

خودای هیندی بە ناوی **"Krishna "** کریشنا لە کچێکی باکرە بە ناوی "Devaki" دێواکی لە دایك بووە و چەندین کوڕی بووە و دوای مردنی هەمیسان زیندوو بۆتەوە.



کریشنا

**"Dionysos "** دیۆنیزوس خودای یونانی لە 25 ی دیسامبر لە کچێکی باکرە لە دایك بووە. مامۆستای قوتابخانە بووە. بە مەزنترین شا و تاقانە کوڕی خودا ناسراو بووە. پەرجۆی ئەوە بووە کە ئاوی کردووە بە شەڕاب. دوای مردنی هەمیسان زیندوو بۆتەوە.



دیۆنیزوس

"**Mithra**" میترا خودای گەلانی ئێران لە 25 ی دیسامبر لە کچێکی باکرە لە دایك بووە. 12 کوڕی بووە و دوای مردنی سێ ڕۆژ لە گۆڕیان ناوە و دوای سێ ڕۆژ هەمیسان زیندوو بۆتەوە. میترا بە خودای ڕووناکی ناودار بووە. ڕۆژی یەکشەممە ڕۆژی پەرستنی ئەو خودایە بووە.



میترا

بە سەیر کردنی ئەو نموونانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە تایبەتمەندی خودای زۆربەی نەتەوەکان وەك یەك بووە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە بۆچی؟ بۆچی زۆربەیان لە 25 ی دیسامبر و لە کچێکی باکرە لە دایك بوون؟ بۆچی تەنیا 3 ڕۆژ مردوون و دوایی زیندوو بوونەتەوە؟ بۆچی 12 کوڕیان بووە؟

هەر وەك دەزانین عیسای مەسیحیش لە 25 ی دیسامبر لە کچێکی باکرە بە ناوی ماریا لە دایك بووە. ئەویش مامۆستای قوتابخانە بووە. ئەویش 12 کوڕی لەگەڵ بووە. پەرجۆکەی ئەوە بووە کە نەخۆشی دەرمان کردوە و چاوی کوێری ساغ کردۆتەوە. بە ناوی کوڕی خوداش ناوی دەرچووە. لە چوار خاچ دراوە و دوای سێ ڕۆژ زیندوو بۆتەوە!

بۆ زانایان ئەوە ڕوونە کە لە کاتی زۆر زووەوە مرۆڤ سەرقاڵی سەیرکردن و لێحاڵیبوون لە ئەستێرەکانی ئاسمان و پەیوەندی و کارتێکەریی

و چەسپاندنیان بە ژیانی مرۆڤەوە بووە. زۆربەی ئەو تایبەتمەندییانەی ئەو کات مرۆڤ بۆ خوداکانیان دروست کردووە، دەگەڕێتەوە سەر بۆچوونیان لەسەر ئەستێرەناسی:

ئەستێرەی "سیروس" لە رۆژهەڵات، رووناکترین ئەستێرەیە کە شەوانە لە زەویەوە بینراوە و لە 25 ی دیسامبردا لەگەڵ سێ ئەستێرەی تر لە پەنای یەکدا خەتێکی راست پێکدێنن و ئەو بارودۆخە لە لایەن ئایینیەکانەوە وەك نیشانەیەکی ئیلاهی بۆ لەدایکبوونی زۆربەی کەسە ئایینییەکان هێناوەتەوە. ئەو سێ ئەستێرەیە کە تەنانەت ئەمڕۆش هەر وەك لە سەدەی کەوناراوە بە ناوی "سێ پاشا" مەنشوور بوون، ناو دەبرێن، کە لە کاتی کۆنەوە ئەو بارودۆخەیان لەگەڵ رووناکترین ئەستێرەی ئاسمان واتە "سیروس"، لە 25 ی دیسامبردا بە لەدایکبوونی رۆژ لێکدراوەتەوە.







دروشمی لە دایکبوونی ماریای دایکی عیسا "کچی باکرە" یە. هەر لە کاتی زووەوە کورتکراوی ناوی کچی باکرە پیتی "م" بووە. هەر بۆیە ناوی

دایکی عیساش وەك دایکی زۆربەی خودایان بۆ وێنە دایکی بوودا کە ناوی Maya"مایا" بووە، ماریا ناو نراوە.




دروشمی ئەستێرەی "کچی باکرە" بە "ماڵی نان" یش نێودەبرێت. بەو شێوەیە بووە کە کچێکی باکرە دەستەیەک گوڵە گەنمی بەدەستەوە بووە کە گەنمەکە نیشاندەری مانگەکانی ئاوگوست و سپتامبر واتە کاتی خەرمانانە. وشەی "بتلهەم" کە عیسای لێ لەدایك بووە، لە کاتی زوودا بەناوی "ماڵی سوور"، لەگەڵ ناوی "کچی باکرە" پێکەوە هاتووە و نیشاندەری جێگایەکی تایبەت بووە لە ئاسمان.



شتێكی سەرسوورهێنەرتر كە لە 25 ی دیسامبردا دەقەومێ ئەوەیە كە ڕۆژ كورتتر دەبێتەوە و هەواش ساردتر دەبێ و ئەوە بۆ مرۆڤەكانی كاتی عەنتیك مانای مردنی هەتاو بووە. لە 22 ی دیسامبردا، ڕۆژ بە نزمترین پلەی خۆی دەگات. هەتاو بۆ ماوەی 6 مانگ بەرەو باشوور جێگۆركێی دەكات و لەو ڕۆژە واتە 22 ی دیسامبر دا ، لای كەم بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە ڕوانگەی ئێمەوە كە لەسەر زەوین، ئیتر لە جێی خۆی ناجووڵێتەوە. لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا ڕۆژ لە پەنای چوارخاچی باكوور بە ناوی "Crux" كە بەهۆی ئەستێرەكان ئەو شكڵە دەگرێ، دەمێنێتەوە. لە 25 ی دیسامبر دا هەتاو یەك پلە ئەمجارە بەرەو باكوور دەكشێت، كە ئیتر لێرەوە ڕۆژ درێژ دەبێتەوە و گەرمای زیاتر بە زەوی دەدات. ئەوكات ئەو بارودۆخە، یانی نەجووڵانەوەی هەتاو بە مردنی هەتاو بۆ سێ ڕۆژ واتە لە چوارخاچدران و دوای سێ ڕۆژ زیندووبوونەوەی مانا كراوەتەوە.




عیسی و 12 كوڕی هاوڕێی، ڕەنگە یەك لە ڕوونترین نیشانەی ئەستێرەناسیی بێت. ئەوە ڕاستییەكی حاشا هەڵنەگرە كە ژمارەی 12 لە زۆربەی ئایینەكاندا دووپات كراوەتەوە.

بەخت بینی یاخود چوارخاچی ئاژەڵ كە بریتین لە 12 دروشم كە هەركامیان نیشانەی مانگێكی ساڵن و لەگەڵ ڕۆژدا هاتوون، بۆ زۆربەی ئێمەی مرۆڤ ناسراون و تەنانەت هەروەك لەسەرەوەش باسمان لێكرد،

زۆر كەس لە ژیانی رۆژانەیاندا وەك پێشگوویی و فاڵگرتنەوە باوەڕیان پێی هەیە. نیشانەی كورت كراوەكەی ئەوەیە:




چوارخاچی ئاژەڵ



نیشانەی كورت كراوەی چوارخاچ

ئەگەر سەرنج بدەینە نیشانە نیشانە كورتكراوەی چوار خاچ، دەبینین كە بازنەیەك لە دەوری خاچەكەیە. هەركات وێنەی مەسیح نیشاندەدرێت بازنەیەكیش لە دەوری سەری دەكێشنەوە. كە وابوو، مەسیحیان پێ هەتاو بووە. كوڕی خودا و رووناكایی جیهان. بەو بۆچوونەیان عیسا لەگەڵ هەتاو هەڵدەسەنگێنن، كە وەك ناوەندێك هەموو رۆژێك هەڵدێ و گەرما و رۆشنایی بە زەوی و مرۆڤ دەدا!



یەکیتر لە چیرۆکە خەیاڵییەکانی ئایین، گێڕانەوەی کەشتی نووحە. نووسراوەی گیلگامیش 2600 ساڵ پێش زایین نووسراوە. لەو نووسراوەیەدا باس لە سێڵاوێکی گەورە کراوە کە دەبێ ئاژەڵێکی زۆریش لەو کارەساتەدا بە کەشتی رزگار کرابن.




لە چیرۆکی مووسا دا هاتووە کە منالێك لە سەوەتەیەکدا دەخرێتە ئاوەوە بۆ ئەوەی لە مردنی رزگار بکەن. دواتر لە لایەن کچی شایەك دۆزراوەتەوە و وەك شازادە واتە کوڕی شا گەورەیان کردبێ. ئەو چیرۆکە هەر بە پتوونی لە دەمی زارگۆن پاشای ئاکادەکان نیزیکەی 2150 ساڵ بەر لە زایین گێڕراوەتەوە. هەر وەك دەزانین 612 ساڵ پێش زایینیش هەمان رەوایەت لە مێژووی هێرۆدۆتدا بۆ مادەکان گوتراوە.



هەروەها مووسا به "10 یاسا" کەیەوە ناسراوە، کە گۆیا لەسەر شاخێك لە لایەن خوداوە بۆ رێنوێنی مرۆڤ پێی دراوە. ئەو چیرۆکەش زۆر کۆنترە و پێشتر لە مووساش لەسەر شاخ ئەو کارە بەڕێوە چووە. لە هیندوستان ئەو کەسە ناوی "Manou" مانوو بووە. لە یوونان کەسێك بە ناوی "Minos" مینۆس لەسەر کێوێك بە ناوی "دیکتا" ئەو کارەی پێ سپێرراوە. لە میسر ئەو کەسە بە ناوی "Mises" میسس، ناو نراوە. نوکتەی سەیر ناوەکانن کە چەندە لێك نیزیکن. ناوەڕۆکی دە یاساکەش بە پتوونی لە کتێبێکی کۆنی میسر بە ناوی "کتێبی مردوو" هەڵگیراوە. بۆ وێنە بە قەرزوەرگرتن لە کتێبە میسرییەکە و بڕێك دەستکاریکردن ئاوایان نووسیوە:

| کتێبە میسری کۆن | 10 یاسای مووسا |
|---|---|
| من دزیم نەکردووە | تۆ ئیزنی دزیکردنت نییە |
| من کەسم نەکوشتووە | تۆ ئیزنی کوشتنت نییە |
| من درۆم نەکردووە | تۆ ئیزنی درۆکردنت نییە |

هتد ....

راستەقینە ئەوەیە کە سەرچاوەی کتێبی مووسا کە گوایە لە خوداوە پێی سپێرراوە، دەبێ فەرهەنگ و کەلتوور و ئایینی کۆنی میسر بووبێت. زۆربەی داب و نەریتی تری میسری وەك: تاوفە(نێو لێنان)، زیندووبوونەوە دوای مردن، لە کچی باکرە لەدایکبوون، لە چوارخاچ دران، خەتەنەکردن، کارەساتی سێڵاو و زۆربەی جێژنە ئایینی و بۆنەکان و ... هەر وەك خۆی و دەقاودەق لە ئایینە ئیبراهمییەکاندا دووپات کراونەتەوە.

له کۆتایی ئەو نووسراوەدا دەبێ بڵێم ئامانجی ئەو نووسراوەیە سووکایەتی یاخود بەکەمزانینی هیچ ئایین یا ئیدیۆلۆژییەك نییە و تەنیا مەبەست دۆزینەوەی راستەقینەیە. هیوادارم گەنجان لە داهاتوودا زیاتر لەسەر ئەو بابەتە کە بە بڕوای من زۆر گرنگە، لێکۆڵینەوە بکەن.

---

1. سەرچاوە : فیلمی "Zeitgeist"(بیر و شێوەی بیرکردنەوەی سەردەمی کۆن) فیلمێکی راپۆڕت و هەواڵە لە لایەن فیلمسازێك بە ناوی "پێتەر یۆزێف" وە ئامادە کراوە و لەسەر دنیای مەسیح و کارەساتی 11ی سپتامبری 2001 و هەروەها پەیوەندی مابەین سەرمایە و بارودۆخی ئابووری شەڕ دەدوێ. کە من لێرەدا تەنیا بەشی ئایینەکەیم هەڵبژاردووە.

# پشت ڕاستکردنەوەی تئۆری "گەشەسەندن[1]" ی داروین





## چارلز داروین

وەرگێڕ: نادر فەتحی (شوانە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی "ایران گلوبال"

www.iranglobal.info

---

[1] Evolution ''اثبات نظريه ی تکامل داروين''

به پانایی مەودای مابەینی ئاسمان تا قووڵایی ئیقیانووسەکان لەسەر ئەم هەردە، پڕە لە ژیانی ڕەنگاوڕەنگ. بۆ هەندێ مرۆڤ ئەو هەموو چەشن بوونەوەرە وەك پەرجۆ وایە و سەرسووڕهێنەرە. بەڵام ئایا زانست وەڵامێکی بۆ پێکهێنانی ژیانی ئەو هەموو بوونەوەرانە هەیە؟ تئۆری گەشەسەندن زیاتر لە 150 ساڵە لە لایەن ڕەخنەگرانەوە لەژێر پرسیار دایە. ئەوان پێیان وایە ئەو تئۆرییە پڕە لە هەڵە. ئەو ناکۆکییانە نیشانی دەدات کە دەبێ دەستی پێکهێنەرێك لە گۆڕێ دابێ. کێ ڕاست دەکات؟ ئێمە بەدوای دۆزینەوەی مەزنترین پرسیاری زانستین. ئایا داروین ڕاستی دەگوت یاخود هەڵەی کردوە؟

خەبات هیچکات ئاوا دژوار نەبووە. زۆر کەس پێیان وایە ئەو خەباتە وەك شەڕێك وایە، شەڕێکی ڕاستەقینە لە مابەین بۆچوونەکانی ئەم جیهانەدا! بەشێك لە بەشدارانی کۆمەڵگا بە گرنگی دەزانن کە لە پەنا تئۆری پێکهێنانی ژیان و ئەم جیهانە، فێربوونی تئۆری گەشەسەندنیش لە قوتابخانەکان بۆ منداڵان دابنرێت. کەسانێك دەڵێن: "پێکهێنان و هەر شتێکی لەو سەرتر، بۆی نییە لە قوتابخانە باسی لێ بکرێ!" زۆر کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە ژیان لەسەر گۆی زەوی هێندە ئاڵۆزە کە دەبێ پێکهێنەرێك ئەوی پێك هێنابێ! لە لایەکیتریشەوە زۆر کەس باوەڕیان بەوەیە کە سروشت لە توانای دایە  هەر چەشن ژیانێك بە بێ هیچ یارمەتیەك، پێك بێنێ! ماویەکی زۆرە لە مابەین مرۆڤدا لەسەر ئەو تەوەرە گرنگە دیالۆگ دەکرێ.

گەشەسەندن، وشەیەکی تاقانەیە- ڕوانگەیەك کە بە دژواری باوەڕی پێدەکرێت. ئەو تئۆرییە لە لایەن مرۆڤێکی پسپۆڕ و زانیارێکی بەناوبانگ بە ناوی "چارلز داروین"ەوە دانرا. تئۆری گەشەسەندن لە سەفەرێکی سەرنجڕاکێشدا لە دایك بوو. چارلز داروین عاشق و هۆگری سروشت لە ساڵی 1831 بۆ سەفەرێکی پێنج ساڵەی دەوری دنیا وەڕێ کەوت. لە ماوەی ئەو سەفەرەیدا ژمارەیەکی زۆر لە فوسیلی ئاژەڵەکان و گیا و بوونەوەرانی ژێر ئاو کۆ دەکاتەوە. کاتێك دوای سەفەرەکە بەرەو ماڵی

خۆی له لەندەن دەگەڕێتەوە، 22 ساڵی پاشماوەی ژیانی خۆی بەو تئۆرییەوە ماندوو دەکات کە چلۆن ئەو هەموو چەشن بوونەوەرە پێکهاتوون.

تەنانەت لە سەردەمی داروینیشدا زۆرێك لە زانایان دەیانزانی کە ئاژەڵ و گیا و گیانداران و بە گشتی مرۆڤێکی زۆر لەسەر ئەم هەردە ژیاون و لەناو چوون و بوون بە فوسیل. تاقمێك لەو ئاژەڵانە، سەیر و مەترسیدار بوون کە لە باری شکڵ و شێوازوە لە هیچکام لەو ئاژەڵانەی ئەمڕۆ لەسەر زەوی دەیانبینین، نەدەچوون! ئەوانیتر کە ناسراوتر بوون کەمێك لە ئاژەڵەکانی سەر زەوی دەچوون کە دەبوایە پەیوەندییەکیان لە نێواندا هەبایە.

ئایا ئاژەڵ و گیانلەبەران و گیاکانی ئەمڕۆ دەکرێ لە وەچەی ئەو فوسیلانە بن؟ ئایا بە پێی کات چەشنێك لەو ئاژەڵانە دەگۆردرێن و دەبن بە چەشنێکیتر؟ داروین پێیوایە "بەڵێ دەکرێ!" لە ساڵی 1859 ئەو بۆچوونەکانی خۆی لە کتێبێکدا بەناوی "سەرچاوەی چەشنەکان" بڵاو کردەوە. ئەو کتێبە دنیای وەجووڵە خست. لەو کتێبە دا داروین ئاماژەی بە سێ خاڵی گرنگ کردووە:

- **یەکەم،** ژیان زۆر کۆنە و لە سەدان میلیون ساڵ پێش ئێستاوە بەردەوام بووە.
- **دووهەم،** ژیان تەنیا لە یەك یا چەند چەشن ئۆرگانیزمی ساکار بە ناوی یەك خانە(تك سلولی) دەستی پێکردوە کە دواتر گەشەی سەندووە و بە پێی کات بۆتە هۆی پێکهێنانی ملیۆنها چەشنی ئاڵۆزی ژیان.
- **سێهەم،** تەواوی ڕەوتی پێکهێنانی ئەو چەشنانە، بە هۆی یەك لە هێزەکانی سروشتی بووە کە داروین ناوی *"هەڵبژاردنی سروشتی"* لێ ناوە.

بۆ ئەو کەسانەی ترسیان لە خودا هەبوو، ئەو ئەزموونەی داروین پێ گەیبوو، زۆر سەرلێشێوێن بوو. **"ژیان پێویستی بە پێکهێنەر نییە"!**
بەڵام ئایا داروین ڕاستی دەکرد؟
ئێمە گوتەکانی داروین بە زانستی ئەمڕۆ یەك بە یەك لە مەحەك دەدەین تا بزانین ئایا داروین ڕاستی گوتووە یا نا. ئەگەر تەنانەت یەك لەو گوتانەی

داروین لە تئۆرییەکەیدا گوتوونی راست نەبێت هەموو تئۆرییەکەی بەرەو نابوودی دەڕوات و پوچەڵ دەبێت و هەڵدەوەشێتەوە.

**سەلماندنی بەشی یەکەم:**

لەپێش هەمووشتێکدا، سەرنج بەرەو کاتی پێکهاتنی ژیان ڕادەکێشین. داروین نەیگوت کە دەزانێ ژیان چۆن پێك هاتووە بەڵکوو ئەو گوتی ژیان زۆر کۆنە. ئەو پێی وابوو کە ژیان سەدان ملیۆن ساڵە درێژەی هەیە. بەڵام زۆربەی دژبەرانی ئەو لەسەر ئەو باوەڕەن کە ژیان شتێکی تازەیە و خودا هەموو گیانلەبەرانی لە دەهەزار ساڵی رابردوودا دروست کردووە.
کێ راست دەکات؟ ژیان کەی پێکهاتووە؟

لە جێگایەکی زۆر دوورکەوتوو لە رۆژهەڵاتی وڵاتی ئوسترالیا کۆنە ناسان و زەویناسان بەدوای کۆنترین فوسیلی جیهانەون. فوسیل ئاسەوار و پاشماوەی بوونەوەرانێکن کە زۆر لەمەوبەر لەسەر زەوی ژیاون. زەویناسەکان دەڵێن: "دیاردەی سەرنجڕاکێش سەبارەت بەو فوسیلانەی لەو بەشەی زەوی دۆزراوەتەوە، ئەوەیە کە ئەو فوسیلانە کۆنترین بەڵگەن بۆ سەلماندنی ژیان لە زۆر لەمەوپێش". ئەوان دەڵێن: "ئەو شکڵە چینداراننە و شێوەی گومبەزیانەی تۆخەکانی زەوی لەو ناوچەیە تەنیا بە ئاسەوار و بافت (خانە)ی بوونەوەرانی بچووك پێکهاتوون".
بافتی سەرەکی یاخود خانەی پێکهێنەری بوونەوەران دەبن بە فوسیل. بەشێکی زۆر لەو باکتریانەی بە کۆمەڵ لە دەریادا ژیاون و دواتر مردوون، ئەو شێوە و شێوازە پێك دێنن. زیندەوەرناسان پێیان وایە کە هەموو چەشن ژیانی سەر ئەم هەردە لەو بوونەوەرە چکولانە یاخود ژیانە ئاساییانە پێك هاتووە، تەنانەت ئێمەی مرۆڤیش. زەویناسەکان دەڵێن: "کاتێك سەیری ئەو توێژەی زەوی دەکەین وەك ئەوەیە سەیری چەند پشت لەمەوبەر واتە بابی، بابی، بابی .... باب یا دایکی خۆمان دەکەین!
زانایان ئەرخەیانن کە ئەو ئاسەوارانە دەبێ هی گیانلەبەران بووبێ، چونکە تەنانەت ئەمڕۆش 6000 مایل دورتر و هەر لە رۆژهەڵاتی ئوسترالیا "کۆلۆن" یاخود جێگای ژیانی بەکۆمەڵی ئەو چەشن بوونەوەرانە بە زیندوویی لە ناو ئاوەکاندا هەر هەن و دەژین.
بڵێی تەمەنی کۆنترین فوسیلی دنیا چەندە بێت؟ ئایا هەر بەو شێوەیەی داروین گوتوویە هی چەند ملیۆن ساڵ لەمەو بەرن یا بە گوتەی دژبەرەکانی

داروین، تەمەنی ئەو بوونەوەرانە کەمە و لە 10 هەزار ساڵ زیاتر تێپەڕ ناکات؟ بۆ تێگەیشتن لەو تەوەرە زانایان لە شێوەیەکی بەئەزموون واتە دیاری کردنی تەمەنی بەردەکان یاخود تۆخەکانی زەوی کەڵك وەردەگرن. بە هەڵسەنگاندنی ماکەی تۆخەکانی ئەو بەردانە دەتوانن 1 لە 10% ی تەمەنیان دیاری بکەن. کاتێك بەو شێوەیە زەوی ناسان تۆخەکان واتە شانەکانی پێکهاتەی فوسیلی رۆژهەڵاتی ئوسترالیایان ئەندازە گرت، بۆیان روون بۆوە کە ئەو فۆسیلانە نیزیکەی 3 ملیارد ساڵ تەمەنیان هەیە. بە دوای ئەوشدا زانایان فوسیلی دیکەیان دۆزیوەتەوە کە تەمەنیان ملیاردان ساڵن.

لە یەکەم تاقیکردنەوەدا کە ئایا ژیان کۆنە یا زۆر لەمێژینە نییە، بۆچوونی داروین بە ڕاست دەرهات. ژیان هەزاران ملیۆن ساڵە درێژەی هەیە.

**سەلماندنی بەشی دووهم:**

لێرەدا، داروین دەڵێ: "ژیان لە یەك یا چەند چەشن ئۆرگانیزمی ساکار بە ناوی (یەك خانەیی) پێکهاتووە! بە پێی تێپەڕبوونی ساڵانی درێژ ئەو چەشن بونەوەرە ساکارە چکولانە گەشەیان سەندوە و بۆنەتە هۆی پێکهاتنی گیانلەبەرانی دیکە کە ئەوانیش هەرکام بە شێوەی خۆیان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە."



قەوزەی یەك خانە

ئەو ڕەوتەی وا داروین باسی لێ دەکات هەزاران چەشن گیانلەبەری پێکهێنا، کە بە شێوەیەکی بەربڵاو بەرەو هەمەڕەنگی و ئاڵۆزی زیاتر رۆیی. ئەو کەسانەی لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە خودایەك ئەو هەموو

بوونەوەری بە یەکجار پێکهێناوە، پێیان وایە گیانلەبەران گۆڕانکارییان بەسەر دا نایەت و هەر بەو شێوەیە هاتوونەتە سەر دنیا و هەر واش دەمێننەوە بۆ وێنە وەك ئەو بوونەوەرانەی ئەمڕۆ لەسەر زەوی دەیانبینین.

کێ راست دەکات؟

باشترین رێگا لێکۆڵینەوە لەسەر فوسیلە سەلمێندراوەکانە. مووزەکانی دنیا جێی کۆکردنەوەی هەزاران فوسیلی دۆزراوە لە گۆشە جۆراوجۆرەکانی ئەم جیهانن کە دەیسەلمێنن گیانلەبەران لە کاتی ژیانیاندا چلۆن ژیاون. بە هۆی تیشکی رادیۆئاکتیڤ دەکرێ هەرکام لە فوسیلەکان لەباری کاتییەوە رەدەبەندی بکرێن ئینجا کاتی ژیان و چۆنیەتی ژیانی ئەو گیانلەبەرانەمان بۆ روون دەبێتەوە. ئەگەر داروین لە تئورییەکەیدا هەڵەی نەکردبێت، دەبێ هەرچەندە کات بەرەو دواوە بڕوات واتە کۆنتر بێت، چەشنی پێکهاتی گیانلەبەرەکانیش ساکارتر ببنەوە. یا بە واتایەکی تر، بە پێی کات دەبێ گیانلەبەرەکان هەمەرنگ تر و ئاڵۆزتر ببنەوە. بۆ نیشاندان و هێنانە بەرچاوی ئەوی کام ئاژەڵ لە چ کاتێکدا لەسەر ئەم هەردە ژیاون، هەموو مێژووی ژیان لەگەڵ خانووبەرەیەکی 91 قاتی هەڵدەسەنگێنین.



خانووبەرەی 91 قاتی

دایدەنێین یەکەم قات نیزیکەی چوار و نیو میلیارد ساڵ لەمەو بەر، کاتێ کە کە زەوی شکڵ دەگرێت و قاتی 91 واتە سەربانی خانوەکە، کاتی ئێستابێت، کە ئێمەی تێدا دەژین. هەر کام لە قاتەکانی ئەو خانووبەرەیە نیشاندەری 50 ملیۆن ساڵ لە ژیانی ئەم هەردەیە. شەش هەزار ساڵ کە دەبێتە بەشێکی بچووك واتە تەنیا ئەستوورایی سەربانی خانووەکە کە 1 لە 50 ی "ئینچ"ێکە، مێژووی نووسراو و سەلمێندراوی مرۆڤە. یەکەمین

بەڵگەی فوسیلی ژیان واتە سێ ملیارد و نیو ساڵ لەمەوپێش دەکەوێتە قاتی 22ی خانووەکە و ئەوە یەکم جێگایە کە مرۆڤ خانەی پێکهێنەری بوونەوەران دەدۆزێتەوە. هەر وەك لەسەرەوە گوتمان ئەو خانە یاخود شانانە لە کۆبوونەوەی باکتری ناو دەریاکان پێکهاتوون و ساکارترین شێوەی ژیانن. کە وابوو ژیان لە شێوەیەکی ساکارەوە دەستیی پێکردووە هەر بەو شێوەیەی داروین باسی لێکردووە، بە پێی کات. ئەو پرسیارە دێتە پێش کە کەنگێ ژمارەی بوونەوەرەکان زیاتر، ئاڵوزتر و کامڵ تر بوون؟ بۆ 1400 ملیون ساڵی دواتر یاخود قاتی 28ی خانووەکە دەگەڕێینەوە. لەو کاتەدا ئاڵوگۆڕ زۆر کەم بووە. چەشنی ژیان زۆر ساکارن و تەنیا گیانلەبەرانی یەك خانەیی دەبینین.

دوو ملیارد ساڵ دواتر واتە لە قاتی 50 دا "خانەی یەك نێوک"ی (سلولی یەك هەستەیی) دەدۆزینەوە. ئەو چەشن "نێوک"ە ئەمڕۆ لە 99 لە سەدی گیانلەبەرانی سەر زەوەیدا دەبیندرێ. لەوێوە دەچین بۆ قاتی 80 واتە 600 ملیۆن ساڵ لەمەوپێش، پێش دۆزینەوەی یەکەمین ئاژەڵی سەر زەوی. زانایان پێیان وابوو ئەو فۆڕمە یەك "ئینچ" انە، ئاسەواری گیاندارێك بە شکڵی فنجانن کە لە قوڕو لیتەی بن دەریاکاندا ژیاون و لە شەقایقی دەریایی ئیمڕۆیی دەچوون.

لە دوو قاتی دواتری خانوەکە چۆنیەتی چەشنی ژیان، بازێکی گەورەی بەرەو پێش داوە. ئەو گیانلەبەرە نائاساییانە هی سەردەمی "کامبریەن" ن. (The Cambrian Period)

بە ڕاشکاوی دەبینرێ کە ئەو چەشن گیانلەبەرانە کە لە500 هەزارساڵ پێش ئێستاوە هەن ، لە باری پێکهاتنی ئەندامەکانی لەشیان زۆر کامڵ تر لە گیانلەبەرانی پێشوویان بوون و سەر و لەشیان پێوەیە. شکڵی سەیر و سەمەرەیان هەیە و ئەندامیان نیشاندەری ئەوەیە کە ژیانیان ئاڵۆز تر و کامڵ ترە و چەشنی ژیان وردە وردە بەرەو گەشەسەندن ڕۆیشتووە.



**The Cambrian Period**

مێژووزانان لەسەر فوسیلەکان و چاو خشاندن بە پریۆدی پێکهاتنی گیانلەبەران بۆچوونەکەی داروین دەسەلمێنن. بە شێوەیەك کە ژیان بە ساکاری دەسپێدەکات و بە تێپەڕبوونی کات، بەرەو ئاڵوزی و گەشەسەندن دەڕوا. ئەو پرۆسەیە ئەوەش روون دەکاتەوە کە هەموو گیانلەبەرانی سەر ئەم هەردە پێکەوە و بە یەکجار پێك نەهاتوون و بەڵکوو ئەو کارە ملیۆنان ساڵی خایاندوە.

کە وابوو بۆچوونەکانی داروین سەبارەت بە دووهەم خاڵی تیۆرییەکەشی هەر بە ڕاست دەرچوو.

دەچینە سەر خاڵی سێهەم کە جێی متمانە و گرنگیی تیۆرییەکەی داروین لەو خاڵەدایە. لەو خاڵەدا داروین دەڵێ: **"ئەوە هێزی سروشتییە کە بۆتە هۆی پێکهێنانی هەموو پرۆسەی ژیان."** داروین ئەو هێزە سروشتییەی **"هەڵبژاردنی سروشتی"** ناو ناوە.

بەڵام هەڵبژاردنی سروشتی چییە؟ ئایا ئەو هێزە سروشتییە دەتوانێ لە چەشنە باکترییەکی ساکار، گیانلەبەری ئاڵۆزی وەك ئێمە پێك بهێنێت؟

**سەلماندنی بەشی سێهەم:**

پاناما، ئەمریکای ناوەندی. لێرە کاتی ئاشکرابوونی هەتاو ژیان لە لێرەوارەکان دەست پێدەکات. ئێرە یەك لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی سەر زەوییە. ئێمە دەبێ بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ جێگاکانیتری سەر زەوی ئەو راستییە بسلمێنین کە ژیان لێرە لە هەمووجێگایەکیتر پڕچەشنایەتی تر و هەمەنەوع ترە.

"Dr. David Roubik"دوکتوور"دەیوید رۆبیك" یەك لە پسپۆرانی زەویناسە، کە 30 ساڵ تەمەنی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە و چاوەدێریکردنی ئەو ناوچەیە تەرخان کردووە. تەنانەت دوای 30 ساڵ ژیان لەو بەشەی سەر زەوی "دەیوید رۆبیك " لە فرە چەشنی و رەنگاوڕەنگی ئەو ناوچەیە سەری سووڕ ماوە. ئەو دەڵێ: "ئەگەر بە تەواوی و وردی سەیری ئەو ناوچەیە بکەین زیاتر لە 500 چەشن پەپولە دەبینین کە تەنیا لەو بەشە لێرەوارە گەرمسیرەدا دەژین."

دوای لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ناوچە بچووکە روون بۆتەوە کە زیاتر لە 240 چەشن گیا، زیاتر لە 4000 حەشەرە و 50 چەشن ئاژەڵی مەمکداریان تێدا دۆزیوەتەوە و تا ئەوڕۆش پرۆژەی ژماردن لەو ناوچەیە هەر بەردەوامە. بەڵام لە ناوچەیەکی بچووکی وادا، چی بۆتە هۆی

پێکهاتنی ئەو هەموو فرە چەشنییە؟ چلۆن ئەو هەموو چەشنە ژیانە لەسەر زەوی پێك هاتوون؟ کەسانێك پێیانوایە کە ئەوە تەنیا خودا پێکی هێناون! لە لایەکیترەوە داروین پێی وایە کە ئەوانە بە شێوەیەکی سروشتی و بەو پرۆسەیەی کە ئەو ناوی "هەڵبژاردنی سروشتی" لێناوە، پێکهاتوون. ئەوە یەك لە سەرسووڕهێنەرترین تئۆرییەکانە کە تا ئێستا هاتۆتە گۆڕێ. بەڵام "هەڵبژاردنی سروشتی" چییە و چلۆن کار دەکات؟ چلۆن هێزێکی هیدایەت نەکراوی کوێری سروشتی، توانای پێکهێنانی چەشنێکی تازەی ژیانی دەبێ؟ داروین وەڵامی ئەو پرسیارەی لە جێگایەکی باوەڕپێنەکراو دۆزییەوە:

"قەتڵ و عامی بێ بەزەیی دنیای سروشتی". سروشت بێ بەزەییە، زۆربەی گیانلەبەرانی لە دایکبووی سەر ئەم سەیارە خۆڵینە، پێش ئەوەی بتوانن زاوزێ بکەن یاخود مناڵ بخەنەوە، دەمرن. ئەوە تەنیا سەبارەت بە ئاژەڵەکانی سەر ئەم هەردە نییە بەڵکوو زۆربەی گیاکانیش هەر بە گەنجی دەمرن. بەڵام هەر وەك داروین ئاماژەی پێکردووە جیا لەو کوشتارە سامناکە، شتێکی جوان ئاشکرا دەبێت. چەشنە گیانلەبەرێکی بژاردە هەن کە تایبەتمەندیەکیان هەیە و ئەو تایبەتمەندییە زیندوومانەویان گونجاو دەکات. رەنگە چاویان باش ببینێ یا قاچ و قولی باشیان بۆ هەڵاتن لە کاتی مەترسیدا هەبێ! هەرچۆنێک بێت، ئەو چەشن ئاژەڵانە بەهۆی تایبەتمەندییەکەیانەوە رەنگە هەلی منداڵ خستنەوەیان پێ بدرێ. <u>ئەوە، نهێنی رزگاربوونی باشترەکانە</u>. لە ڕاستیشدا ئەوە باشترینەکان واتە ئەو ئاژەڵانەی تایبەتمندی باشتریان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەوانیتر هەیە، دەبنە هۆی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ.

لە مێژووی سروشتیدا داهاتوویەك هەیە و ئەو داهاتووە هی وەچەی باشترینەکانە. داروین لەسەر ئەو باوەڕەیە لە درێژایی پرۆسەی هەندێك وەچەکاندا ئەو جیاوازییە بچووکانە دەبنە هۆی پێکهاتنی جیاوازیی گەورەتر. چاو باشتر و تیژتر دەبینێت، لاق باشتر و چالاکتر هەڵدێ و لە نەهایەتدا، کاتێ ئاڵوگۆڕەکان گەورەتر ببنەوە دەبێتە هۆی پێکهێنانی گیانلەبەرێکی نوێ. ئەوە روونکردنەوی چۆنیەتی ئاڵۆز و کامڵ بوونی ژیانە، بەڵام چلۆن فرە چەشن دەبێ؟ چلۆن چەشنێك دەبێتە هۆی پێکهاتنی دوو چەشن؟ بە بۆچوونی داروین وەڵامی ئەو پرسیارانە پەیوەندی بە ژینگەوە هەیە.

دایدەنێین گرووپێك ورچی قاوەیی ژینگەی سروشتیی خۆیان بەجێ بهێڵن و بەرەو جەمسەر (قوتب) ی باشوور کۆچ بکەن. لەو ژینگە تازەیە و ئەو

بەشەی زەوی کە هەمیشە بەفری لێ نیشتووە و زەوی سپییە، دیارە وەرچی رووناك و رەنگ سپی باشتر دەتوانن بەرازی ئاوی ڕاو بکەن و خواردن و لە نەهایتدا ژیانی خۆیانی پێ دابین بکەن. دیارە ورچەکان بەهۆی مانەوەیان و زەختی ژینگە و زاوزێ، وەچەی نوێ پێك دێنن و لە نەهایەتدا رەنگی پێستی گرووپی ورچەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. بە پێی گوتەی زانایان ئەوە هەر ئەو شتەیە کە لەحاڵی پێکهاتندایە. هەنگاو بە هەنگاو لە ورچە قاوەییەکان ورچی جەمسەریی پێك دێت. لێرە دا چەشنێك دەبێتە هۆی پێکهێنانی دوو چەشن. ئەوە تیۆری مەزنی داروینە. "گەشەسەندن بەهۆی هەڵبژاردنی سروشتی".



وەچەی ورچە کۆچبەرەکان لە یەکەوە دەبن بە دوو

چەشنەکان وەك لق و پۆی دار وان و توانایی لێك جیابوونەوەیان هەیە و بە پێی کات شکڵێکی نوێ پێك دێنن. ئەوە ئیدەیەکی پەرجۆیە بە ئاڵوگۆرێکی زۆر بچووك. هەرکام دەتوانن چەشنێکی نوێ پێك بێنن.



بەڵام ئایا ئەو ڕاستە؟

دیارە وەڵامی دژبەرانی داروین نەرێنییە. ئەوان بەڵگە دێننەوە کە زۆرێك لە ئاژەڵەکان تایبەتمەندی وا ئاڵۆزیان هەیە کە رەنگە رێگا لە گەشەسەندنیان بگرێ.
ئایرودینامیکی باڵەکانی مێش، کارکردن و لێدانی دڵێکی بەکوت، تەقینەوەی دەماری عەسەبی لە مێشکێکی چالاکدا. بەڵام ئایا ئەوانە کاری پێکهێنەرێکی زانایە یاخود ئەوانە پێکهاتەی "هەڵبژاردنی سروشتی"ن؟ دژبەرانی تئۆری داروین شاڵاوەکانی خۆیان لەسەر ئەندامێکی تایبەتی کۆدەکەنەوە. ئەوان دەڵێن چاو کاتێك دەتوانێ کار بکات، کە شکڵێکی کامڵی هەبێ.
چاو هەر وەك کەرەسەی کامێرا پێویستی بە لینزێکە کە بتوانی خۆی لەسەر وێنەیەك چڕ بکاتەوە و پێویستی بە پیپلک یا رەنگینەی چاوە بۆ وەرگرتن و میزانکردنی تیشك و هەروەها پێویستی بە وەرگیری وێنەیی هەیە بۆ وەرگرتنی تیشك. پرسیار ئەوەیە: چاوێکی نیوە کارە بە کەڵکی چی دەێت؟ بۆ نیشاندانی توانایی هەڵبژاردنی سروشتی زانایان دیاری دەکەن کە چاو توانای ئەوەی هەیە دوای تێپەڕبوونی قۆناغێکی بچووك، گەشە بستێنێت. قۆناغ بە قۆناغ بەرەو باشتر دەچێت و تایبەتمەندییەکانی ئەرێنیتر دەبن. لە زانستگەی لاندی سوئێد پرۆفسۆر "دان ئێریك نێلسن" سەبارەت بە چاوی ئاژەڵ لێکۆڵینەوە دەکات. ئەو دەڵێ: "چاو بەهۆی هەڵبژاردنی سروشتییەوە گەشەدەستێنت، ئەویش نەک تەنیا یەکجار، بەڵکوو چەندین جار."



چاوی ئەستێرەی دەریایی "پرۆفسۆر نێلسن"

پرۆفسۆر "دان ئێریك نێلسن" دەڵێ: "ئەوانە چاوی ئەستێرەی دەریایین. هەرکام لەو ئاژەڵانە چوار ئەندامی لەو چەشنەیان هەیە کە "کلۆپی هەست "یان ناو لێ ناوە. هەرکام لەو ئەندامانە چاوێکی لێنزی گەورە، هەروەها لە لای سەرەوە چاوێکی لێنزی بچووکتر، جووتێك چاوی قەڵەشیو، جووتێك

چاوی قووڵ و بە گشت 24 چاویان تێدا جێ بۆتەوە.  ئەو ئاژەڵانە مێشکیان نییە."

چاوی ئێمەی مرۆڤ زۆر ئاڵۆزە. بەڵام ئایا چاوی ئێمەش وەك چاوی ئەو ئاژەڵە دەریاییە دەتوانێ گەشە بستێنێت؟

پرۆفسۆر نێلسن مودێلێکی ساز کردوە کە دیاریی دەکات، چلۆن هەڵبژاردنی سروشتی دەبێتە هۆی ئەوی بەشێکی ساکار لە خانەکانی هەستپێکردنی تیشکی چاو بەرەو پێکهێنانی چاوێکی ئاڵۆز بڕوات.



مودێل بە تۆپی پینگ پۆنگ



لەتێکی بچووك لە پێستی چاو کە بە پێی کات قووڵتر بۆتەوە

ئەو مودێلە نیشاندەری نەزمترین قۆناغی گەشەسەندنی چاوە. مودێلەکە دیاری دەکات چلۆن لەتێکی بچووك لە پێستی ساف و ئەستەمی چاو، بەهۆی تیشك دوای هەزاران وەچە، قووڵتر دەبێتەوە و دەبێتە هۆی پێکهێنانی قووڵکەیەك.



پرۆفسۆر نێلسن دەڵێ: "ئەگەر ئێمە ئەو مودێلە کە لە تۆپی پینگ پۆنگ بە قووڵایی جیاواز سازکراوە، لەبەرانبەر تیشك دا رابگرین، دەبینین کە پێستە سافەکە کە لێرەدا تۆپی پینگ پۆنگە، لە قۆناغی یەکەمدا جێگای تیشکەکەمان بۆ ئاشکرا ناکات. بەڵام ئەگەر قۆناغ بە قۆناغ کاسەی چاو قووڵتر بێتەوە و دەربیچەی پێشەوی چکوولەتر بێتەوە، لە ئەنجامدا ڕێبازی

تیشکەکەش روونتر دەبێتەوە. هەرکام لە قۆناغەکان لەباری چۆنیەتییەوە لەگەڵ قۆناغەکانیتر جیاوازییان دەبێت.

پرۆفسۆر نێلسن لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە هەندێك ئاژەڵدا دەربیچەی پێشەوەی ئەو قووڵکەیە بچووك و بچووکتر دەبێتەوە. بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە، نێلسن لە مودێلێك کەڵك وەردەگرێ کە وەك دەربیچەی کامێرا دەتوانێ دەربیچەکە بە ئێشتیای خۆی بچووك، یاخود گەورە بکاتەوە.




دەربیچەی پێشەوەی چاو

پرۆفسۆر نێلسن دەڵێ: "ئەگەر دەربیچەکە بە تەواوی کرابێتەوە وێنەکان ناڕوون و لێڵ نیشان دەدرێن. ئەگەر لەو حاڵەدا من دەستم بجووڵێنمەوە ئێوە دەبینن کە وێنەکە جێگە دەگۆڕێ بەڵام لێڵە."
هەرچەند دەربیچەکە(رەنگینەی چاو) بچووکتر بێت، وێنەکەش شەفاف و ڕوونتر دەبینرێت.
پرۆفسۆر نێلسن دەڵێ: " لێرەدا تەنیا کێشە ئەوەیە کە وێنەکان یەکجار ناڕوون و تاریك دەبینرێن. بەڵام تیشك بە ناچاری لە کونێکی چکوولەوە تێپەڕ دەبێ."
سەرەڕای ئەو کێشەیەش بیبیلەی چاوی وا تەنانەت ئەمڕۆش لە نینۆکەشەیتانە(حەلەزوون)ی مارپیچی دا بەدی دەکرێت.
پرۆفسۆر نێلسن دەڵێ: "ئێمە دەتوانین وردە وردە بەهۆی ئەو کەرەسە چکوولەیەوە، هاوێنە(عدسی) ناوەندی تیشکەکە کونترۆڵ بکەین.



ئەگەر ئاو لە مابەین هاوێنەکەدا بگونجێنین، دەبینین شکڵی هاوێنەکە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. وێنەکە وردە وردە روونتر دەبێتەوە، تا وێنەیەکی روون و ئاشکرا لەسەر تۆڕی چاو پێك دێت."

ئاوێتە کردنی بیبیلەی چاو و هاوێنەی چاو دەبێتە هۆی وێنەیەکی شەفاف لەسەر تۆڕی چاو(شبکیە). شێوەی شکڵ گرتنی هاوێتەی چاو ئەو کاتە بووە کە تراویی ناو چاو خەستتر بۆتەوە و بۆتە هۆی خڕکردنەوەی تیشك و لە نەهایەتدا وێنەکەش شەفاف بۆتەوە. دوای تێپەڕکردنی هەر کام لە قۆناغەکان لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی پێکهێنانی ئەزموونێکی باشتر و گەشەسەندن. ئەو تاقیکردنەوەیە نیشانی دا کە بە پێی تێئۆری داروین چاو دەتوانێ بە هەڵبژاردنی سروشتی گەشەبستێنێت.

لە سەردەمی "کامبرین"ی مێژووی زەوی واتە 543 ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا ئاژەڵی ناو ئاوەکان بەهۆی کێ بەرکێ و راوکردن و هەڵاتن لە دەست راوچییەکان و دیتنەوەی جووت، بوونە هۆی گەشەسەندنی هەرچی زیاتری چاویان بۆ دیتنی باشتر و گورجتر. ئەو بۆچوونە سەبارەت بە ئەندامەکانیتری لەشیش جێی باوەڕە، لە باڵەکانی باڵەندەوە هەتا دڵی لە حاڵی لێدان!

ئەو تاقیکردنەوەیەی پرۆفسۆر نێلسن پیشانی دەدات کە لەباری تێئۆرییەوە بۆچوونەکەی داروین دەکرێ دروست بێت. بەڵام ئایا بەکردەوەش دروست دەر دێ؟ چ لێکچوونێك لە گۆڕێدایە کە گەشەسەندنێکی سروشتی لە ئاڵوگۆڕێکی هەنگاو بە هەنگاو دا پێك هاتووە؟ باوەڕپێکراوانی گەشەسەندنی هەنگاو بە هەنگاو پێیان وایە کە هەموو ئەو ئاژەڵانە و تەنانەت ئێمەی مرۆڤیش کە ئەمڕۆ لەسەر ویشکییەکان ژیان دەکەین لە چەشنە ماسییەك کە توانیویە بێتە دەرەوەی ئاو، پێك هاتوون.



بەڵام ئەو بەڵگانەی کە بتوانێ بیسەلمێنێ کە ئێمە و هەموو ئاژەڵەکانیتری ئەم هەردە لە ماسی پێکهاتوین، کوان و کامن؟

زۆربەی مرۆڤ لەسەر ئەو باوەڕەن کە مرۆڤ لە چەشنە مەیموونێك پێك هاتووە. بەڵام ئەگەر ئێمە لە سەفەری کاتدا بۆ دواوە بگەڕێینەوە، دەبینین چەشن و شکڵی فوسیلەکان لە ڕابردوودا، پێشینیانی ئێمە زۆر لە مەیموون سەیر تر نیشان دەدەن. بۆ پیشاندانی ئەوەی گەشەسەندنی هەنگاو بە هەنگاو لەکوێوە دەتوانی سەرچاوەی گرتبێ، دەگەڕێینەوە بۆ خانووبەرە مێژووییەکەی پێشتریش باسمان لێ کرد. ئەگەر ئێمە بچینە قاتی 87 ، واتە 250 ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا، دەبینین کە باپیرانی ئێمە ئاژەڵی خزۆکە بوون. ئاژەڵی وەك مارمێلکە، کیسەڵ و کرۆکۆدیلی ئەوڕۆیی. قاتێك خوارتر واتە 50 ملیۆن ساڵ پێشتر، دووژیانییەکان بوون. دوو قات خوارتر واتە 400 ملیۆن ساڵ پێشتر، باپیرانی ئێمە ماسی زۆر ساکار بوون و لە ئاوی زەریاکاندا مەلێیان کردووە. ئەو وێنە مەزنە واتە بەڵگەی فوسیلەکان مێژوویەکی زۆر روون و ئاشکرا لەسەر پەیوەندی مابەین ئەمڕۆ و رابردووی ئێمە دەگێڕێتەوە و ئەوەی کە ئاژەڵەکان هەنگاو بە هەنگاو بەرەو چەشنی نوێ، گەشەیان سەندووە، بەڵام کێشەیەك هەیە. بە وردی ئەگەر سەیری بکەین، بەڵگەی فوسیلەکان تەواو نین و جێگای بەتاڵیان لە مابەین دایە بە شێوەیەک کە مرۆڤ گومان لە ڕاست بوونی تئوری داروین دەکات. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئایا فوسیلی نادیار بوونیان هەیە؟ رەنگە ئێمە تا ئەمڕۆ نەمانتوانیوە بیاندۆزینەوە! یا رەنگە داروین بە هەڵەدا چووبێت! کاتێك داروین لە ساڵی 1859 تیۆری خۆی نووسی، بۆشایی لەسەر بەڵگەی فوسیلی لە تئۆرییەکەیدا یەکجار زۆر بوون. ئەوکات بە گشتی زانستێکی زۆر کەم لەسەر گەشەسەندن هەبوو. هیچ فوسیلێك لە چەشنی مرۆڤ نەدۆزرابوونەوە. لەوە دەچوو کە فوسیلی باڵندەکان لە گاشەبەردەکاندا ئاشکرا نەببوون یا هیچ بەڵگەیەك لە دەستدا نەبوو کە ماسی بەرەو ویشکانی خزابێتن. تەواوی ئەو بەشە گرنگانە بەتاڵ بوون و هیچ وەڵامیکیان بۆ نەبوو. بۆ زیندوو راگرتنی تئۆری داروین زانایان پێویستیان بە پڕکردنەوەی ئەو جێگا بەتاڵانە هەیە و ئەوەی کە گەشەسەندن هەنگاو بە هەنگاو، بەرە بەرە و پلە بە پلە بووە.

راوچی فوسیلەکان، "نیلسوبین"- ئەندامی زانایانی زانستگەی شیکاگۆ، یەك لەو پسپۆڕانەیە کە وەدوای پڕکردنەوەی جێگایەکی زۆر گرنگی مابەین ئەو بەڵگە فوسیلانە کەوت.

ئەو دەڵێ: "لە دنیادا شتی وون زۆرن. ئەوە هەر ئەو شتەیە کە زانست شیرین تر و خۆشتر دەکات. ئەگەر شتی وونبوو نەبایەن من بێکار دەبووم!"
نیلسوبین هیوادارە کە بتوانێ ئاژەڵی ئاڵوگۆڕ بەسەرداهاتوو لە مابەین ماسییەکان و دووژیانییەکاندا بدۆزێتە و نیشانی بدا کە چۆن ژیان لە دەریاکانەوە بەرەو ئیشکایی هاتووە. لێکۆڵینەوە، سەرنجی بەرەو باکوورترین ناوچەی زەوی ڕادەکێشێت. دروگەیەك کە تەنیا 600 مایل لە جەمسەر (قوتب) ی باکوورەوە دوورە.
نیلسوبین دەڵێ: "شتی زۆر سەیر سەبارەت بەو جێگایە ئەوەیە کە کاتێك لە زەوییەکانی جەمسەری باکوور لە پەنا دەریا و ورچی جەمسەر ڕادەوستی، کاتێك سەرنج بدەیە ئەو گاشەبەردانەی وا لەسەری ڕاوەستاوی، دەبینی دنیایەکی ئوستوایی، گیای ئوستوایی و ماسی ئوستوایی یان هەیە."
گاشەبەردەکان لێرە زەمانێك دەور و بەری ناوچە ئوستواییەکانیان گرتبوو، بەڵام سەدان ملیۆن ساڵ پێش ئێستا بە هۆی گۆڕینی توێژی زەوی ئەوانیان بەرەو جەمسەری باکوور پاڵ پێوەناوە. ئەو گاشەبەردانە نیزیکەی 375 ملیۆن ساڵ کۆنن یانی پێش ئەوەی ئاژەڵی ئیشکانی بێنە سەر زەوی. پێشبینی "نیلسوبین" ئەوەیە کە دەبێ لێرەوە ماسی بەرەو ئیشکایی هاتبێتن و لێرەدا ئاژەڵی ئیشکایی پێکهاتبێتن. بۆ ماوەی پێنج ساڵ "نیلسوبین" و گرووپەکەی لەسەر ئەو گاشەبەردە ئیشك و برینگانە لێکۆڵینەوەیان کردوە تا نیشانێك لەو جێگا وون بووانەی تئۆری داروین بدۆزنەوە. بەڵام هەموو دۆزینەوەکانیان تەنیا ئاژەڵی ناو دەریاکان بوون تا ئەوەی گرووپەکە لە ساڵی 2004ی زایینی دا هەنگاوێك بەرەو پێشەوە چوون.
"نیلسوبین" دەڵێ: ئێمە توانیمان بەشێکی بچووك ئێسقان لە سەر زەوی بدۆزینەوە. زەویمان هەڵکۆڵی. دواتر تۆخێکمان دۆزییەوە کە بە تەواوی سکلێتی ئاژەڵی تێدا چاڵ کرابوو. زیاتر و قوڵتر زەوییەکەمان هەڵکەند. لە پڕێکدا یەك لە هاوکارەکان کە من هیچکات لە بیری ناکەم، لە حاڵی ڕۆیشتن بەسەر گاشەبەردەکاندا شتێکی لە چەشنی خورتوومی فیلی دۆزییەوە. ئێمە هەموو پێکەوە بە وردی سەیری ئەو خورتوومەمان کرد و بۆمان روون بۆوە کە ئاژەڵێکە بە سەرێکی پانەوە. ئەو ئاژەڵە سەر پانە ئیتر هیچ شێوەی لە ماسی نەدەچوو کە لە ئاوی زەریادا دەژین بەڵکوو زۆرتر لە کرۆکۆدیل دەچوو. ئەو کات بۆمان روون بۆوە کە ئەو شتەی بەدوایەوە بووین دۆزیمانەوە."

ئەو دۆزینەوەیە خاڵێکی پڕڕەنگ لە کاری پێنج ساڵەی ئەوان بوو. بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ئەو دۆزراوەیە گاشەبەردەکەیان بە پتوونی لەگەڵ خۆیان بۆ تاقیگاکە برد. ئەزموونێکی زۆر پیرۆز بوو.



دۆزراوەی ناو گاشەبەردەکان

ئاژەڵێك کە بۆشایی نێوان ئاژەڵی دەریا و سەر زەوی پڕدەکردەوە!

"نیلسوبین" دەڵێ: ئەو ئاژەڵە وەك ماسی لەسەر پشت و باڵەکانی پوولەکەیان پێوە بووە. هەر وەك هەموو ئاژەڵەکانی ویشکانی ئەو ئاژەڵە ملی هەبووە، بە شێوەیەك کە سەری جیاواز لە لەشی توانیویە بجووڵێنێتەوە. سەرێکی پان و لەسەرەوەش دوو چاوی هەبووە. تەواو بە شکڵی کرۆکۆدیل. لە هەموو ئەوانەش سەرسووڕهێنەرتر کاتێك باڵەکانیمان جیا دەکردەوە، ئەو شتەی لە ناوەوە دیمان، ئێسقانی وەك ئێسکی باسکی خۆمان هەبوو. یانی شان و ئانیشك و مەچەك."

ئەو ئاژەڵەیان ناو نا "تیك تالیك"ی خەڵکی جەمسەر، ماسی گەورەی ئاوی شیرین. تیك تالیك ئەو بەشە وون بووە بوو. ئاژەڵێك کە وەك ماسی پوولەکەی هەبووە و ئەندامی رێگارۆیشتنی بووە و سەلمێندراوە کە لەسەر ویشکایی بەرێگادا رۆیشتووە لەحاڵێکدا ئاژەڵێکی دەریایی بووە. رەنگە زۆر دژوار باوەری پێبکرێ، بەڵام دەکرێ یەك لە باپیرانی ئێمە بووبێ.

بۆچی ئاژەڵ لە چەشنی تیك تالیك ئاویان بەجێ هێشتووە؟ "نیلسوبین" وەڵامی ئەو پرسیارەش لە یەك لە ژوورەکانی موزەی شیکاگۆدا دەدۆزێتەوە.



ددانی ئاژەڵی چەشنی "تیك تالیك"

"نیلسوبین" دەڵێ: "ئەوە ددانی ئاژەڵێکی چەشنی (تیك تالیك)ە کە لە هەمان ناوچە و ئاودا ژیاون. ئەو ددانانە وەك بزماری ڕێگای شەمەنەفەرن و شەویلکەیان نیزیکەی 20 ددانی وای تێدا جێ بۆتەوە. ئەو ماسیانە راوکەرێك بوون کە تێربوونیان نەبووە. دەبێ ئاژەڵی وەك "تیك تالیك" لە ترسی گیانیان و لە ترسی ئەو ماسییە تێرنەخۆرانە و بۆ هەڵاتن لە چنگی ئەوان، گەشەیان سەندبێت."

پەرەسەندنی قاچەکانی تیك تالیك بووە هۆی یارمەتیی رۆیشتنی بەسەر زەویدا بۆ زیندوومانەوە و رزگاربوون لەو ماسییە ترسێنەر و تێرنەخۆرانەی ناو دەریا.



تیك تالیك

ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بووبێت کە هەڵبژاردنی سروشتی، بەئامانجی زیندوومانەوەیان، ئەو قاچانەی دابێتێ و بەسەر زەویدا رۆیشتبێتن و بووبنە هۆی بازدان و رزگاریی ئەو ئاژەڵە. تیك تالیك بازنەی وون بووی ئەو زنجیرە بووە کە بۆ سەلماندنی راستبوونی تئۆرییەکەی داروین یارمەتیدەرمانە و جێی خۆشحاڵییە کە ئەو بەڵگەیە دۆزراوەتەوە. ئامارێك

نیشانی داوە کە تەنیا یەك چەشن لەو هەزاران چەشنەی کە تا ئەمڕۆ ژیانیان کردوە وەك فوسیل ماونەتەوە.
"نیلسوبین" دەڵێ: "ئەگەر لەبەر خۆتانەوە لێکیدەنەوە کە ئەو دۆزینەوەیە شەش ساڵ کاتی ئێمەی گرت هەتا بە "تیك تالیك" گەییشتین، ئەوکات هەست بە وە دەکەن کە کاری لەو چەشنە چەندە دژوارە و پڕ کردنەوەی ئەو جێگا خاڵییانەی تیۆری داروین کارێکی ساکار نییە. سەرەڕای ئەوەش ئێمە فوسیلێکی زۆرمان دۆزیوەتەوە کە زۆر پرسیاری سەبارەت بە گەشەسەندن وەڵام دەدەنەوە."
لە کاتی داروینەوە تا ئەمڕۆ، زانست پێشکەوتوویەکی سەرسووڕهێنەری کردوە. راوکەرانی فوسیل بەشێکی زۆر لەو فوسیلانەیان دۆزیوەتەوە کە کون و قوژبنی تیۆرییەکەی داروینی پێ پڕ دەکرێتەوە.


فوسیلی ئاکۆپتیکس


فوسیلی باڵندەی چین

فوسیلی وەك "ئارکۆپتیکس" و فوسیلی باڵندە کە بە تازەیی لە چین دۆزراونەتەوە پردێکە کە مەودای مابەینی ئاژەڵی خزۆکە و باڵندە پڕ دەکاتەوە.

لێکۆڵینەوەکان و پسپۆران لە ئافریقا دەیان فوسیلی لە چەشنی مرۆڤیان دۆزیوەتەوە. فوسیلی وەها، کە نیشانی دەدەن لە ماوەی 4 ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستاوە، مێشکی ئاژەڵێکی بە شکڵی مەیموون بەرە بەرە گەورەتر بۆتەوە.





ئەو مەیموونە هەوڵیداوە لەسەر دوو پێی ڕاوەستێت و فێری کەڵك وەرگرتن لە کەرەسەی ڕۆژانەی ببێ و هەنگاو بە هەنگاو ببێتە مرۆڤی مودێرنی ئەمڕۆیی.

تیۆری داروین پێشبینی کردوە کە ئەو چەشن ئاڵوگۆڕانە لە ژیانی ئاژەڵدا بوونی هەیە. دۆزینەوەی ئەو چەشن گۆڕانکارییانە بەڵگەیەکی روونە کە هەڵبژاردنی سروشتی دەتوانێ چەشنی نوێی ئاژەڵ و تەنانەت ئێمەش پێك بێنێت.

تا ئێستا تیۆری داروین بەرگەی دژبەرانی خۆی گرتووە و توانیویە سەربەرزانە لەژێر تاقیکارییەکان بێتە دەرێ. بەڵام ئایا ئەو تئۆرییە لە تاقیکارییەکانی داهاتووشدا سەربەرز دەبێ؟

لە نێوان هەزاران گیانلەبەری سەر زەوی ژمارەیەک هەن کە زۆر لەبەر چاو و زۆر جوانن کە نەدەبوو توانایی زیندوومانەوەیان ببوایە. گەشەسەندن سەبارەت بەو تایبەتمەندییانەن کە یارمەتی زیندوو مانەوەی ئاژەڵ دەدەن. بەڵام بۆ وێنە زۆربەی باڵداران هێندە رەنگی جوان و روونیان هەیە کە راوچییەکان دەتوانن لە رێگایەکی زۆر دوورەوە بیانبینن. کەوابوو سروشت چ وەڵامێکی سەبارەت بەو پرسیارە هەیە؟ چلۆن ئاژەڵ وا دەنوێنێ کە لە لایەن ئاژەڵەکانیترەوە بخورێ و لەناو بچێ؟

بۆ وێنە تاووس لە هیندووستان، لە ژینگەی سروشتی خۆیان لە ناوچەی یەك لە بێ بەزەیی ترین شکارچی لێرەوار واتە ببر دا دەژین. بۆ باڵەندەیەك کە بیهەوێ لە ژینگەی خۆیدا زیندوو بمێنێت، خراپترین شت خاڵێکی لاوازە، یانی لێرەدا کلکی تاووس کە لەبەر چاوی دوژمن دیار دەکەوێت. گەورە بوونی کلکی دەبێتە هۆی هەڵاتنی بە سەبرا و لە نهایەت لەداو کەوتنی بۆ دوژمن. بۆ ئەوکەسانەی ئیمانیان بە خودا هەیە ئەو مەسەلەیە زۆر ساکارە: "خودا بەو شێوەیەی دروست کردوون و تەواو!" بەڵام بۆ لایەنگرانی تیۆری گەشەسەندن ئەوە وەك مەتەڵێك وایە. چلۆن هەڵبژاردنی سروشتی لە توانای دایە تایبەتمەندی وا پێك بهێنێت کە یارمتیدەر بێ بۆ زیندوومانەوەی ئاژەڵەکان، لە حاڵێکدا زۆر ئاژەڵ ئەو تایبەتمەندییانەیان نییە؟ ئەوە یەك لە هەرە مەزنترین کۆسپەکانە لەسەر رێگای تئۆری داروین.

"ماریۆن پێتری" توانیویە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە. ئەو دەڵێ: "جارێکیان داروین گوتوویە هەر کات من لە تاووس نزیك دەبمەوە، شێوەی کلکی، نەخۆشم دەکات. چونکە شتێکی زۆر سەیرە، ئەندامێك کە بۆ زیندوومانەوەی ئاژەڵێك زیانی هەیە بۆچی گەشەی سەندووە؟"

ئەگەر مانەوەی باشترەکان و ژیرەکان لە گۆڕێ دابوایە، دەبوو تا ئەمڕۆ وەچەی تاووس لە ناو چووبایە. بەڵام داروین ئەوەشی دەزانی کە گەشەسەندن تەنیا بۆ مانەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندیی بە شتێکیترەوە وەك جنسییەتیش هەیە. بە پێی بۆچوونەکانی داروین مێشکی جنسی مێ کلیلی پێکهاتنی گەشەسەندنە. ئەو دەڵێ باڵەندەی مێ، نێری بە پەڕ وباڵی ڕەنگاوڕەنگەوەی پێ باشترە و زیاتر بە دڵیەتی. لەو ڕوانگەیەوە کە باڵەندەی نێری جوان بۆ پەیوەندیی لەگەڵ باڵەندەی مێ شانسی زیاتری بووە، زاوزێی زۆرتریشیان بووە. دوای چەندین وەچە ڕەنگە ڕۆشنەکانیان لە منداڵەکانیاندا زیاتر دیاری کردووە و بە پێی کات باڵەندە تاریکەکان لەناو چوون.

زیاتر لە سەدەیەك دوای داروین هیچکەس ئەو تاقیکارییەی نەکرد کە بزانێ ئایا ئەوە ڕاستە یا هەڵەیە. تا ئەوی "ماریۆن پێتری" هاتە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێ وەڵامێك بۆ ئەو پرسیارە هەبێ. ماریۆن لە مەزرایەکی پەروەردەی تاووس لە ئینگلیز ویستی بزانێ کە ئایا هەر وەك تئۆرییەکەی داروین دەڵێ، تاووسی مێ تاووسی نێری باڵ و کلك ڕەنگاوڕەنگی بەکەیف ترە یا نا؟ کەرەسەی تاقیکردنەوەکە تەنیا مقەستێك بوو. ئەو بۆ ئەوەی بڕێك لە جوانیی تاووسە نێرەکان کەم کاتەوە، تەنیا 20 پەڕ لە پەڕی کلکی هەڵپاچین. لە کاتی جووتگرتن دا خۆی و گرووپەکەی چاوەدێری تاووسە کلك بڕاوەکانیان دەکرد کە ئایا تاووسە مێ یەکان بۆ لایان دەچن یان نا؟
"ماریۆن پێتری" دەڵێ: ئێمە جووتگیری تاووسە نێرەکانمان سەبت کرد و دواتر روون بۆوە کە ئەو تاووسانەی کلکیان نەبڕابوو زۆر زیاتر پەیوەندییان لەگەڵ دەگیرا."
"ماریۆن پێتری" بۆی دەرکەوت کە جووتگیری تاوسە کلك بڕاوەکان دوو بەرانبەر لەوانیتر کەمتر بوو. کە وابوو داروین ڕاستی گوتووە. هەڵبژاردنی نێری جوان بووە هۆی پێکهاتنی تاووسی ڕەنگاوڕەنگتر و جوانتر.

بەڵام ئەو ئەزموونە پرسیارێکیتر دێنێتە گۆڕێ. بۆچی وەچەی مێ بۆ جووتگیری، نێری جوان و کلك ڕەنگاوڕەنگیان هەڵبژاردوە؟
وەڵامەکە دەتوانێ لە پشت کەیفیەتی "ژێن" (جین) ەکانیاندا شارابێتەوە. بەڵگە بۆ ئەو بۆچوونە لە جێگایەکی زۆر سەیر خوی نواند. لە ساڵی 1986 ناوەندی هەستەیی چرنۆبیل تەقیەوە. ئەو تەقینەوەیە تەواوی

ناوچەکەی لەژێر تیشکی ماکەی رادیۆئاکتیودا داگرت. ئەوە ناخۆشترین خەساری مێژووی هەستەیی بوو. 20 ساڵ دواتر تیشکی رادیۆئاکتیو خەڵکی ناوچەکەی لە چرنۆبیل دوور خستبۆوە. بەڵام لەگەڵ ئەو ئاژەڵانەی لە ناوچەکەدا مابوونەوە دەبوو چ بکرێ؟

دوکتوور "تیم مۆسۆسۆ" ژینگە ناسی زانستگەی کارۆلینای باشووریی چوو بۆ چرنۆبیل تا کارلێکەری تیشکی رادیۆئاکتیو لەسەر ئەو ناوچە تایبەتییە هەڵسەنگێنێ.

تیم دەڵێ: "ناوچەیەکی زۆر تایبەت و سەیرە، چونکە حەسارێکی گەورە دەوری ئەو ناوچەیەی گرتووە. لە هەرحاڵدا، زەوییەکان بەرەو سروشت گەڕاونەتەوە و وێدەچی کە ئەو ناوچەیە وەك پارکێکی سروشتیی گەورە بێت."

دوکتوور "تیم مۆسۆسۆ" و گرووپەکەی لە تەویلەیەکی چۆڵدا خانووی سێروویان دووزییەوە. ئەو سێرووانەی لە تەویلەکەدابوون هەر وەك تاووسەکان بە پێی هەڵبژاردن لە لایەن مێ کانەوە لەگەڵ یەکتر نیزیکی دەکەن. ئەو کارە گرووپییە نیشانی دا کە مێ یەکان دەبێ بەڵگەیەکی باشتریان هەبووبێ بۆ هەڵبژاردن چونکە سێرووە نێرەکان، بە هەڵسەنگابدن لەگەڵ سێروەکانی دەرەوەی چرنۆبیل، واتە هی ناوچەکانی تری ئورووپا، پەڕو کلکی درێژتریان نەبووە.

تیم دەڵێ: "لە باڵندەکانی چرنۆبیلدا دەبینین نیزیکەی 15 لەسەدی ئەو باڵندانە پەڕی سپییان لەسەر گەروویان هەیە. لە حاڵێکدا لە ناوچە کۆنترۆلکراوەکانیتر تەنیا 1 لە سەدیان ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە. لە کلکیاندا جیاوازییەکی زۆر دەبینرێ. بەڵام جیاوازییەکیتر لە نێوان باڵندەکانی چرنۆبیل و ناوچە کۆنترۆلکراوەکانیتردا هەیە و ئەویش ئەوەیە کە شاپەڕی باڵەندەکانی چرنۆبیل رۆشنترن لەوانیتر."

رەدەی سەرەوەی رادیۆئاکتیو لە ناوچەی چرنۆبیل کارلێکەری خۆی دانابوو. کاتێك ئەو گرووپە "سپرم"ی نێرە خۆڵەمێشییە ڕەنگەکانیان تاقی کردەوە بۆیان دەرکەوت کە زۆربەی ئەوان ئازار و زیانیان دیوە.

تیم دەڵێ: "(سپرم) ی 40 لە سەدی باڵەندەکانی چرنۆبیل ئازاریان دیوە. لەحاڵێکدا لە باڵندەکانیتردا تەنیا 5 لە سەدە.



سێرووی ڕەنگی ڕۆشن



سێرووی خۆڵەمێشی

باڵندە خۆڵەمێشییەکان بە شێوەی ئاشکرا لاوازیی سڵامەتی زاوزێ یان نیشان دەدەن. چونکە مێ یەکان مەیلیان بۆ جووتگیری و نیزیکی لەگەڵ نێرە ڕەنگ ڕۆشنەکان زیاترە. ئەو گرووپە سێروانە تەنیا بەهۆی هێرشی سێروە نێرە ساغەکانی دەوروبەری ناوچەی چرنۆبیلەوە لە ناو نەچووە و ماوەتەوە. بە بێ هات و چۆی باڵەندەی نێری سالمی دەرەوەی چرنۆبیل دەبوو وەچەی ئەو دەستە باڵندەیە لەناو چووبایەن. ئەوە گەشەسەندنی بەکردەوەیە. لە باڵندەی وەك تاووس و سێروو و ئەوانیتردا تەنیا ئەو نێرانەی وا باشترین "ژێن" (جین) ی سالم و بەهێزیان هەیە دەتوانن وەچەی نوێ بە تایبەتمەندی باشترەوە وەك کلکی درێژ و پەڕی بە ڕەنگی ڕۆشن پێك بێنن. بەهۆی جووتگیری هەرچی ڕەنگاوڕەنگتری نێر لەگەڵ مێوە، یارمەتی وەچەی داهاتوویان و پەرەپێدانی جووتگیری وەچەی داهاتوو دەدەن. هەڵبژاردنی مێ، بەڵگەی ڕۆشنبوونی پەڕی باڵندەکانی نێر دیاری دەکات. هەر بەو شێوەیەی کە داروین پێشبینی کردوە.

جارێکیتریش تئۆری داروین بێ هەڵە دەمێنێتەوە. بەڵام ڕازێکی نەهایی دەمێنێتەوە. ژینگەناسان دیانهەوێ بزانن کە چلۆن ئاڵوگۆڕ پێك دێت؟ چلۆن ماکەیەکی میکرۆسکۆپی دەبێتە هۆی پێکهێنانی مرۆڤ. لە تەواوی ئەو بەڵگانەی کە دیتمان وادیارە داروین هەڵەی نەکردووە. ژیان چەشنە گەشەسەندنێکی پلە بە پلەیە. زیاتر لە ملیۆنان ساڵە سروشت خەریکی گۆڕین لە گیانلەبەری ساکارەوە بۆ گیانلەبەری ئەمڕۆییە. بە گەڕانەوە بۆ سەدەی 19 دەبینین کە داروین هیچ کەرەسەیەکی بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتی ئەو پرۆسەیە نەبووە، بەڵام لای کەم ئیمە ئەمڕۆ هەمانە. لە چەند دەیەی ڕابردووەوە ڕاپەڕینێك لە زانستی زیندەوەرناسی هەمووشتێکی ژێر و ڕوو کرد. زانایان بۆ چارەسەری ئەو مەتەڵۆکەیە، کەرەسەی پێویستیان لە بەردەستدایە کە چلۆن چەشنێك دەبێتە چەشنێکیتر. یەکەمین سەرەداو لە ساڵی 1953 دۆزینەوەی (د. ن. ئا.) بوو.

(د. ن. ئا.) بەرنامەی کاری ژێنێتیکی ژیان لەگەڵ خۆی دەگێڕێ.




(د. ن. ئا.)

ئەو بەرنامە کارییە لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکیتر رادەگوێزرێت. ئەگەر پێکهاتەی مارپێچی دوو بەشییەکەی بکەینەوە، کۆدی چندراو دەبینین کە "ژێن" (جین) ی پێ دەڵێن. ئێمەی مرۆڤ نیزیکەی 22000 "ژێن" لە (د. ن. ئا.)کەماندا هەیە. ئەو "ژێن"انە زانیاریی سەبارەت بە رەنگی چاو، درێژایی ئەندام و رەنگی پێست و ... بە گشتی هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی ئێمەی لێ دروست بوین، لەگەڵ خۆیان دەگێڕن. ئەوە "ژێن"ە کە دیاری دەکات چی لە منداڵدانێك دێتە دەرێ.



منداڵ لە منداڵدانی دایکدا

"ژێن"ی ئێمە منداڵ پێك دێنێ. لە دەستە "ژێن"ێك ماسییەك پێك دێ. دەستە "ژێن"ێکیتر بۆق دروست دەکات. ئەوە "ژێن"ە کە بە زانایان دەڵێ چەشنە ئاژەڵێکی زیندوو لە پرۆسەی ملیۆنان ساڵدا بۆ چەشنێکیتر دەگۆڕدرێت.

پرۆفسۆر "مایك لێوینە" و گرووپەکەی لە زانستگای برکلی کالیفۆرنیا بەوە گەیشتوون کە تەنیا ئاڵوگۆڕپێداهاتنی "ژێن"ێك لە ئاژەڵدا دەبێتە هۆی پەڕین(جهش)یك کە بۆ وێنە گۆڕانکاری بەسەر چۆنیەتیی قەڵافەت و ئەندامی گیانداردا پێك دێنێ.

ئەو گرووپە مڵەی دریایی یان لەژێر لێکۆڵینەوە گرتووە و پرۆفسۆر "مایك لێوینە" لەو پەیوەندییەدا دەڵێ: "بە بڕوای من کاتێك ئێوە هەڵسەنگاندن دەکەن، مڵە زۆر وێچوونی لەگەڵ ئاژەڵەکانیتردا نییە بەڵام ئەو لە تاقیگەدا وەك ئەستێرەیەك وایە."
زانایان مناڵی مڵەی دەریایی وەك مەزەندەیەکی باش بۆ پێشینیانی مرۆڤە-هەوەڵییەکان کە 550 ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا ئیمکانی وێچوونیان لەگەڵ ئەو ئاژەڵە بووە، هەڵبژاردوە. ئەگەر ئەوان ڕاست بکەن، دەکرێ دڵی مرۆڤێکی گەشەسێنراو لەگەڵ دڵی مڵەیەك وەك یەك وابێ.



مڵەی دریایی

پرۆفسۆر "مایك لێوینە" دەڵێ: "دڵی ئێمە چوار چاڵی تێدایە و ئەگەر ئێمە سەیری ئاژەڵی مۆرەداری ساکارتر وەك بۆق یا مار بکەین دەبینین کە دڵی ئەوان سێ چاڵی هەیە. کە سەیری ماسی بکەین دەبینین دڵی ئەوان دوو چاڵی هەیە و دڵی مڵەش تەنیا چاڵێکی هەیە. بەڵام بێ گومان، دڵی ئەو لەگەڵ دڵی ئێمە پەیوەندی هەیە."

کەوابوو ئایا ئەو ئاژەڵە ساکارە دەتوانێ بە ئێمە بڵێ کە چلۆن دڵی ئێمە گەشەی سەندووە؟
لە لەنگەرگایەکی نیزیکی شاری سانفرانسیسکۆ ئەو گرووپە بۆ تاقیکردنەوە، خەریکی کۆکردنەوەی مڵەی دەریاییین. لە گەڕانەوەیاندا بو تاقیگەکە، تۆوی ئەو ئاژەڵەیان بە جیا بارهێنی کرد. جەرەیانێکی ئەلکتریکیان تێدا پێك هێنا، تا بەو شێوەیە پەڕین یاخود "جهش"ێك لە ناو "ژێن"ی کۆڕپەڵەی لە حاڵی گەورەبوونی ئەو ئاژەڵەدا پێك بێنن. ئەو کارە بەرانبەرە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی چالاکیی ژینێتیکیی لە مڵەدا. بەڵام کارلێکەرییەکی زۆر سەیری هەیە.

ئەو پسپۆرانە لەژێر میكرۆسكۆپی لەیزەری چەند لە خانە (سلول) ی ئەو ئاژەڵە چاوەدێری دەكەن و دەبینن كە ئەو خانانە دەتوانن دڵی یەك چاڵی مڵە شكڵ بدەن و ئاڵوگۆڕێكی بێ وێنەی بەسەردا پێك بێنن.

پرۆفسۆر "مایك لێوینە" دەڵێ: "ئەگەر سەیری كۆرپەڵەی ئەو مڵەیە بكەین دەبینین بەش یاخود خانەی ماسوولكەی ئیزافییان هەیە. لە حالی ئاساییدا ئەو خانە ماسوولكانە كلكی ئاژەڵەكە پێك دێنن. لێرەدا ئەو كارەی كە ئێمە كردومانە ئەوەیە: ئاڵوگۆڕپێهێنان بەسەر خانەكان و گۆڕینی شكڵی دڵیان بەجێی ئەویكە لە حاڵەتی سروشتی خۆیاندا دەبو ببن بە كلك."

ئێستا دوای ئەو تاقیكارییە دڵی مڵەی دەریایی بە جێی یەك چاڵ، دوو چاڵی هەیە و خاڵی سەرسوورهێنەر ئەوەیە كە جەرەیانی خوێن وەك حاڵەتی سروشتی دەمێنێتەوە و هیچ كێشەیەك بۆ دڵی مڵە پێش ناهێنێ.



مڵەی دریایی

بە دەستێوەردانێكی بچووكی ژنێتیكی تەنیا لە وەچەیەكدا دڵێكی یەك چاڵی ساكار بە دڵێكی دوو چاڵی كامپلتر دەگۆڕدرێتەوە. ئاڵوگۆرهێنان بەسەر "ژێن" دا خۆی مەسەلەیەكە، بەڵام بۆ ئەوەی گەشەسەندن پێك بێت، "ژێن"ەكان دەبێ بە شێوەی سروشتی ئەو ئالوگۆڕە پێك بێنن. ئەوە نیشانی دەدات كە هەموو بوونەوەران و بۆ وێنە ئێمەی مرۆڤ رێگایەكمان بۆ ئەو ئاڵوگۆر پێكهێنانە هەیە. بۆ راگوێزتنی بەرنامەی كاریی ژیان لە وەچەیەكەوە بۆ وەچەیەكیتر ئاژەڵ دەبێ "د. ن. ئا"ی خۆی بڵاو بكاتەوە.



بڵاوبوونەوەی د. ن. ئا

هەرکات شتێك بڵاوبێتەوە ئیمکانی پێشهاتنی هەڵەش هەیە. پرۆفسۆر "مایك لێوینە" لەو پەیوەندییەدا دەڵێ: "ئەو ئانزیمانەی کە بەرپرسن بۆ دووپاتبوونەوەی پەیتا پەیتای د. ن. ئا، رەنگە سەد لە سەد و بە تەواوی نەتوانن ئەو کارە پێك بێنن."

ئەو هەڵە بەهەڵکەوتە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە چەشنی تازەکاندا. کاتێك د. ن. ئا گۆڕانکاریی بەسەر دابێ و تایبەتمەندییەکانی پێشووی خۆی لە دەست بدات، "ژێن"ەکانیش ئاڵوگۆریان بەسەردادێت و تەواوی ئەو پرۆسیە بە پێی کات دەبێتە هۆی پێکهێنانی ئاژەڵێك بە تایبەتمەندی و "ژێن"ی نوێ. بەڵام لێکۆڵینەوە لەو ئاخرانەدا نهێنییەکی ئاشکار کردوە. کاتێك زانایان لە دەیەی 1970 (د. ن. ئا)ی ئاژەڵ و گیاکانیان کۆدبەندی یاخود رەدەبەندی دەکرد، شۆکە ببوون. ئەوان پێیان وابوو کە "ژێن"ی ئاژەڵەکان جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ یەکدا هەیە. بەتایبەت سەبارەت بە ئێمەی مرۆڤ بۆیان دەرکەوت کە جیاوازییەکی زۆرمان لەگەڵ "ژێن"ی ئاژەڵەکاندا نییە.

**بۆ وێنە، زیاتر لە 96 لە سەدی ژێنەکانمان لەگەڵ چەشنە شەمپانزەیەکدا وەك یەکن. "ژێن"ی مرۆڤ بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ "ژێن"ی سەگ 75 لەسەدی وەك یەکن. تەنانەت 33 لەسەدی "ژێن"ی مرۆڤ وەك "ژێن"ی گوڵی نەرگیسە.**

% 96 
شەنپانزە

%75 
سەگ

%33 
گوڵی نەرگیس

پرسیار لێرەدایە کاتێك د. ن. ئا ی ئاژەڵ و گیاکان هێندە لێك نزیکن، بۆچی ئەو هەموو چەشن گیانلەبەرە جۆراوجۆرانە هەن؟ بۆ دۆزینەوەی ئەو پرسیارە دەبێ سەیری سەرسووڕهێنەرترین ئاڵوگۆڕێکی کە تا ئێستا پێك هاتوون، بکەین.

نەهەنگ و دولفین ماسی نین. ئەوان ئاژەڵی مەمکدارن. زیاتر لە 55 ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا پێشینیانی ئەو چەشن ئاژەڵانە ویشکاییان بە جێ هێشتووە و لە دەریاکاندا ژیاون.

دوکتور "دەیوید کێنگستلی" لە زانستگای ستانفۆرد خەریکی گەڕان بەدوای ئەو نهێنییەوەیە کە لەبەر چ هۆیەك وەچەی نەهەنگ قاچەکانیان لەدەستداوە و بۆ نێو دەریاکان چوون.

دوکتور "دەیوید کێنگستلی" دەڵێ: ئەگەر ئێمە سەیری نەهەنگ بکەین دەبینین کە ئەوان خەت دارن و دەتوانن بە گورجی لە ئاودا مەلێ بکەن. ئەو خەت دار بوونەیان بە لەدەستدانی ئەندامی سروشتیی پشتیی پێك هاتووە."

پێشینیانی ئەو نەهەنگانە قاچەکانی پێشەویان بوون بە باڵ. بەڵام چلۆن ئەندامی پشتییان بە تەواوی لەدەست داوە؟ چ ئاڵوگۆرێك لە د. ن. ئا یاندا بۆتە هۆی پێکهاتنی ئەو ئاڵوگۆڕە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە مەزنە دەگەڕێتەوە بۆ یەك لە بچووکترین ئاژەڵەکانی سەر زەوی ماسی "ئابنووس" کە دوو شکڵی جیاوازیان هەیە.



ماسی "ئابنووس"

تاقمێك لەو ئاژەڵانە ئەندامێکی پشتییان هەیە. کاتێك بۆ وێنە ماسی "قزل ئالا" بیهەوێ ماسییەکی "ئابنووس" بخوات و قوتی بدات، بەهۆی پانبوونی ئەندامی پشتیەوە، بۆی قوت نادرێ و ماسییە ئابنووسەکە دەتوانێ خۆی رزگار بکات. لەو ئاوانەی وا ماسی "قزل ئالا" ی تێدانییە، هێندێك چەشن لە ماسی "ئابنووس" ئەندامی پشتیی خۆیان لەدەست داوە.



ماسی ئابنووس بێ ئەندامی پشت

ئەو مەسەلەیە سەرەداوێکی داوەتە دەست زانایان کە چلۆن نەهەنگ قاچەکانی لەناو چوون.
زانایان دەڵێن : "بۆ ئاڵوگۆر بەسەردا هاتنی ئەندامی پشتی ماسییەکان "ژێن" ێك بە ناوی "پێتێکسوان" بۆ کۆنترۆڵ بەرپرسە. ئەوە تەنیا "ژێن"ێکە، بەڵام زۆر "ژێن"ێکی گرنگە. رێگایەك کە ئەندامی پشت بەهۆی ئەوەوە گۆڕانکاری بەسەردادێ و پەرە دەستێنێ. ئەو "ژێن"ە دەبێتە هۆی چالاککردنی هەندێك لە "ژێن"ە کانی تریش."
ماسی بە ئەندامی پشتییەوە و ماسی بە بێ ئەندامی پشتیی، هەردووکیان "ژێن"ی (پێتێکسوان)یان هەیە. ئەو شتەی دەبێتە هۆی جیاوازی مابەین ئەو دوو چەشنە، "ژێن"ە کە نییە، بەڵکوو بەشێك لە د. ن. ئا هاوتەریبی ئەو "ژێن"ەیە. لە ماسییەکانی ئابنووس بە ئەندامی پشتییەوە بەشێك لەو د. ن. ئا یە کە کلیلی میزانی پێ دەگوترێ، وەڵامدەری هاندانی کیمیایین و دەبنە هۆی چالاك کردنی "ژێن"ی پێتێکسوان و لە نەهایەتدا دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ئەندامی پشتیی. بەڵام لە ماسی ئابنووسی بە بێ ئەندامی پشتیی گۆڕانکارییەکی بچووك لە د. ن. ئا دا کلیلی میزانەکەی ناچالاك کردوە و لە نەهیەتدا ئەندامی پشتیی پەرە ناستێنێ.
زانایان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەو شتەی لە ماسی ئابنووسدا پێك دێ، لەسەر نەهنگیش راستە و پروسەیەکی هاوچەشنیان دەبێ هەبێ. گۆڕانکارییەکی بچووك لە د. ن. ئا کلیلی میزانی پێشینیانی نەهەنگەکان "ژێن"ی " پێتێکسوان" ی لە چالاکی خستووە. هەر ئەو ماسەلەیەش دەکرێ ببێتە هۆی راگرتن و پەرە نەسەندنی قاچەکانی پشتەوەیان. دۆزینەوەی ئەو کلیلە نیشانی دەدات کە چلۆن چەشنێك لە ئاژەڵ دەبێتە هۆی پێکهێنانی چەشنێکیتر. ئەوە هەروەها روونی دەکاتەوە کە بۆچی "ژێن"ی ئاژەڵ هێندە لێك نزیکن.

دوکتور "دەیوید کێنگستلی" دەڵێ: "یەك لەو بۆچوونە تێپەڕبوو لە سنوورانە ئەوەیە کە بە گشتی ئەو ئاژەڵانەی ئێمە دەیانناسین لە ساکارترین کرمەوە بگرە هەتا مرۆڤ، کەم یا زۆر هەموو "ژێن"ی هاوچەشنیان هەیە. بەڵام ئەو شتەی لێکتر جیاوازیان دەکات و ئەو شتەی بۆتە رووداو و پێکهاتنی ئەو هەموو چەشنە جۆراوجۆرانە، ئەو "ژێن"انەن کە بە شێوەیەك پەرەیان سەندووە.
زانستی نوێی ژێنێتیك نیشانی دەدات کە گەشەسەندن گورجتر و ساکارتر لەو شتەیە کە زانایان بیری لێ دەکەنەوە. زیاتر لە 150 ساڵە مرۆڤ

هێرش بۆ تیۆرییەکەی داروین دەبەن بەڵام بە سەیر کردنی بەڵگەکان بۆمان روون دەبێتەوە دژایەتیکردنی تئۆریی داروین هیچ جێگایەکی بۆ نامێنێتەوە. زانست سەلماندوویە کە یەك بەدوای یەکدا هەڵەیان کردوە. بەڵگەکان هێندە پتەون کە هەموو زانایانی ئەوڕۆیی ئەو ڕاستییەیان سەلماندوە.

هەڵبژاردنی سروشتی نەتەنیا رەنگاوڕەنگیی دنیای غەنی سروشتی شی دەکاتەوە، بەڵکوو تەنیا روونکردنەوەی عەقڵانییە بۆ سەلماندنی ڕاستییەکان جا لە رەنگی گوڵەکانەوە بگرە هەتا باڵەکانی نەهەنگ. لە روانگەیەکەوە رەنگاوڕەنگی و فرەچەشنی ژیانی سروشتی زۆر سەرسووڕهێنەرە. وێدەچێ ئەو کارە وەك پەرجۆیەك وابێ. بەڵام ڕاستییەکەی ئەو پەرجۆیە هەمان یاسای ساکاری سروشتییە کە بۆتە هۆی پێکهێنانی ئەو هەموو رەنگاوڕەنگییە و یەك لەو پەرجۆیانە مێشکی مرۆڤە کە توانایی تێگەیشتنی ئەو یاسا ساکارە سروشتییانەیە کە چلۆن ئێمە هاتووینە سەر زەوی و چلۆن ژیانمان درێژەی دەبێت.

# دیالۆگ



نووسینی : نادر فەتحی (شوانە)

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات / بۆکان

www.rojhalat.de

redaktion@rojhelat.de

## پێشەکی :

بەڵگە و قسەی ڕاست یەك لە هەرە گرنگترین چەك و لۆژیکی مرۆڤن. بە قسە کردن و دیالۆگی سالم دەکرێ زۆربەی کێشەکان ڕێگا چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە. ئەزموون سەلماندویەتی کە زۆر جار بە دیالۆگ سەرکەوتوویی وەدەست دەهێنرێت. دیارە جارجارەش ڕێگای دیالۆگ دادەخرێ و مرۆڤ ڕێگایەك هەڵدەبژێرێ کە دەبێتە هۆی شەڕ و قڕە و لە کۆتاییدا دوژمنایەتی کردنی یەکتر. جاری وایە لە دیالۆگدا بارودۆخێك پێش دێ کە باشترین بەڵگە و ئارگۆمێنت کاڵ و بێ رەنگ دەنوێنن. دوو لایەنی دیالۆگەکە بە هیچ شێوەیەك ناتوانن و یاخود نایانهەوێ ڕێگایەکی ڕاست بۆ پێداڕۆیشتنی هاوبەش بدۆزنەوە و هیوای هەرچەشنە پێکهاتنێک کوێر دەکەنەوە. ئەوەش جێگەی سەرسووڕمانە!

بەڵام تەنانەت لە بارودۆخی واشدا هیوای هەڵبژاردنی ڕێگایەکی دروست و لۆژیك، بە جێی ڕێگای تووڕەیی و ناشارستانی بە تەواوی نابەسترێ. "مێتۆد" یاخود شێوەگەلێکی تایبەت لە دیالۆگدا هەن کە دەکرێ پێشگری لە هاتنە پێشی ئەوچەشنە ڕووداوانە بکەن. بەو نووسراوەیە هەوڵ دەدرێ ڕۆشنایی بخرێتە سەر ئەو گۆشە تاریکەی لۆژیکیی مرۆڤ .

**ئێمە هیچ گوشارێکمان لەسەر نییە بۆچوونەکانی لایەنی دیالۆگ بسەلمێنین، بەڵام هەنگاوێکی گەورەمان هەڵێناوەتەوە ئەگەر فێر بین لە دیالۆگەکەدا لانی کەم ڕێز بۆ بیر و بۆچوونەکانی یەکتر دابنێین و سووکایەتیان پێ نەکەین.**

شتێکی سروشتییە هەرکام لە ئێمە پرێنسیپ و شێوەی بیر و بۆچوونی خۆمان هەیە و هەوڵ دەدەین لە دیالۆگدا ئەو بیر و بۆچوونانەمان بە هێنانەوەی بەڵگە و لۆژیگ بە یەکتر بسەلمێنین. بەڵام هەرکات یەک لە لایەنەکان لەسەر قسەکانی خۆی سوور بێت، شێوەی فەناتیک بگرێتە بەر و بیهەوێ بۆچوونەکانی بەزۆر بسەلمێنێت، دیالۆگەکە شێوەیەکی تر بەخۆیەوە دەگرێ- بەتایبەت ئەگەر ئەو دیالۆگە لەسەر باوەڕ (ئایین، نەتەوە، مێژوو و ...) بێت. ئەو چەشنە دیالۆگانە لە بارودۆخێکی تایبەتدا دەتوانن ببنە هۆی پێکهاتنی مرۆڤی ڕاسیست و ڕەگەزپەرست. لێرەدا و لە بارودۆخێکی وادا ئێتر ئەو"مێتۆد"انەی وا دەمانهەوێ لەو نووسراوەیەدا باسی لێ بکەین، کارلێکەرییان کەم دەبێتەوە و دەرگای هومێدیان لەسەر دادەخرێ.

لێرەدا هەوڵ دەدەین لە دوو لایەنەوە سەیری ئەو دیاردەیە بکەین: **یەکەم،** لە دیالۆگدا لێکۆڵینەوە لەسەر بەڵگە و ڕاست و دروست بوونی تەوەرێک کە سەرەکی نییە و دەکری زۆر زوو بسلمێندرێ. **دووهەم،** دیالۆگ لەسەر تەوەرێکی سەرەکی، کە زۆربەی کێشەکان و ڕێك نەکەوتنەکان هەر لەو شێوە دیالۆگانەدا پێکدێن. بۆ باشتر نیشاندانی ئەو چەشنە دیالۆگە، کەڵك لە دیالۆگێك لەسەر ئایینی فەناتیک وەردەگرین کە بە بڕوای من نموونەیەکی پڕ بە پێستە بۆ ئەو مەبەستە. دیارە ئەزموونی دیالۆگەکە دەکرێ بە جێی ئایین، بەهەمان چەشن لەسەر "ڕەگەز"، "مێژوو".... و زۆر تەوەری تریش هەر راست بێ.

بۆ شیکردنەوەی باسەکە و هەڵسەنگاندنی "مێتۆد"ەکان، "ئایین" نموونەیەکی زۆر گونجاوە. لێرەدا دەبێ بگوتری هەڵبژاردنی ئایین لەم نووسراوەیەدا بۆ رەخنەگرتن لە ئایین نییە. شیکردنەوە و لێحاڵیبوون لە "مێتۆد"ەکان بەهۆی تەوەرێکی تایبەتی وەك "ئایین" کە زۆربەی بۆچوونەکان سەبارەت بەو، تێئۆرین گونجاو ترە لە دیالۆگی کێشە لەسەر خاک. (بۆ نموونە کێشەی مابەینی دوو نەتەوە لەسەر بەشکردن یاخود بە هی خۆ زانینی زەوی و یا وڵات).

خوێنەر نابێ چاوەڕوانی ئەوە بێ کە دوای خوێندنەوەی ئەو نووسراوەیە ئیتر نوشتویەکی جادوویی بۆ دیالۆگ بەدەستەوە دەبێ و ئەو "مێتۆد"انە دەتوانن لە هەموو بارودۆخیکدا رێنوێنی بن. ئەو نووسراوەیە هەوڵ دەدا بە "شی" کردنەوە و ناساندنی "مێتۆد"ەکانی دیالۆگی زانستی، پەردە لەسەر مێشکی تەم گیراوی هەندێک مرۆڤ لادا، کە بە بۆچوونی فەناتیکانەیانەوە تەنیا خۆیان لە کۆمەڵگادا دەبینن و بە هیج شێوەیەك گوێڕادێری بۆچوونەکانیتری ئەندامانی کۆمەڵگا نین.

## سەلماندن، قەناعەت پێ هێنان (تێز)

بەڵگە هێنانەوە لە دیالۆگدا، شێوە ڕستە یا گوتەیەکە کە ڕاست بوون و قەناعەت پێ هێنانی لایەنی بەرابەر سەبارەت بە ناوەڕۆکی دیالۆگەکە دەسەلمێنێ. بەو شێوە دێڕ یا گوتەیە "تێز"یش دەگوترێ. ئەو "تێز"انە دوو چەشنن: **تێزی ستاندارد** یا ئاسایی و **تێزی فوندامێنتال** یاخود سەلمێندراو و نەگۆڕ.

لە تێزی چەشنی یەکەمدا بەڵگەکە یا دێڕی باسەکە لۆژیک دەنوێنێ، جێی باوەڕپێکردنە و بناغەیەك پێکدێنێ بۆ ئەوەی باس لەسەر تێزەکە درێژەی پێبدرێ و تەنانەت دەکرێ ئاڵوگۆڕیشی بەسەردا بێ. بەڵام لە تێزی دووهەم واتە لە فوندامێنتالدا بە پێچەوانە، تێزەکە دارێژراو و نەگۆڕە و هێچ ڕێگایەك بۆ باس لەسەر کردن ناهێڵێتەوە. ئەو چەشنە تێزانە پێکهاتوون لە باوەڕ یا پڕێنسیپ. دیارە هەوڵ دەدرێ بە بەڵگە، دژ یا لە ئاڕاستەی تێزەکان دیالۆگ بکرێ، بەڵام چونکە باس لەسەر پڕێنسیپە، تەنیا بە پڕێنسیپێکی تر دەتوانین بەربەرەکانی لە تەکدا بکەین و لەئاکامدا پڕێنسیپ لەبەرانبەر پڕێنسیپدا ڕادەوەستێ و ئەوە ئەو کێشەیەیە کە باوەڕەکان، ئایینەکان، بۆچوونە جۆرواجۆرەکان و ئەوی کە مرۆڤ بە چ چاوێک و لە چ ڕوانگەیەکەوە سەیری ئەو دنیایە دەکا، لە بەرانبەر یەکدا ڕادەگرێت. دەتوانین بڵێین لە چەشنی یەکەمدا هەوڵی قەناعەت وەرگرتن دەدرێ و زۆر زوو هەرکام لە دوو لایەن لەسەر شتێك ساغ دەبنەوە، بەڵام لە هی دووهەمدا دوای ئەوەی کە نەتوانرا یەك لە لایەنەکان قەناعەت بەویتر بێنێ، هەوڵی گۆڕینی بۆچوون و باوەڕەکان دەدرێ.

بۆ نموونە ئەگەر ئێمە هەوڵ بدەین مرۆڤ لە کێشانی مادەبێهۆشکەرەکان دوور بخەینەوە، ئەو تێزە دێنینەوە کە: "مادەبێهۆشکەرەکان دژ بە سڵامەتی مرۆڤن و تەمەنیان پێ کورت دەبێتەوە". لەسەر ئەو بۆچوونە سروشتییە کە هیچ کەس دژ بە سڵامەتی و تەمەنکورتی خۆی ناجوڵێتەوە، بناغەیەکی بەڵگەیی پێک دێت کە دەبێتە هۆی پێکهێنانی "تێز". **ئەوە چەشنی یەکەمە.**

کەسێک کە گیرۆدەی مادە بێهۆشکەرەکان بێت، سەرەڕای ئەوی کە ئەو ڕاستییەش دەزانێت، گوێ بەو بۆچوونە نادات کە: "مادە بێهۆشکەرەکان دژبە سڵامەتیی لەشن و تەمەنی مرۆڤ کورت دەکەنەوە". تەنانەت ڕەنگە ئەو بارودۆخەی کە لەکاتی "نەشەبوون" دا هەیەتی بە گرنگتر بزانێت لە سڵامەتی و

تەمەن درێژی. چۆن دەتوانرێت بە بەڵگە پێی بسەلمێنرێت کە ئەو کارە نەکات؟ ئەو بۆخۆی پرێنسیپێکی دۆزیوەتەوە و ئامادە نییە هیچ پرێنسیپێکی تر لە جێگای دانێ. **ئەوە چەشنی دووهەمە.**

بەگشتی وشەگەلی "بەڵگەهێنانەوە"، "سەلماندن"، "قانعکردن" و... بە شێوەی جۆرواجۆر کەڵکیان لێ وەردەگیرێت. هەرکام لەو ئارگۆمێنتانە بەڵگەن بۆ سەلماندنی تێزێک. ئەو بارودۆخانە بەو شێوەیەن : یاسایەک، تیئۆرییەک، باوەڕێک، شکایەتێک ... هەیە و تێزێکی لە پشتە. پرسیار دەکرێ: بۆچی؟ وەڵامدانەوەی ئەو چەشنە پرسیارانە "بەڵگەهێنانەوە" ناو دەنرێ. جاری واهەیە دەسەلمێنرێن و جاری واش هەیە ڕەد دەکرێنەوە. هەر یەک لەو ئارگۆمێنتانە شتێك ڕووندەکەنەوە و مەبەستێکی تایبەتییان هەیە. ئارگۆمێنت دەبێت لەباری لۆژیکەوە دێڕێک یاخود چەند دێڕی تەواو و ڕوونکەرەوە بێت. دێڕێکی ناتەواو هیچکات ناتوانێ ئارگۆمێنت بێ. کاتێ کەسێک لە دیالۆگدا تێزێک دەڵێ، بۆ چەسپاندن یاخود ڕوونکردنەوەی تێزەکە، لایەنی دیالۆگەکەش ئارگۆمێنتی لێی دەوێ. ئەگەر ئارگۆمێنتەکە وا بەیان بکرێ یا هێندە بەڵگەیەکی باش و ڕوون بێ کە جێی هیچ پرسیارێک نەهێڵێتەوە، ئەوە دەسەلمێنرێت. دەبێ ئارگۆمێنتەکە وا بچەسپێ، ڕاستیی بوونی تێزەکە گەرانتی بکات.

لە سەردەمی زوو و لە یۆنانی کۆنەوە هەتا ئەمڕۆ، هونەری قسە کردن یەک لە هەرە گرنگترین و پێویست ترین شێوەی قانعکردنی بەشدارانی کۆمەڵگا بووە. زۆرجار بووە کەسێک بە هۆی باش قسەکردن و بەجێ قسەکردن، بۆ چەسپاندنی تێزەکەی پێویستیی بە بەڵگەی زۆر نەبووە و سەرنجی بەشدارانی دیالۆگەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. بەو شێوە قسەکردنە "ڕێتۆریک" (Rhetorik) دەگوترێ. ئەوکات ئەو شێوە قسەکردنە، شان بەشانی "لۆژیک" دەڕۆیشت و جیاوازییەکی وایان لە مابەینیدا نەبوو. بەڵام لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ، "ڕێتۆریک" و "لۆژیک" بە شێوەیەکی بەرچاو لێک دوور بوونەتەوە و هەرکام بە شێوەی خۆیان پەرەیان سەندووە. "ڕێتۆریک" وەک هونەرێکی نوێ و پەرەسێنراو، وێژەرەکان و بە تایبەت سیاسەتوانان و سەرکردە ئایینیەکان و ... کەڵکی لێ وەردەگرن و لەم نووسراوەیەدا تەوەری باسەکەی ئێمە نییە.

"لۆژیک" وەک کەرەسەیەکی سیستماتیکی گشتی بۆ چەسپاندن و سەلماندنی تیئورییەکان و تێزەکان، خۆی لە "ڕێتۆریک" جیا کردۆتەوە. لێرە دا فۆرمی دێڕەکان و چۆنییەتی سترۆکتورەکەیان زۆر گرنگە. بە واتەیەکیتر سترۆکتوری دێڕەکە، یانی چۆنییەتی ڕیزکردنی وشەکان دەبێ وابێ کە "بۆ نموونە دوای وشەگەلی: هەموو، بڕێک، نا، یا و ئەگەر... لە دێڕەکاندا هۆیەکەی بە دوایدا بێت. واتە وا ڕوون و ئاشکار بێت کە خۆێنەر یا بیسەر دوای خوێندنەوە یا بیستنی دێڕەکە، هیچ پرسیارێکی بۆ نەیێتە پێش.

ئانالیزەکردنی ئارگۆمێنتەکان بەستراوەتەوە بە چەشنی دارشتنیان. دوو ئارگۆمێنتی جیاواز دەتوانن سترۆکتۆرێکی لۆژیکی وەک یەکیان هەبێ و لەباری ماناوە دوو شتی جیاوازیش بن. بەڵام ئەوە زۆر گرنگە کە دەبێ هەردووکیان لەباری لۆژیکییەوە هیچ کەم و کەسرییەکیان نەبێ.

## "ئێنتویمێم" Enthymem

"ئێنتویمێم" ئەمڕۆ یەک لە بەکارهێناوترین فۆڕمی ڕۆژانە و گشتیی "ئارگۆمێنت" هێنانەوەیە. لەودا بە ڕاشکاوی جیاوازی مابەینی "ڕێتۆریک" و "لۆژیک" دەبینرێ. هەوڵ دەدەین لە دوو ڕوانگەوە مانای ئەو وشەیە واتە "ئێنتویمێم" ڕوون بکەینەوە.

1. لە زۆربەی کات و لە قسەکردنی ئاسایی ڕۆژانەدا پێویستی مان بە هێنانەوەی بەڵگە و ئارگۆمێنت نییە. دەنا قسەکردن و ئاخەفتن لەگەڵ یەکتر زۆر ماندووکەر و ئێشک و ناخۆش دەبوو. بۆ نموونە کاتێک مرۆڤ قسە بۆ بەشێکی خوێندەواری کۆمەڵگا وەک دوکتۆر و قازی و مامۆستا و ... دەکات، پێویستییەکی زۆری بە شی کردنەوەی گوتارەکان نییە چونکە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ کە ئەو بەشە لە کۆمەڵگا زانیاریان سەبارەت بە تەوەرەکان بەرز بێت. مرۆڤ لێرەدا بە شێوەی "ئێنتویمێم" باسی ڕاستەوخۆ لە ئارگۆمێنتەکان دەکات، ئەگەر بڵێ: **"سوقرات ڕۆژێک دەمرێ"**. لێرەدا مرۆڤ تەنیا لە مێشکی خۆیدا ئەو گوتەیە یا ئارگۆمێنتەی وەبیر دێتەوە کە: "هەموو مرۆڤێک دەمرێ"، سوقراتیش مرۆڤە، واتە ئەویش ڕۆژێک دەمرێ. لێرەدا ئیتر بێژەر پێویست ناکا بۆ چەسپاندن و سەلماندنی گوتەکەی ڕوونی بکاتەوە کە: **"هەموو مرۆڤێک دەمرێ، سوقراتیش مرۆڤە، واتە ئەویش ڕۆژێک دەمرێ"**. جیاوازی مابەینی بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆی "لۆژیک" و "ڕێتۆریک" لێرەدا زۆر ڕووکارییە. ئەوە یەک لە ماناکانی "ئێنتویمێم" ە.

بۆ ڕوونکردنەوە نموونەیەک دەهێنمەوە:

هیوا دەڵێ : بە بڕوای من، "X" دەبێ هەمیسان بە سەرۆک کۆماری هەڵبژێردرێتەوە، بارودۆخی ئێستا زۆر ناسکە و "X" دە ساڵە حکوومەت دەکا.

هاوڕێ لە بەرابەریدا دەڵێ :

بە بڕوای من، "X" ئیتر نابێ هەڵبژێردرێتەوە، بارودۆخی ئێستا زۆر ناسکە و "X" دە ساڵە حکوومەت دەکا. ئەو دوو ئارگۆمێنتە "ئێنتویمێم"انە ڕووکارەکەیان

وەک یەک وایە. بەڵام دوو تێزی جیاوازن. هەدووک لایەن بۆ چەسپاندنی تێزەکانیان لە ئارگۆمێنتی وەک یەک کەڵک وەردەگرن.

2. بە هۆی هەڵس و کەوتی مرۆڤ یاخود لەق بوونی زانیارییەوە، زۆر کەم هەڵدەکەوێت کە بە ئەوپەڕی ئەرخەیانیی و سەد لەسەد بڕیار لەسەر ڕاستبوونی تێزێک بدرێت. مرۆڤ لە زۆربەی تێزەکاندا بە شێوەی ئەگەری دەدوێ، ئەگەر ئەو تێزە ئاوابی وای لێ دێ دەنا... . ئەوەش یەکێکی تر لە مانای "ئێنتویمێم"ە. بۆ نموونە کاتێ دەڵێن : " مرۆڤ نابێ بڕوای بە گوتارەکانی سیاسەتوانی "X" هەبێت، چونکە ئەو لە بارودۆخی بەربەرەکانی هەڵبژاردن دایە". ئارگۆمێنتێکی وا ناکرێ بە ڕاشکاوی ڕەد بکرێتەوە، بەڵام ئەو ئارگۆمێنتە خۆی لەخۆیدا پەیامێکی پێیە کە دژ بە کردەوەی سیاسەتوانەکە ڕادەوەستێت. "ئێنتویمێم"ەکە لێردا پێمان دەڵێ : سیاسەتوانان لە کاتی هەڵبژاردندا درۆ زۆر دەکەن، "X" سیاسەت وانە، کە وابوو "X" بە ئەگەرێکی زۆر درۆ دەکات.

ئەو چەشنە تێزانە تەنیا لەسەر "ڕەنگە" و "ئەگەر" ساز کراون.

### پێکهاتەکانی ئارگۆمێنت

به گشتی هەر ئارگۆمێنتێک لە یەک یا چەند دێڕ پێکهاتووە کە ئێمە پێشتر ناوی تێزمان لەسەر دانا. جاری واهەیە کە ئەو تێزانە زۆر پێویست و گرنگن و جاری واشە تەنیا شێوەی "ئەگەر" و "ڕەنگە"ی هەیە. کاتێک ژنێک دووگیان دەبێت، بەپێی یاسای بیۆلۆژی ئارگۆمێنتی پێویست دەڵێ: یا دەبێ نزیکی لەگەڵ پیاو کردبێ، یا بە شێوەی سازکراو و چێکراو توویان لە منداڵدانیدا چاندبێ. لێرەدا بە پێی ئەو ئارگۆمێنتە، شتەکە تەواو ڕوونە و بۆ هەموو کەس جێگای باوەڕە.

ماکسیم گورکی دەڵێ : "نووسەران کاخی خەیاڵی سازدەکەن، خوێنەران تێدا دەژین و چاپخانەکانیش کرێکەی وەردەگرن". ئەوە، پرێنسیپێکە کە هەرکەس بە فانتازی خۆی لێکی دەداتەوە. لە ئارگۆمێنتی وادا ئەوی کە کامە بەش لە دێرەکە پرێنسیپە و چەند پرێنسیپی تێدایە پێشاندەری لۆژیکی دێرەکە نییە، بەڵکوو گرنگ ناوەڕۆکی دێرەکەیە. ئەوەیکە پرێنسیپەکان زۆرجار دوویات دەبنەوە، ڕەنگە وابێ، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و بەسراوە بە ئینترەسەی هەرکام لە ئێمە و ئەوەیکە کام یەک لەو پرێنسیپانە بۆخۆمان هەڵدەبژێرین، بە شێوەی چوارچێوەیەکی زانستی لێ دێ کە

هەڵس و کەوت تەنیا لەو چوارچێوەیەدا بەدی دەکرێ و ڕاست و دروستبوون و یاخود ناڕاستی تێزەکان لەو کاناڵەوە هەڵدەسەنگێنرێن.

ئەو چەشنە پرێنسیپانە لەوانەیە هەم بۆ سەلماندنی تێزێک بەکار بهێنرێت و هەم بۆ ڕەدکردنەوەیان. کۆبوونەوەی ئەو پرێنسیپانە لە ناو مێشکی مرۆڤدا دەبێتە مەحەکی هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکانی. ڕەخنەگرتن دەبێتە هۆی وەلانان و بەکارنەهینانی ئارگۆمێنتەکان. کاتێک مرۆڤ هەست بەوە دەکات کە بەهۆی ئارگۆمێنتیک ناتوانی ڕاستبوونی تێزیک بسەلمێنی، وەلای دەنێ.

لە هەندێک ئارگۆمێنتدا پرێنسیپێکی گشتی بە شێوەی نەرێنی بۆ دروستکردنی تێز بەکار دەهێنرێت. بۆ نموونە لەو تێزەدا دەگوترێ: "من دەتوانم هەر ئەندازە کە پێم خۆش بێ دزی بکەم و خەڵکی فریو بدەم، بەومەرجەی خۆم بەدەستەوە نەدەم". بۆ ئەوەی دیاری بکەین کە ئەو بۆچوونە، هەڵس و کەوتێکی باش نییە، دایدەنێین کە هەموو بەشدارانی کۆمەڵگا ئەو بۆچوونە هەڵە خۆپەرەستانەیان هەبێ. ئاخوا چ کۆمەڵگایەکی سەیر و پڕ لە کارەساتمان دەبێت؟ بە ئەرخەیانییەوە دەتوانم بڵێم کە تێزی وا لە کۆمەڵگادا جێی نییە و ئەو چەشنە تێزانە کڕیاریان نییە. لە بەرانبەر ئەو بۆ چوونەدا تێزێکی جوان هەیە کە دەڵێ: "ئەو شتەی پێت خۆش نییە بە سەرت بێ، بەسەر کەسیشی مەهێنە!"

نموونەیەکی تر: دایدەنێین تەوەری دیالۆگەکە ئەوەبێ کە "ئایا لە وڵاتیکی مەسیحیدا ئایینەکانی تریش مافی پرۆپاگەندایان هەبێ یان نا؟" ئەگەر بەچاوی کاتی زوو ئەو تەوەرە سەیر بکەین کە: "بە پێی ئەو ئایینەی(جا هەر ئایینێک بووە لێرەدا گرنگ نییە) لە وڵاتەکەدا حاکم بووە بە ئارگۆمێنتی (ئارامڕاگرتنی کۆمەڵگا و پێشگرتن لە گێرەشێوێنی) بە هۆی بەرچاوتەنگییانەوە هیچ بایەخێکیان بە بیر و بڕواکانی تر نەدەدا و تەنانەت دەیانگوت: **"هەرکەس جگە لە ئایینی ئێمە بڕوای بەشتێکی تر هەبێ، هەڵەکارە"**. دیارە لێرەدا دەکرێ ئەو ئارگۆمێنتە دژ بە خۆشیان بە کاربهێنرێت!

ئەو ئارگۆمێنتە ئاوا شی دەکەینەوە: ئەگەر مرۆڤ بڕوای بە ئایینی حاکم نەبێ، هەڵەکارییە، واتە جگە لە خۆی و ئایینەکەی هەموو کەسێکی تری پێ هەڵەکارە! چ تێزێکی بەرچاو تەنگە! بەو تێزە پرێنسیپێکیان بۆخۆیان پێکهێناوە کە تەنیا خۆیان پێ بەرحەقە و بەس. ئەگەر سەیری ڕابردوو بکەین، ئەوکات زۆربەی ئایینەکان و بیروباوەڕەکان لە ئارگۆمێنتی وەک یەک بۆ چەسپاندنی بۆچوونەکانیان کەڵکیان

وەردەگرت! یەکێکی تر لە لایەنە نەرێنییەکانی کۆمەڵگا دروستکردن و چسپاندنی داب و نەریتی هەڵەیە. لە سەردەمی زووەوە تەنانەت تا ئەمڕۆش داب و نەریتی وا بوون و هەن کە بوونەتە لەمپەڕێک لە سەر ڕێگای بەرەو پێشچوونی مرۆڤ. سەرەڕای ئەوەش زۆر جار بارودۆخی وا پێش هاتووە کە مرۆڤ بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو داب و نەریتانە ڕێگای خۆی تێدا دۆزیوەتەوە. بە تێپەڕبوونی کات، لادان و وەلانانی ئەو داب و نەریتانە بە هۆی بەڵگە و ئارگۆمێنت هێنانەوەی دروست بەرە بەرە لە وەچە تازەکاندا ڕێگا بۆ دیالۆگ و هەوڵی لێک حاڵی بوونی بیروباوەڕەکان خۆش دەکات.

سەردەمی زوو زۆربەی هەڵس و کەوتەکان لە کەناڵی داب و نەریتەوە بوو. وای لێهاتبوو کە زۆر کەس لەسەر ئەو هەڵس و کەوتانەیان گیانی خۆیان بەخت کردوە. بەپێی ئەوبۆچوونانەیانەوە تێزی سەیر سەیریان بۆخۆیان دروست کردبوو. بۆ نموونە پرسیاری زۆر سەیریان دادەڕشت :

"چی گرنگترە، 'داب و نەریت' یا 'خواردن'؟" وەڵامەکەشی دیارە داب و نەریت بوو. یا:

"چی گرنگترە، 'داب و نەریت' یا 'نیازی سکسی'؟" وەڵامەکەشی دیارە هەمیسان داب و نەریت بوو.

فەیلەسۆفان و ڕووناکبیران هەوڵیان داوە بەپێی بارودۆخی ئەوکات ئەو شێوە هەڵس و کەوتانە شی بکەنەوە و لە بەرانبەریاندا، پرسیاری تر لە چوارچێوەیەکی بەڵگەییدا دابڕێژن :

**ئایا بیرتان لە ئاکامی ئەوە کردۆتەوە کە چ دەقەومێ ئەگەر "برسییەتی" یا "نیازی سکسی" بە هۆی لەمپەری "داب و نەریت"ەوە ببێتە کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتیی؟**

## پرەنسیپی وەک یەک یا پرەنسیپی مافی بەرانبەر

لێرەدا مرۆڤ لە ئارگۆمێنتی گشتی کەڵک وەردەگرێ و هەوڵ دەدا پرەنسیپەکە وەک ناوکی بەڵگە بە بۆچوونەکەیەوە بچسپێنێ. بۆ نموونە بۆ دیالۆگ لەسەر وشەی "دیمۆکراسی" بەڵگەی "هەموو مرۆڤێک لە لایەن سروشتەوە یەک مافیان هەیە" دێنێتەوە کە هیچ کەس ناتوانێ ڕەدی کاتەوە و ئەو تێزە بۆ چەسپاندن و سەلماندنی ئەوی کە هیچ شێوەیەکی حکوومەتداری باشتر لە نیزامی دیمۆکراسی نییە، بەکاردێنێ. بەڵام مرۆڤ هەموو وەک یەک نین یاخود ڕەنگە لە بڕێک شت دا وەک یەک بن. یا باشتر بڵێین، ئەگەر بە وردی سەیر بکەین، شتی هاوبەشیان تێدا دەبینینەوە. ئەو وێکچوونەیان بەڵگە نییە بۆ ئەویکە لە باری پرەنسیپەوە وەک یەک بن. "Hobbes"هۆبس لە روانگەی فەلسەفی - سیاسی یەوە ئەو ئارگۆمێنتە دێنێتەوە :

"سروشت مرۆڤی لە باری لێهاتوویی جەستە و رۆحەوە وەک یەک دروست کردوون، سەرەڕای بوونی ئەو راستییە کە هێندێکیان لەباری جەستە و بیرکردنەوە لەوانیتر بەهێزترن، جیاوازییەکی سەرەکییان لەناودا نییە کە ببێتە هۆی بەهرەی لایەنێک لە بەرانبەر ئەویتردا. ئەوەی کە هێزی لەشیش بگرێتەوە، هەرە لاوازەکەیان ئەوەندەی هێز لەبەردایە کە یا بە یەککگرتوویی لەگەڵ مرۆڤیتر و یا بە فێڵ و دەلەسە بەهێزەکان لەناو بەرن ....

دیارە ئەو ئارگۆمێنت و بەڵگەیەی "هۆبس" بۆ هێزی لەشی مرۆڤی دێنێتەوە ناکرێ لەگەڵ ئارگۆمێنتی "دیمۆکراسی هەڵبسەنگێنرێت، کە هەردووکیان باس لە یەکبوونی مرۆڤ دەکەن.

## پرەنسیپی "کەس بە کەس" یا ئاڵۆز

ئەو شکڵە لە دوو ئارگۆمێنت پێکهاتووە: (1) جگە لە خودی تێزەکە چەند ئیمکانیتر لە پەنا تێزەکە وەک ئاڵترناتیو دەبینرێ. (لە شکڵی "کەس بە کەس" دا تەنیا دوو ئاڵترناتیو هەن کە هەردووکیان وەک یەک بێ کەڵک و دژ بە خەڵکن، وەک هەڵبژاردن لە مابەین بەرەی ئەحمەدی نژاد و مووسەوی لە ئێران). (2) لە حاڵەتی دووهەمدا هیچکام لە ئیمکانەکانی تر ئەو شێوەیە نین کە بکەونە ژێر پرسیار و جێگای تێزەکە بگرنەوە، کە ئەوکات بە مەجبووری تێزەکە هەڵدەبژێررێت.

بۆ پێکهێنانی دیکتاتۆری بەو ئارگۆمێنتانە کە (1) ئازادی و هەبوونی بەرچاوی خواردەمەنی بۆ کۆمەڵگا، لە بارودۆخێکی تایبەتدا مەبەستی نەهایین و پێویست بە هێچ ئاڵترناتیوێکی گرنگیتر نییە و (2) "ئازادی"ش لە بەرانبەر برسێتیدا نە جێگای هەڵبژاردنە و نە دەردی خەڵکی برسی پێ دەرمان دەکرێ، نیزامی دیکتاتۆری بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن!

بۆ نموونە لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەمدا بۆیە نیزامی دیکتاتۆڕی لەسەر کارن، چونکە مرۆڤ تەنیا لە مابەین **"ئازادی"** و **"زگ تێرکردن"** یەکیان دەتوانێ هەڵبژێرێت، کە لێرەدا تێربوون گرنگترە لە ئازادی! شان بەشانی هەر چەشنە فەناتیزمێک پرەنسیپی "کەس بە کەس" ڕاوەستاوە و ئارگۆمێنتەکەیان ئەوەیە کە:

**"هەرکەس بۆ من نەبێ، دژ بەمنە".**

## شێوەی ڕێژەیی(نیسبییەت)

بە پرەنسیپێکی لۆژیکییەوە هەوڵ دەدەین لەسەر پرسیارێک بدوێین کە بۆ وەڵام چەند تێزی جۆراوجۆری هەبێ، کە لەڕاستیدا هەموو تێزەکان ناتوانن هاوکات ڕاست بن، بەڵام هەموویان دەتوانن هەڵە بن.  بۆ مەبەستی شک خستنەسەر تێزەکان دەمانهەوێ تێزی دیاریکراو بە شێوەی ڕێژەیی لەگەڵ چەند ئاڵترناتیوی تردا هەڵبسەنگێنین.

"ئەگەر مرۆڤ لە جێگایەکی نمدار بخەوێ رۆماتیسم دەگرێ و لەوانەیە ئیفلیجیش بێ. لە حاڵێکدا زۆر بوونەوەر هەن کە لە ناو قوڕو چڵپاودا دەژین. ئەگەر مرۆڤ لەسەر دار بێ لە ترسان دەلەرزێ، لە حاڵێکدا مەیموون لەسەر دار دەژین".

کام یەک لەو گیانلەبەرانە جێگای راستەقینەی ژیانیان دۆزیوەتەوە؟

"مرۆڤ گۆشتی زۆربەی بوونەوەران دەخوات، ئاسکە کێوی گیاوگژ دەخوات، هەزارپێ زگی خۆی بە کرم تێردەکات و کوندەبوش مشک دەخوات".

کام یەک لەو گیانلەبەرانە تامی ڕاستەقینەی خواردنیان دۆزیوەتەوە؟

"ژنێکی جوان لەبەر چاوی مرۆڤ جوان دەنوێنێ، بەڵام کاتێک ماسییەک ئەو ژنە جوانە ببینێت رادەکاتە بن ئاوەکە و ئەگەریش باڵندەیەک ببینێ، لەبەری هەڵدەفڕێ"!

کام یەک لەوان باشتر دەزانێ، چی لەسەر ئەم ئەردە جوانترینە؟

بەو ئارگۆمێنتانە دەمانهەوێ چی بسەلمێنین، و چ پرەنسیپێک دیاری بکەین؟ ئەو پرەنسیپانە دێنە ژێر پرسیار:

ئەگەر بۆ ڕوونکردنەوەی وشەیەک یا شتێک، چەند چاوەدێری جیاواز لەسەر چەند بۆچوونی جیاواز ساغ ببنەوە، دەبێ ئەو شتە بە شێوەی ڕێژەیی چاولێ بکرێت.

ئەوە بەو مانایەیە: ئەگەر دوو چاوەدێر (چاوەدێری1) و (چاوەدێری2) دوو بۆچوونی جیاوازیان لەسەر شتێک هەبێت، نابێ لە هەمبەریان نارەزایەتی و پرۆتێست بکرێ چونکە ئەو بڕیارەی (چ1) لەسەر شتەکە- بۆ نموونە "جوانی"، دەیدات رەنگە لە روانگەی (چ2) ەوە "ناشیرین" بێت. هەر بەو هۆیە شێوەی پێشوو و کامیلی شتەکە وەلادەنرێ. پیاو ناتوانێ بە تەواوی و سەداسەد لەسەر جوانی یا بارودۆخێکی ئیدیئال بۆ ژیان بدوێ. لێرەدا ڕێژەیی مەجبوور بەو پرسیارانەمان دەکات کە: جوانی چییە؟ ناشیرینی چییە؟ جا ئەگەر بە جێی جوانی و ناشیرینی، بووچوونەکان و ئەو ڕێژەیە لەسەر کێشەی گەورەتر و بە ماناتر بێت، بە ڕاشکاوی ئەوەندەی تریش دڵتەزێنتر و ناخۆشتر دەبێت. دەکرێ ئەو هەڵس و کەوت و پرەنسیپانە لە لایەن کەسان یا نەتەوەیەکەوە بە شێوەی ئەرێنی و

له لایەن کەسان یا نەتەوەیەکی تریشەوە شێوەی نەرێنی پێ بدرێت! لەبارو دۆخێکی وادا ئیتر ئەو پرسیارە ناکرێت کە ئەو پرەنسیپە ڕاستە یا هەڵە، بەڵکوو دەگوترێ لە لایەن کام نەتەوە یاخود کولتوورەوە بەڕێوە دەچێ!

لەوەش ڕەخنەهەڵگرتری لێ دێ ئەگەر بەجێی وشەی ڕاستبوون لە وشەی "ڕاستبوون بۆ من" و "ڕاستبوون بۆ تۆ" کەڵک وەر بگیرێ! بەو شێوەیە مانا و بوونی وشەی"ڕاستی و ڕاستەقینە بوون" لە ناو دەچێ، کە ئێمە زۆر بە چەتوونی و بێ مەیلی چاوپۆشی لێ دەکەین. لە بارودۆخێکی وادا هەر چەشنە ئارگۆمێنت و بەڵگەیەک بێرەنگ دەکرێن. **لێرەدایە کە سەبووری، گوێ ڕادێری، ڕێزگرتن لە بۆچوونەکان، باوەڕەکان و سووکایەتی پێ نەکردنیان، مرۆڤی ئاسایی و ژیر لە مرۆڤی فەناتیك جیا دەکاتەوە.**

له سەدەی 16 ە دا کەسێک بە ناوی "کاستێلیۆن" Castellion لەسەر وشەی "فەناتیک" بۆ هاندانی خەڵکی بەرەو "تۆلەڕانس"(بەسەبر و حەوسەلە بوون، دڵ فەراوانی) ئاوا دەدوێ:

"بەدوای لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل سەبارەت بە وشەی "فەناتیک" و ئەوی کە کێ دەتوانی فەناتیک بێ، من هیچ شتێکم دەستگیر نەبوو جگە لەوەی کە بڵێم : فەناتیک بە هەموو ئەو مرۆڤانە دەگوترێ کە بۆچوونەکەیان لەگەڵ بۆچوونی ئێمە یەک نەگرێتەوە. ئەوەش نیشاندەری ئەوەیە کە هیچ کەس "فەناتیک" نییە، ئەگەر لە لایەن دەستەیەکی دیکەوە بە فەناتیک نەناسرێ. تەنانەت وای لێ دێ کە تۆ، تۆیەکی کە لەم شارە بە مرۆڤێکی تۆلەڕانس و باش دەناسرێی، لە شار و جێگایەکیتر بە فەناتیکت دادەنێن!

**کە وابوو ، بێینە سەر ئەو باوەڕە، ئەو جێگایە یاخود وڵاتەی کە ژیانی بێ قڕە و بەئاسایشی گەرەکە، دەبێ هەموو بۆچوونەکان، ئایینەکان، ئیدیۆلۆژییەکان و باوەڕەکانی تێیدا جێ بکرێتەوە و بە مافی بەرابەر و ئازادانە، پێکەوە کۆمەڵگا هەڵسووڕێنن.**

## ئارگۆمێنتی نەرێنی

یەک لە هەرە سامناکترین ئارگۆمێنتەکان لەو چەشنەن کە بەهۆی ئارگۆمێنتەکە رووداوێک، یا کارەساتێک، بخۆڵقێندرێ. بۆ نموونە "سێزاریەن" (لەبار بردنی منداڵ). دیارە لە حاڵەتی ئاساییدا ئەو کارە واتە لەبار بردنی منداڵ یاساخە. بەڵام ئەگەر بە هەر هۆیەک، جا چ بەهۆی یاساوە یا بە دزییەوە، ئەوکارە بکرێت، دەبێ لەخۆمان ئەو پرسیارە بکەین: "سنووری ئەو کارە کە لەناوبردنی ژیانیکە، دەبێ لە کوێ بێت؟" ئاخۆ دەبێ لە یەکەمین حەوتووەکاندا ئەوکارە دروست بێ و لە حەوتووی بیستەم دا نا؟ تەنانەت دەتوانین بڵێین بۆچی نەخۆشەکان و پیرەکان لەناو نەبەین؟ یاخود دەتوانین بڵێین: لە چاو سروشتەوە کوشتنی ئاژەڵ و بنیادەم وەک یەکن و هەرتکیان لە ناوچوونی ژیانە و هێچ جیاوازییەکیان نییە. جا چونکە ئیزنی ئاژەڵ کوشتن هەیە دەبێ ... . لێرەدا دەبێ جیاواز لەهەر بیر و باوڕێک کە هەمانە، سنوورەکان سەبارەت بەو چەشنە ئارگۆمێنت دروستکردنانە بەرتەسک بکرێنەوە و ئەو ئارگۆمێنتەمان لە بیر بێ کە دەڵێ: **هەر شتێک سنوورێکی خۆی هەیە!**

ئارگۆمێمتێکی ناسراوی فەیلەسوفێکی چینی هەیە کە چوارسەد ساڵ پێش زایین سەبارەت بە شەڕی نەتەوەکان گوتوویەتی :

[وای دابنێین کەسێک لە بێستانێک "سێوێک" یا "کۆخێک" بدزێت، هەرکەس ئەوە ببیستێت بە تاوەنباری دەناسێت و تەنانەت ئەگەر بتوانن سزاشی بۆ دەبڕنەوە. بۆچی؟ بۆ ئەوەیکە بەهۆی قازانج گەیاندن بەخۆیەوە، زەرەری بە کەسێک گەیاندوە. دزینی مەڕ، بزن، ئەسپ و ئاژەڵێتر بە نیسبەت، زۆر لە میوە دزین خراپترە. بۆچی؟ چونکە بەو کارە زەرەرێکی زیاتر بە خاوەنی دەگەیێنرێت و کارەکەش زۆر ناشیرین و خراپکارانەترە.

بەڵام ئەگەر کەسێک بەبێ تاوان کەسێکتر بکووژێت، کارێکی زۆر نالەبار و خراپە. بۆچی؟ چونکە ئەو زەرەرێکی زۆر گەورەی بە مرۆڤ گەیاندووە و کارێکی دژبە مرۆڤی کردوە و بەو هۆیە سزاکەشی زۆر گەورەترە.

دایبنێین کەسێک خاڵێکی چکوولانەی چڵکنی ڕەش ببینێ و ناوی بنێ "ڕەش"، بەڵام خاڵێکی گەورەی چڵکنی ڕەش ببینێ و ناوی بنێ "سپی"، **بە ڕاشکاوی ئەو کەسە جیاوازی مابەین سپی و ڕەش نازانێت**. کەسێک تامی شتێکی چکوولەی تاڵ دەکا و ناوی دەنێ "تاڵ"، شتێکی گەورەی تاڵ تام دەکا و ناوی دەنێ "شیرین". **ئەو کەسە بە ئەرخەیانی جیاوازی مابەین تاڵ و شیرین نازانێ**. بەڵام لە هەموو ئەوانە گرنگتر، ئەگەر کەسێک کارێکی خراپی چکوولە(وەك پیاو کوشتن) بە تاوان بزانێ و کارێکی خراپی گەورە وەک "شەڕ" دژ بە مرۆڤەکانیتر نەتەنیا بە خراپ نەزانێ بەڵکوو قاویشی بۆ بدا، دەبێ ئەو پرسیارە بکرێ کە ئایا: **[ئەو کەسە جیاوازی مابەین چاک و خراپ دەزانێ؟]**

ئەگەر کارەساتێکی گەورە ڕوویدا و روون بێتەوە کە ئەو کارەساتە لەسەر پلانی داڕێژراو و بە ئاگاییەوە کراوە، ئیتر هەرچەند مرۆڤ بەسەبر و حەوسەلە و دڵ فراوانیش بێت، خۆڕاگریی لە هەمبەردا زۆر چەتوونە.

بۆ نموونە پرەنسیپی "دۆمینە" پرەنسیپێکی نوێی وڵاتە رۆژئاواییەکان بوو کە بە شێوەی شەڕی سارد بە بەرنامەیەکی پێشتر داڕێژراو دژبە وڵاتە بە ناو کومونیستەکان بەڕێوەیان برد. تێزەکەیان ئەوە بوو کە نابێ پشتگری لە وڵاتە رۆژهەڵاتییەکان بکرێ. ئەگەر بەردێک لە "دۆمینە" مکان بکەوێ، ئەوانیتریش بەدوایدا دەکەون. ئەو چەشنە هەڵس و کەوتانە نەتەنیا مرۆڤ بۆ پێکەوە ژین لێک نزیک ناکاتەوە، بەڵکوو زیاتر ڕەشبینیان دەکا و لێکیان دوور دەخاتەوە. کاردانەوکەشیمان بە چاو دیت!

بە پێچەوانەی ئارگۆمێنتەکانی پێشوو، کارەساتێکی ناخۆش باشتر خۆڕاگری لە هەمبەر دەکرێ ئەگەر بە بێ پلانی پێشوو و بە شێوەی هەڵکەوت بوو بێت.

بۆ نموونە مەکتەبی ستالینیزم بە ڕوونبوونەوەی هەڵس و کەوتە نالەبارەکانیان دژ بە ئەو کەسانەی هاوبیریان نەبوون، زۆربەی لایەنگرانی مارکسیزمیان شۆکە

کرد. مرۆڤ ئەو پرسیارانە لە خۆی دەکات: ئەوە تەنیا بەدشانسییەکی بە هەڵکەوت بوو؟ تەسادوفێکی چاوەڕوان نەکراو؟ یاخود ئەو کارەساتە لە هەناوی ئیدئۆلۆژی سوسیالیزم و کۆمۆنیزمەوە هاتە دەرێ؟ لە ڕاستیدا ئەو کارەسات و تێکرووخانە، ئیستسنا(بەتاقانە) بوو؟ یاخود بە بن بەست گەییشتنێکی تیئۆریکی بوو؟ بەو تێز و ئانتی تێزانە لایەنگرانی مارکسیزم بە خۆیانی دەقەبوولێنن کە ئەگەر هەڵەیەک لەکاردا بووبێ ئەوە هەڵەی مرۆڤە نەك تیئۆری مارکسیزم. مارکسیزم هەڵە نییە و ئەوە بەرنامەیەکی پێشتر داڕێژراو نەبووە، بەڵکوو کەڵکی نابەجێی لێ وەرگیراوە.

ئەو بۆچوونە دەکرێ ڕاست بێت. هیچ شتێک لەو دنیایەدا نییە کەڵکی نابەجێی لێ وەرنەگیرێ. هەموو دەزانین کە تەنانەت لە کۆمەڵگای دیموکڕاتیکیش دا سیاسەتوانی ساختەچی دەبینرێن کە زۆر کات کاری نادیمۆکڕاتیانە دەکەن. بەڵام ئایا ئەوە هیچ شتێک لە بایەخی سیستەمی دیموکڕاسی کەم دەکاتەوە؟

بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووداوێك، دەبێ پرۆسەی پێکهاتنی ڕووداوەکە لە ئاراستەی مێژوویدا شی بکرێتەوە. دەبێ ئەو ڕوونکردنەوەیە بە ئارگۆمێنتی مێژوویی لۆژیکی تەیار بێ. بۆ نموونە کاتێ لە باری مێژووییەوە پێکهاتنی ئایینێک لە بنەڕەتەوە و هەنگاو بە هەنگاو بە بەڵگەی لۆژیکی ڕوون دەکرێتەوە، ئیتر پێویست ناکا بە هێزێکی ئیلاهی و ماوەڕای ئینسانی ببەسترێتەوە. زۆرێک لە فەیلەسوفانی جیهان بۆ سەلماندنی ناڕاستبوون و چۆن و بۆچی پێکهاتنی ئایینەکان، لێکۆڵینەوەیان کردوە و زۆربەیان **"ترس"**ی مرۆڤ لە **"سروشت"** و **"مردن"** یان بە یەک لە هۆیە گەورەکانی ناسیوە. بەڵام هێندێکیشیان پارێزیان لە دروستکردنی ئارگۆمێنت دژ بەو تێزە گرتوە، چونکە لە باری لۆژیکیەوە، ڕاستبوون یا ناڕاستبوونی ئەو چەشنە تێزانە، پەیوەندی بە فۆرمۆلیرەکردنیان لە ڕەوتی مێژووییدا نییە. مرۆڤ دەتوانێ مێژووی ئایینێک یا تەنانەت مێژووی پێکهاتنی جەرەیانی "ئیدیۆلۆژیکی" بنووسێ و بیهێنێتە سەر کاغەز، بەڵام خۆ ئەوە، بەڵگە بۆ ڕاستبوون یا ناڕاستبوونیان نییە.

ئارگۆمێنتێک سەبارەت بەو بۆچوونانە دەڵێ: "ئەو کات مرۆڤ لە بەڵگەیەک دەگەڕا بۆ ڕەدکردنەوەی بوونی خودا، بەڵام ئەمڕۆ مرۆڤ لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر ئەوەی کە چلۆن "باوەڕ" بە بوونی خودا پێکهاتووە، کە ئیتر ئەوە دەبێتە هۆی پێویست نەبوونی ڕەدکرنەوەکەی. دەکرێ بڵێین ئەو چەشنە بەڵگە مێژووییانە بە دەگمەن دەتوانن ڕاستبوون یا ناڕاستبوونی ڕووداوێک بسەلمێنن.

زۆر جار کەسایەتی وەک پێشەوای ئایینی، سیاسی، زانستی و ... دەبنە بەڵگە بۆ سەلماندنی بۆچوونێک. وای لێدێ کە لایەن "مەکتەبێک"، "ئایینێک"وە هەر شتێک بگوترێت، لایەنگرانیان بە ڕاستی دەزانن. ئارگۆمێنتەکانیان وەک بەڵگەی گشتیی لێ دێ و تەنانەت بە شێوەی نووسراوە یاخود کتێب، خۆی وا دەسەلمێنێ، کە بە تێپەڕبوونی کات وەک هەموو ئەو کتێبە ئایینیانە و مەکتەبە سیاسییانە، شێوەی چەسپاندن و باوەڕپێکردنی لەناو کۆمەڵگادا بۆ مسووگەر دەکرێت و دەبێتە پرەنسیپێکی گشتی. ئەو بەڵگە و دۆگۆمێنت و ئارگۆمێنتانە وایان لێ دێ کە زۆر ئاسایی لە لایەن بەشدارانی کۆمەڵگاوە دەسەلمیندرێ و کەم کەس دەتوانێ یا دەیهەوێ دژیان ڕاوەستێت. یا زۆر خۆمانەتر دەتوانین بڵێین، زۆربەی بەشدارانی کۆمەڵگا ئەو توانا زانستییەیان نییە کە لە بەرانبەر ئەو چەشن ئارگۆمێنتانەدا ڕاوەستن یا ڕەخنەی لێبگرن. تەواوی ئەو بابەتانەی منداڵ لە قوتابخانە فێری دەبن، جا لە باسی زانستی و سیاسییەوە بگرە تا مێژوو و ئایین و سروشت و ... هیچکامیان گەرانتی یان نییە کە ناوەڕۆکی بابەتەکەیان دروست بێ و کونترۆڵی ڕاستبوونیان لە لایەن قوتابیانەوە زۆر چەتوونە. هەر کەسێکیش دژ بە هەڵەبوونیان ڕاوەستێ بە شێت و نەزان لەقەڵەم دەدرێ. بۆ نموونە کاتێک ئەنشتاین لە قوتابخانە دژ بە بۆچوونەکانی مامۆستای فێرکاری ڕادەوەستا، بە شێت و نەزان دادەنرا، کەچی ماوەیەک دواتر هەر ئەو بۆچوونانەی بوون بە یاسای بیرکاری و تەنانەت گۆیا مامۆستاکەشی داوای لێ بووردنی لێ کردووە. بەڵام بەداخەوە لە کۆمەڵگادا مرۆڤی وەک ئەنشتاین زۆر کەمن.

لە لایەکیتریشەوە هەرچەندە تێزێک، دیالۆگی زیاتر لەسەر بکرێ بەو ئەندازەیەش ئەو تێزە بۆ ئەوکەسەی باوەڕی پێی هەیە گرنگتر دەبێ. ئێمە دەبێ فێربین بۆ هەڵسەنگاندنی شتە ماوەڕای ئینسانییەکان(لە خودا و ئایینەوە بگرە هەتا دیتن و هەڵفڕینی مرۆڤی پلانێتەکانی تر و ئیدیۆلۆژییەکانی تر و بۆچوونە زانستییەکان و ...) خۆمان وا پەروەردە بکەین کە بە چاوی ڕەخنە سەیری ئەو دیاردانە بکەین و نەیانکەین بە بت و لە نەهایەتدا تەنیا بیانپەرەستین. مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە، هەر چەشنە هەواڵ یا ڕووداوێک بە شێوەی ئەرێنی یا نەرێنی بڵاوکەنەوە. موعجیزە(پەرجۆ)، هەمیشە لە جێگایەک پێکدێ کە لە لایەن خەڵکەوە چاوەڕوانی لێبکرێ. بۆ نموونە، دوای بڵاو بوونەوەی ئایینی مەسیحییەکان، موعجیزەی عیسی لە دنیای مەسیحیەتدا لە جێگای لەدایکبوونەکەی بەوهۆیەی دەیانناسی و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیریان دەکرد، کارلێکەرییەکی ئەوتۆی نەبوو، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو جێگایانەی نەیاندەناسی. کاتێ عیسی

گەڕاوە بۆ جێی لەدایکبوونی و دەیهەویست خەڵکی ڕوون بکاتەوە، باوەڕیان پێ نەکرد. دەیانگوت مەگەر ئەوە کوڕی فلانە کەس ... نییە ... لەکوێوە ئەو ئەرکە ئیلاهییەی پێ بەخشراوە. بارودۆخ و چۆنیەتی چاوەڕوانیکردنی مرۆڤ بۆ پێکهێنانی باوەڕەکانیان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕن. لێرەدا ئارگۆمێنتێکی زۆر ڕاست هەیە کە دەڵێ: **تەنانەت خواکان و بتەکانیش دەمرن و نامێنن ئەگەر مرۆڤ ئیتر باوەڕیان پێیان نەمێنی!**

ئارگۆمێنتی بەزەیی پێداهاتن یەکێکی تر لە چەشنی ئارگۆمێنتەکانە کە بۆ ئاگادارکردنەوەی هەستی دەرونی مرۆڤ سەبارەت بە بارودۆخێکی نالەبار بەکاردەهێنرێت. دیارە بۆ هەمووومان زۆر چەتوون دەکرێ، ڕەخنە لە کەسیک بگرین کە کارەساتێکی بەسەر هاتبێ. بەڵام ئەوەش بەڵگە نییە کە ئەو چەشنە کارەساتانە شی نەکرێنەوە و ئانالیزە نەکرێن. تەنانەت جێگای دەرس لێوەرگرتنە کەسێک کارەساتێکی بەسەر هاتبێت و بە ئەزموونەوە بتوانێ لەسەر خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بۆمان بدوێ.

چەشنە ئارگۆمێنتێکیش هەن کە بۆ بەربەرەکانی دژ بە کردەوەیەکی نالەباری "مۆڕاڵی"(ئەخلاق)ی بەکاردەهێنرێن، لەحاڵێکدا ئەو کەسەی ئارگۆمێنتەکە دێنێتەوە، خۆشی هەر هەمان کاری کردووە. بۆ نموونە، "چۆن دەتوانن ئەمریکاییەکان ئاڵمانییە نازییەکان بە کوشتاری جوولەکە تاوانبار بکەن لەحاڵێکدا خۆیان لە ژاپۆن و ویێتنام ئەو هەموو مرۆڤە بێ تاوانەیان کوشت و تەنانەت وەچەی سوورپێستەکانیان لە وڵاتی خۆیان لەناو برد". پرەنسیپی گشتیی ئەو چەشن ئارگۆمێنتە دەڵێ: هەر کەس خۆی کارێکی ناشایست بکا، ئیزنی قەدەغەکردنی ئەو کارەی لە کەسێکی تر نییە.

جاری واهەیە ماوەی دیالۆگ لەسەر باسێک هێندە درێژ دەبێتەوە و ماندووکەرەوە دەبێ، کە باشتر وایە دەست لە دیالۆگەکە هەڵگیرێ وباس لە شتێکی تر بکرێ. بەڵام لە بارودۆخی وادا زۆر کەس نایانهەوێ مەیدان بەجێ بێڵن و بەهەرجۆرێک بێ دەبێ لایەکی بە لایەکدا بخەن، کە لە زۆربەی ئەو چەشن دیالۆگانەدا کار دەگاتە ناخۆشی و سەرئێشە گرتن. لە بەرانبەر ئەوەدا ئەو ئارگۆمێنتەش ڕاستییەکی حاشالێهەڵنەگرە کە ژیانی ئێمەی مرۆڤ زۆر درێژ نییە و ناتوانیین بە شێوەی بێ نەهایەت لەسەر شتێکی دیاریکراو دیالۆگ بکەین.

مرۆڤ دەبێ لە ژیانی دا کارە گرنگەکان وەپێش ئەوانیتر بخات. دیارە لێرەشدا دەبێ هەر بە چاوی ڕێژەیی سەیر بکرێت، چونکە کارێک کە بۆ ئەم گرنگ بێ، رەنگە بۆ ئەویتر وا نەبێ. لە "کۆنفۆسیوس" یان سەبارەت بە "مردن" پرسیوە، وەڵام دەداتەوە:

**کاتێ مرۆڤ هێشتا لە مانای ژیان نە گەییشتووە، چلۆن دەتوانێ لە مردن بگا!**

بەو ئارگۆمێنتە دەیهەوێ پێمان بڵێ کە مرۆڤ نابی خۆی بە پرسیاری "مێتافیزیکی" یەوە بخافڵێنێ لەکاتێکدا ئەو هەموو ئەرکەمان بۆ ڕوونکردنەوەی ژیانی هاوبەش لەسەر شانە.

لە هەندێ ئارگۆمێنت دا جێی باسە، کە ئایا بۆچوونەکە راستە یان هەڵەیە! بەهۆی ئەو نموونەیەی خوارەوە هەوڵ دەدەم ئەو چەشنە ئارگۆمێنتە سەرسووڕهێنەرە شی بکەمەوە.

بیشهۆف بێرکێلی (Bischof Berkeley) ئیدەئالیستی بەناوبانگ، سەبارەت بە دنیای ڕاستەقینەی مرۆڤ دەڵێ: "تەنیا کردەوەکان و ڕۆحی مرۆڤ رێئال یاخود ڕاستەقینەن، دنیای دەوروبەرمان و ئەو شتانەی دەیبینین هەر هەموویان سازکراون و بوونی ڕاستییان نییە".

دەکرێ بۆ نموونە ئارگۆمێنتی دژ بەو بۆچوونە ئاوا بێ: "شەق لە بەردێک هەڵدەین". واتە بە شەق لە بەرد هەڵدانێک دەکرێ بوونی بەردەکە بسەلمێندرێ. لێرەدا ئەوکەسەی ئەو تاقیکارییە دەکا بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەو تیئۆریەی بوونی بەرد ڕەد دەکاتەوە، ناتوانێ ڕاست بێت. شتەکە هێندە ڕوونە کە مرۆڤ پێکەنینی بە دنیای ئیدەئالیست دێ! سەرەڕای ئەوەش ئیدەئالیست لەسەر قسەی خۆی سوورە و تەنانەت دان بەوەش دادەنێ کە کاتی شەق لە بەرد دانەکە مرۆڤ ئێشی پێدەگا، بەڵام ئەو دیاردەیە دەلکێنی بەوەوە لە ڕوانگەی لێکدانەوەی فەلسەفییەوە بەردەکە بوونی نییە!

جاری واهەیە ئارگۆمێنت هێنانەوەکە زۆر بە جێیە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش مرۆڤ ناتوانێ بە مەبەستەکەی بگات. ئەوە چەند هۆی هەیە: مرۆڤ ناتوانێ لە ئارگۆمێنتەکەی کەڵک وەربگرێ، ئەگەر سەرنجی بینەران یا بیسەران لە بابەتی

سەرکی بە لاڕێ کێشرابێ. هەروەها مرۆڤ بە مەبەستەکەی ناگا ئەگەر بیهەوێ شتێک بسەلمێنی کە پەیوەندی بە بابەتی دیالۆگەکەوە نەبێ. بۆ نموونە:

دایدەنێین کە مانگرتنێک بۆ بە زۆرکردنی پارەی کاری کرێکاران لە ئارا دایە. یەك لە نوێنەرانی کرێکارەکان خەریکی قسەکردن بۆ ئەوانیترە و دەڵێ: "مانگرتن یەک لە هەرە مەزنترین ڕێگاکانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان. بیر لە ئەو مانگرتنە گەورانەی دژبە ماکەی ئەتۆمی بکەینەوە، ئەتۆم دنیای ئێمە لەناو دەبا و دەبێ تا ئەوجێگایەی لە تواناماندایە دژ بە بەرنامە ئەتۆمییەکان راوەستین و..." لێرەدا مەبەستی سەرەکی واتە پارەی کرێکاران لەبیر دەچێتەوە و بەشدارانی مانگرتنەکە بیر لە شتێکی تر دەکەنەوە. نموونەیەکی تر:

لە کۆبوونەوەیەکدا کەسێک قسە لەسەر دۆستیی و خۆشەویستیی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ دەکات و دەڵێ : "ئاژەڵ خۆش ویستن" شتێکی زۆر گرنگە. "بۆ نموونە کەسایەتی وەک ئادۆڵف هیتلێر، یۆزێف ستالین و ژێنراڵ فرانکۆ سگ یان ڕاگرتووە و ..." لێرەدا زۆر سەیر نابی ئەگەر بەشداران ئیتر گوێ بە وتەکانی بێژەر نەدەن و تەنانەت کۆبوونەوەکەش بەجێ بێڵن، چونکە بێژەر لە وتارەکەیدا ئەو دیکتاتۆرە دژبە مرۆڤانە بە نموونە دێنێتەوە!

وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد جاری وا هەیە لە دیالۆگدا ئەو شتەی دەبێ بسەلمێندرێ وەلادەنرێ و مرۆڤ خۆی بە ئانقەست یا لەرووی نەزانییەوە، بە سەلماندنی شتێکیترەوە دەخافڵێنی کە پەیوەندی بە بابەتە سەرەکییەکەوە نییە. بۆ نموونە:

کەسی یەکەم، تێزێک پێشنیار دەکا و دەڵێ: " مرۆڤی نەخۆش و زۆر پیر دەبی ئەو مافەیان هەبی کە لەسەر ئیزن و پێخۆشبوونی خۆیان کۆتایی بە ژیانیان بێنن!" کەسی دووهەم، لە وەڵامدا دژبە ئەو تێزە دەڵێ: "دوکتۆرەکان دەبێ ئەو مافەیان هەبی کە مرۆڤی پیر و نەخۆش لەناوبەرن". کە لێرەدا ئەوە نە تەنیا وەڵامی تێزی یەکەم نییە، بەڵکوو تێزێکی تر دێنێتە ئاراوە.

کاتێک مرۆڤ بە کارێکی نالەبار تاوانبار دەکرێ، جا ئەو کارە قەوماوە یا نەقەوماوە، ڕەدکردنەوە و سەلماندنی زۆر چەتوونە. ئەو چەشن ئارگۆمێنتانە لە کاتی زۆر زووەوە تەنانەت تا ئەمڕۆش، یەک لە گرنگترین چەکی مرۆڤ بووە دژ بە مرۆڤە ناسراوەکان یاخود نەتەوەکان بۆ ناحەزکردنیان لەبەرچاوی خەڵکی.

سەردەمی زوو مەسیحییەکان بەوە تاوانبار دەکران کە منالّی چکوولەیان کوشتووە و تەنانەت خۆینەکەیان خواردوونەتەوە؛ مەسیحییەکانیش جوولەکەیان بە هەمان شت تاوانبار دەکرد. چۆن دەتوانن یەک لەو لایەنانە بیسەلمێنن کە منالّی چکوولەیان نەکوشتووە و یاخود کاری خراپیان دژ بە منالّان نەکردوە؟

جاری وایە بۆ ئارگۆمێنت هێنانەوە دژبە تێزێک، تەنیا نموونەیەک کافییە. بۆ نموونە کاتێ کەسێک سەبارەت بە کارکردنی ژنان تێزێک دەدا کە: "ژن لەباری فیکری- سیاسییەوە ناتوانێ وەک پیاو سەرکەوتوو بێ"! کافییە تەنیا نموونەی ژنێکی ئاکتیف و سەرکەوتووی سیاسی بهێنرێت.

لە دنیای ئایینی و ئیدیۆلۆژیدا زۆر ئاساییە کە لەباری "مۆراڵ"ییەوە دژبەری دیالۆگەکە لەژێر پرسیار و گوشار دابنرێن. بەهۆی ئایینی بوونی زۆربەی بەشدارانی کۆمەڵگاوە زۆر بە سانایی دەتوانن بۆچوونەکانیان بسەلمێنن و دژبەرەکانیان لەبەر چاوی خەڵکی ناشیرین بکەن. بەرچاوتەنگە ئایینییەکان دەڵێن: "تەنیا ئایینەکەی من و ئەو حیزبانەی لەژێر کارلێکەری ئایینەکەمدان، مافی بەڕێوەبردن و ڕێنوێنی خەڵکییان هەیە. ئەوانیتر هیچی مرۆڤ نیین، ئەوان درۆ دەکەن، دزی دەکەن و دەکووژن!

لەسەر هەر گرووپێک، سەبارەت بە هەر نەتەوەیەک، لەسەر هەر ڕەگەزێک و مرۆڤێک و تاکێک، جا چ ژن چ پیاو، هەموو کاتێک دەکرێ، ڕەوا یان ناڕەوا، بەتاوان یان بێ تاوان قسەیان بۆ هەڵبەستری. بەداخەوە لە کۆمەڵگاکاندا ژنان یەک لەو گرووپانەن کە زیاتر لە هەموو ئەوانیتر شاڵاویان بۆ دێنن و قسەیان بۆ هەڵدەبەستن. یاسای پیاوسالاری بە درێژایی مێژوو ژنی سەرکوت کردوە و تەنانەت ئەمڕۆش لە زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوودا ژن وەک کۆیلە لەژێر فەرمانی پیاو دان و بەچاوی پلە دوو سەیر دەکرێن و هیچ مافێکیان لە کۆمەڵگادا نییە. خۆکوژی و خۆسووتاندنی ژنان بەتایبەت لە کوردستان بەڵگەیەکە بۆ ئەو بۆچوونە.

**هێرش کردن باشترە لە بەرگری کردن.** بە نموونەیەک هەوڵی ڕوونکردنەوی ئەو بۆچوونە دەدەین.

[شارێکی پێکهاتوو لە تەنیا "ئاتێئیست"(بێ بڕوای ئایینی) ناتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن]، ئەوە تێزێک بوو کە کاتی خۆی لە لایەن ئایینییەکانەوە درا دەرێ.

بەو ئارگۆمێنتەوە کە: ئەو خەڵکەی باوەڕیان بە ئایین نەبێ، وەک ئاژەڵی دڕندە بەسەریەکدا دەکەون و هیچ شتێکیان بۆ ڕێک و پێک ناکرێ و ناتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن!

کاتێک لە ساڵی 1700ی زایینی "بایلە" (Bayle) ویستی ئەو بۆچوونە سەیرە ڕەدکاتەوە، دەیتوانی نموونەی وڵاتێکی کە ئایین لەوێدا بێ هێز بێ، وەک "چینی قەیسەری" بهێنێتەوە. بەڵام ئایا ئەوە جگە لەوەی کە دیالۆگێکی دوورودرێژ سەبارەت بە ئایینی بوون یا نەبوونی ئەوکاتی چین ساز دەکرا، شتێکی ڕوون دەکردەوە؟ "بایلە" بەجێی ئەو کارە، ناوەرۆکی ئەو تێزەی گرتە ژێر هێرشی خۆی. ئەو گوتی:

"ئایا ئایین لە باری عەمەلی و داب و نەریتەوە، کارلێکەریی ڕاستەقینەی لەسەر هەڵس و کەوتی مرۆڤ هەیە؟ مرۆڤ چاکتر پەروەردە دەکات؟ ئێمە وەک پرەنسیپ دەتوانین بڵێین کە باوەڕی ئایینی ئاڵوگۆڕ بەسەر مرۆڤدا ناهێنێت، جگە لەوەی کە لەناو دڵی مرۆڤدا تورەیی و قین سەبارەت بە بیر و باوەڕەکانی تر پەروەردە بکات. ئەو پرەنسیپە زۆر بە ڕوونی ئاشکرای دەکات، کە دەبێ مرۆڤ چەندە هەڵەکاربێت ئەگەر پێی وابێ، مرۆڤی ئایینی ژیریی وتێکۆشانیان زیاترە لە هی بێ دین".

"ئایین لەسەر داب و نەریتی مرۆڤ بە گشتی و هەڵس و کەوتی سیاسی بەتایبەت ، هیچ کارلێکەرییەکی گەورەی نییە" ، ئەوە تێزێک بوو کە "بایلە" دژبە تێزی ئایینییەکانی هێناوە. ئەو بۆچوونەی "بایلە" زۆر ڕاستە و لە مێژوودا زۆر نموونەی تێدایە و ئەزموونمان کردوە کە دروستبوونی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێ.

دیالۆگ کردن لەسەر تێزێک بە ئارگۆمێنتی بێ مانا و ناتەواو تەنیا کات بەهەدەر دانە. **"پیاوان لە ژنان ژیرترن!"** لێرەدا "ژیرترن" مانای چییە؟ ئەگەر ماناکەی ئەوەیە کە لەباری جەستەو لەشەوە لە ژنان بەهێزترن، ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە هۆش و ژیرییەوە نییە. ئەو چەشنە تێزانە تەنیا لە پیاو سالارییەوە سەرچاوە دەگرن.

لە چەشنە تێزێکیشدا هەر دەستە و گرووپێک بە ئیشتیای خۆیان مانا بۆ تێزەکان دادەتاشن. بۆ نموونە تێزی : "مافی هەڵبژاردنی چارەنووس" ی خەڵکەکان بۆ پێکهێنانی وڵاتی خۆیان. دیارە بە بێ هیچ چۆن و بۆچییەک، هەر نەتەوەیەک مافی

خۆیەتی وڵاتی سەربەخۆی هەبێ بەڵام زۆرێك لە ڕژیمە دیکتاتۆرەکان، پێش ئەوەی لە مانای "نەتەوە" تێ بگەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان و بە گوێرەی بۆچوونی سیاسیانەوە، هەزار و یەک مانای بۆ دادەتاشن.

بۆ نموونە رژیمی ئێران بەهۆی بەرژەوەندی سیاسی، بۆ سەلماندنی مافی سەربەخۆیی خەڵکی "فەلەستین"ی سێ ملیۆن کەسی ساڵانە چەندین ملیارد دولار خەرج دەکات، لەحاڵێکدا ئەو مافە بە نەتەوەی کورد کە زیاتر لە چل ملیۆن کەسە، ڕەوانابینێ.

لە تێئوریی "مۆراڵ" یدا پرسیاری چۆنییەتی پێکهاتنی داب و نەریت و یاساکان ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ. تەنیا هەوڵ دەدرێ ڕاستییەک، بە سزایەک، وەڵام بدرێتەوە، ئەوە ناکرێ وەک ئارگومێنت چاوی لێبکرێ! "تۆ نابێ بکووژی، دزی بکەی، درۆ بکەی، ...! بەڵام بۆچی نا؟ لەڕاستیدا ئایینەکان بۆ ئەو چەشنە هەڵس و کەوتانە پرەنسیپێکی داڕێژراو و تێزێکی تەواویان نییە و بە جێی ئەوەی قامك لەسەر بنەڕەتی ئەو کێشانە دابنێن و ڕێگایەك بۆ چارەسەرکردنی بدۆزنەوە، تەنیا بە "دەبێ" و "دەنا" و "سزا" وەڵام دەدەنەوە. بۆ نموونە دەگوترێ : تۆ نابێ کەس بکووژی، دەنا سزا دەدرێیت.

## دیالۆگ

پرسیار ئەوەیە، کاتێک مرۆڤ دیالۆگ لەگەڵ کەسێک دەکا کە پرێنسیپیی هەیە، واتە فوندامینتال یاخود نەگۆڕە و تەنانەت دوو لایەنەکە هیچ بۆچوونێکیان وەک یەک نییە، چ بکرێ؟ ئەگەر ئێمە تەنیا بۆچوونەکان و تێزەکانی ئەو چەشن مرۆڤانە ڕەدکەینەوە و بەچاوی نەرێنی سەیریان بکەین، ئەوە نەتەنیا ئارگۆمێنت هێنانەوە نییە و نەك هیچ هەنگاوێکمان بۆ قانعکردنی دژبەرەکەمان هەڵ نەهێناوەتەوە، بەڵکوو بەو کارە تەنیا سیستەمێکی دوگم لە جێگای ئەوی تر دادەنێین. زۆربەی بەشدارانی کۆمەڵگا پرەنسیپی سڵامەتییان لا گرنگە، بەڵام پرەنسیپی وا لای گیرۆدەی مادە بێهۆشکەرەکان کرِیاری نییە. تەنانەت هەندێکیان کاتی نەشەبوونیان وەک پرەنسیپ هەڵبژاردوە و ڕازی نیین هیچ پرەنسیپێکی تری لە جێگا دانێن. دیارە زۆربەی بەشدارانی کۆمەڵگاش ئەو پرەنسیپەی ئەوان ڕەد دەکەنەوە. ئایینی فناتیکی ئەو پرەنسیپەیان هەیە کە ئایینەکەیان دەرمانی دردی خەڵکییە و شفایان دەدات، هەر بەو هۆیە بۆ ئەو مەبەستە لەکاتی پیویستدا لە شێوەی "توند و تیژی"ش کەڵک وەردەگرن!

چۆن دەتوانرێت لەگەڵ کەسێکی وا بە ئارگۆمێنت دیالۆگ بکرێ، چۆن دەکرێ دژ بە تێزەکەی بەڵگە بێنینەوە، ئەگەر بۆچوونەکان لەگەڵ پرەنسیپە فوندامینتالەکانی یەک نەگرێتەوە؟ چۆن دەکرێ دوو ئیدیۆلۆژی یا دوو ئایینی جیاواز، بە بەڵگە ڕاستییەکانی لایەنێک لەگەڵ ناڕاستییەکانی لایەنەکەیتر بسەلمێندرێ؟

ئارگۆمێنتەکان پێویستیان بە بناغەیەکی بەڵگەییە و شەڕ و دیالۆگەکەش هەر لەسەر ئەو بناغەیەیە! لێرەدا زۆربەی ئەو لایەنانە ئەو ئارگۆمێنتە دێننەوە کە: "کاتێ لایەنی دیالۆگەکە پرەنسیپەکانی من ڕەد دەکاتەوە، ئیتر دیالۆگ کردن مانای نییە!" ئەوە شێوەی ئاسایی شەڕ و دیالۆگی مابەین دوو ئیدیۆلۆژییە. ئیمکانی دیالۆگی بەڵگەیی لە نێوانیاندا زۆر چەتوون و نامومکینە. مێژووش ئەو لۆژیکەمان بۆ دەسەلمێنێ. لانی کەم لە مابەین ئایینەکاندا کە خۆیان پێ سیستەمی بەڕێوەبەر و فێرکەر و ڕاهێنەری کۆمەڵگایە و بە قسەی خۆیان تەیار بە بەڵگە و نووسراوەی ئاسمانین، هەڵس و کەوتێکی لۆژیکی چاوەڕوان دەکرێ! بەڵام ڕاستییەکەی شتێکی ترە. بە جێی دیالۆگی لۆژیکی لەگەڵ یەکتر، پێیان باشترە، بۆ وەدەستهێنانی "هێز"، بە ئاور و شمشێر و قەڵغان و چەک، بۆچوونەکانیان بەسەر یەکتردا بسەپێنن.

هەوڵدان بۆ دیالۆگێکی هێمن و لەسەرەخۆ لە نێوان دوو ئیدیۆلۆژی یاخود دوو ئایین بەو ئامانجەی کە لەسەر بەڵگە و ئارگۆمێنت ، ڕێگاچارە بۆ ناکۆکییەکان بدۆزرێتەوە، تەنیا لە دنیای جوانی ئەدەبیات دا تاقیکراوەتەوە. ناسراوترین نموونەی کاتی خۆی دیالۆگێکی سازکراو و خەیاڵی لە لایەن "جین بۆدین" ( Jean Bodin)ەوە بوو. بەداخەوە تەنانەت لە دنیای ئەدەبیاتیشدا ڕێککەوتن نامومکینە .

لایەنەکانی دیالۆگەکە بریتی بوون لە :

یەک "Lutheraner"، یەک "Calvinist "(هەردووکیان پرۆتستانین کە شاخەیەکن لە ئایینی مەسیحی، پەیڕەوی کالوین و لوتەر)، کاتۆلیکێک، موسوڵمانێک، جوولەکەیەک، نوێنەرێکی ئاتێئیست و نوێنەرێکی ئایینی سروشت. هەر کام لە بەشداران هەوڵ دەدەن سەرنجی لایەنەکانی تر بۆ ڕاستبوونی ئایینەکەیان یاخود بڕواکەیان ڕاکێشن، و هیچکامیان سەرکەوتوو نابن. سەرەڕای ئەوەی کە هەموو لایەنەکان هەوڵ دەدەن لە هەمبەر ئەوانی تر ئەوپەڕی "تولەرانس" بەکاربێنن، دیسانش هیچکامیان ناتوانن لە ئایینەکەی خۆیان دەست

هەڵگرن. ئەو دانیشتنە بەو گوتەیە کۆتایی پێ دێ: "لەو کاتەوە ژیانیکی پڕ لە ئاشتی یان لەگەڵ یەک دەسپێکرد،... بەڵام ئیتر لەسەر ئایین و باوەڕ دیالۆگیان نەکرد و هەرکس لەسەر بڕوای خۆی مایەوە."

سەرەڕای ئەوی کە بارۆدۆخەکە لە باری لۆژیکییەوە هیچ ڕێگایەکی تری نییە، مرۆڤ هەمیسان هەوڵ دەداتەوە دیالۆگ پێک بێنێ. ئەو "دیاردەیە" بەپێی بارودوخ بە شێوەی جۆرواجۆر جێی ڕوونکردنەوەیە. یەکەم، گومانی چاوەڕواننەکراو لەسەر بارودۆخەکان بۆ پێکهاتنی ئارگۆمێنتێکی ڕاستەقینە و هەوڵدان بۆ دیالۆگ لەسەر شتی خەیالی. دووهەم، ڕەنگە هەوڵی ئەوە بدرێت، کە چەشنە ئارگۆمێنتیک بدۆزنەوە کە بتوانن پایەیەک بۆ دیالۆگ پێکبێنن، کە نەهایەتەکەی دەبێتە ڕەخنەکردن و ئەوەش پێویستیی بە شیکردنەوەیەکی تێروتەسەلتر هەیە. سێهەم، دەتوانن دوو لایەنی دیالۆگەکە بە شێوەی نەرێنی لە بەرانبەر پرەنسیپەکانی یەکدا ڕاوەستن کە ئەو شێوەیە، "ڕەخنەی فوندامینتال"یە. چوارەم، دوو لایەنەکە بە شێوەیەکی تر ڕێکدەکەون و بە بێ ئەوی مەجبوور بە هێنانەوەی ئارگۆمێنتێکی لۆژیکی بن، دیالۆگ دەکەن. دیارە ئەگەر ئەو دیالۆگانە تەنیا شێوەی هێمنی هەبێ و هیچ زیانێک بە لایەنێک نەگەیێنیت، تاقی کردنەوەکەی بایەخی دەبێت، بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەو دیالۆگانە نەتەنیا شێوەی هێمنی نەبووە، بەڵکوو مرۆڤ تا ئەمڕۆ خوێنێکی زۆری لە پێناو ئایین، باوەڕ و ئیدیۆلۆژییە جۆرواجۆرەکان داوە و لە داهاتووشدا دەیدات.

چی دەتوانێ مرۆڤ بەو کەسە بڵێت، کە ئاخەفتن دەکا: **" گوێ بۆ مرۆڤ ڕاناگرم و تەنیا گوێ دەدەم بە خودا و بۆ گەیشتن بە بەهەشتی ئەو تەنانەت لە گیانی بێ دینەکان ناگوزەرێم"!** ئەوە وەڵامی بارودۆخەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ فەناتیزمە و بەداخەوە ڕەشبینی و بێ دەسەڵاتییەکی زۆر لە نێوان مرۆڤدا پێکدێنێ.

دژ بەو بۆچوونە نەخۆشە، کە مێشک و ڕۆحی بەشدارانی کۆمەڵگا ژەهراوی دەکەن، بەداخەوە هیچ ڕێگاچارەیەک نییە. تەنانەت مرۆڤی ژیر دەبێ لە بارودۆخی وادا خۆ لەو کەسانە دوور بخاتەوە. دیارە سروشتییە کە هەمیسان هەوڵ دەدرێ دیالۆگ لەگەڵ مرۆڤی فەناتیک بەهۆی هێنانە پێشی مافی مرۆڤ، باس لەسەر شتی سۆز و بەزەیی یاخود هەست بە بەرپرسیی بۆ داهاتووی مرۆڤایەتیی بکرێ و بەم چەشنە، باسەکە بگەرێتەوە بۆ سەر چەشنی هێمن و لۆژیکی وپێکهێنانی بناغەیەکی بەڵگەیی بۆ باس لەسەر کردن. هەڵس و کەوتی وا

به گەش بینییەوە هەوڵی بۆ دەدرێ تا بەڵکوو مرۆڤی فەناتیک لەو ڕێگایەوە بەرەو هێمنی ڕێنوێنی بکات.

## "ئارگۆمێنت" دژ یا لە ئاراستەی "باوەڕ بە بوونی خودا"

ئایا دەبێ مرۆڤ باوەڕی بە خودا هەبێ؟ زۆر کەس وەڵامی ئەو بۆچوونە ئاوا دەداتەوە: "ئەوە مافی هەرکەسێکە خۆی بڕیار بدا کە باوەڕی بە خودا هەیە یا نا". مرۆڤ تا ئەمرۆ نەیتوانیوە بوون یا نەبوونی خودا بسەلمێنێ. هەر کەس لە ژیانی ڕۆژانەدا پێویستی بە خودا هەبێ، مافی خۆیەتی باوەڕی پێی هەبێ و ئەگەریش نا ئەوە هیچ. هەر کۆمەڵگایەک بتوانێ خۆڕاگری لە حەند ئەو چەشنە هەڵس و کەوتانە و ئەو شێوە بۆچوونانە بکات، و "تۆلەرانس"(لێبوردوویی) سەبارەت بە بۆچوونەکانی تاک تاکی بەشدارانی کۆمەڵگا هەبێ، جا چ لەسەر ئەو بابەتە، کە بە بڕوای من یەک لە گرنگترین بابەتەکانە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر کەم قسەی لەسەر دەکرێ و چ هەر بابەتێکی تر، ئەوە هەنگاوێکی گەورەمان بەرەو ژیانی هاوبەشی بێ شەڕ و قڕە هەڵێناوەتەوە.

کاتێ لە خۆمان پرسیار بکەین، بۆچوونمان سەبارەت بە ئەستێرە بینی(ئاسترۆلۆگی) چییە کە ڕەنگە بۆ زۆر کەس لە ژیانیاندا ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت، هەر مرۆڤێکی ژیر ئاوا وەڵام دەداتەوە: پێش ئەوەی چارەنووسی ژیانم لە ڕێی فاڵگیریەوە دیاری بکەم، پێم خۆشە لەپێشدا "ئارگۆمێنت" و بەڵگە ببینم و ببیستم کە ئایا ئەستێرەکان کارلێکەرییان لەسەر ژیانم هەیە یا نا. هەر بەو شێوەیەش دەبێ مرۆڤی ژیر بۆ باوەڕ پێکردن یا باوەڕپێ نەکردن بە هەر بابەتیک داوای بەڵگە و ئارگۆمێنت بکات.

ئەوە شتێکی سروشتییە، هەر مرۆڤێکی ژیر دەبێ هەوڵی گوێڕاگری بەڵگە و ئارگۆمێنت بۆ باوەڕ هێنان بە تێزەکان بۆ نموونە بە بوون یا نەبوونی خودا بکات. کاتێ ئێمە وشەی خودا بەکاردێنین مەبەستمان ئەو خودا تاکەیە کە زۆربەی ئایینەکان وەک مەسیحی، جوولەکە و موسوڵمان باوەڕیان پێی هەیە. ئەو خودایە بەو شێوەیە دەناسێنرێت:

1. خودا: وەک بوونی ڕۆحێکی زیندووی هەمیشەیی کە نابینرێت و بێ لەشە؛
2. وەک زیندەوەرێکی بێ عەیب و تەواو و بەهێز و زانا و بەبەزەیی؛ و

وەک زیندەوەرێکی بە توانا، بۆتە هۆی پێکهێنان و هیدایەتی دنیاو و مرۆڤ و هەموو گیانلەبەرانی.

ئایینەکان بۆ سەلماندنی بوونی ئەو خودایەی لە سەرەوە ناساندمان ئاوا بەڵگە دێننەوە: یەک لە ئارگۆمێنتەکان ئەوەیە کە کەڵکی ڕاستەوخۆ لە بوونی ئەو دنیایە وەردەگرن: "چونکە ئەو دنیایە هەیە، دەبێ کەسێکیش هەبێ کە دروستی کردبێت". هەمووشتێک لەو دنیایەدا، هەموو ڕووداوێکی ئەم جیهانە هۆیەکی هەیە، لەسەر ئەو بۆچوونە هۆی پێکهاتنی ئەم جیهانەش دەبێ خودا بێ. یەك لە لایەنە نەرێنییەکانی ئەو بۆچوونە ئەوەیە دیاری نەکراوە کە دەستپێکەکەی کەنگێ بووە و ئایا بێ کۆتاییە یان نا.

هەندێک لە ئایینییەکانیش لەسەر ئەو باوەڕەن، بەهۆی زانستی مودێڕنی فیزیکەوە کە ئۆنیوێرسام لەباری کاتییەوە دەستپێکێکی دیاریکراوی بووە بە ناوی "تەقینەوەی مەزن"، دنیاش هەر لەو کاتەوە پێکهاتووە. من خۆم فیزیکزان نیم بەڵام ئەو ڕاستییە کە دنیا دەستپێکێکی بووە، وەک پڕەنسیپ ڕاستە و سەلمینراوە. پێش ئەو تەقینەوەیە هیچ ماکە و وزەیەک بەدی ناکرێ. ئەویکە پێش تەقینەوەی مەزن چ بووە و چۆن بووە ڕوون نییە. ڕەنگە داهاتوو چۆنییەتی پێش ئەو تەقینەوەیەمان بۆ ڕوون بکاتەوە. بەڵام تا ئەمڕۆ چ ماکەیەک و چ وزەیەک بۆتە هۆی ئەو تەقینەوەیە، دیار نییە. بۆ سەلماندنی بوونی ئەو تەقینەوەیە، پێویستیمان بە بەڵگەیەکی ئیلاهی نییە و زانست دەتوانی بیسەلمێنی کە ئەوشتە پێکهاتووە. هەروەها بۆ سەلماندنی پێکهاتنی ژیان لەسەر ئەم هەردەش زانست بەڵگە و ئارگۆمێنتی کافی هەیە و هەمیسان پێویستیمان بە بۆچوونە ئیلاهییەکان نییە.

ئێمە نابی خۆمان فریو بدەین و بە بێدەنگی لێهێنان و باس نەکردن لەسەر ئەو تەوەرە گرنگە، خۆمان لە ڕاستییەکان بشارینەوە. بەداخەوە زانیاریی مرۆڤ تا ئەمڕۆ وا پتەو و تەواو نییە کە بتوانێ وەڵامی هەموو پرسیارەکان بداتەوە. هیوادارین لە داهاتوودا بتوانرێ بە بەڵگە و ئارگۆمێنتی کافی وەڵام بۆ هەموو پرسیارەکان بدۆزرێتەوە. بەڵام ئەوەش بو زۆرکەس ڕوونە کە ئەو خودایەی ئایینەکان باسی لێ دەکەن بەو هەموو تایبەتمەندییە خەیاڵییانەوە کە بۆیان داتاشیوە، ناتوانێ و نابێ ڕاست بێ. ئەوان دەڵێن خودا (عادڵ، بەتوانا، بێ عەیب، تەواو، بە بەزەیی، عاقڵ، بەسەبر و...)ە و هەمووشتێك دەزانێ و دەبینی و ... بە کورتی **"پێکهێنەر و بڕیاردەر و بەرپرس و چاوەدێری هەموو ڕووداوەکانی سەر ئەم**

**هەردە و دنیای دەوروبەرمانە"**. بەڵام خودایەك كە چاوەدێریی كوشتنی مناڵانی بێگوناه بە دەست زاڵمان دەكات،

خودایەک کە مردنی هەزاران مناڵ و ژن و پیری کارەساتە دڵتەزێنەکانی وەك هەڵەبجە و قاڕنا و قەڵاتان و ... بەدەست پیاوکوژانی وەك سەدام حوسین و خومەینی و ... رەوا دەبینێ و سەیر دەکات و هیچ ناڵێت، خودایەک کە بە کارەساتی وەک بۆمەلەرزە و تۆفان و نەخۆشییەکان و ... لە چرکەیەکدا ملیونان مرۆڤ لەناو دەبات، ناتوانێ عادڵ و بێ عەیب بێت.

مروڤی ئاسایی بەو مێشکە ناتەواوەی خۆیەوە ناتوانێ خۆڕاگری لە بەرابەر زوڵم و زۆر و کوشتن لە لایەن زۆردارانەوە بکات و لە بەرابەری دا ڕادەوەستێ و تەنانەت گیانی بۆ بخت دەکات، لەکاتێکدا خودای ئایینەکان بەو هەموو هێز و تواناییەوە هیچ کردەوەیەک لەخۆی نیشان نادات و تەنانەت بچوکترین هەستی سەبارەت بەو کارەساتانە نابزوێ! لە ساڵی 1755 لە شاری لیسابۆنی پرتەقاڵ کە یەکێک لە هەرە گرنگترین ناوندەکانی ئایینی مەسیحی ئەو کاتە بوو، بە هۆی بۆمەلەرزەوە نزیکەی 100 هزار کەس لەناو چوون و چەندین کلیسای زۆر گرنگی کاول بوو . ئەو کارەساتە بووە هۆی ژێر پرسیار بردنی بوونی خودا لە نێوان لایەنگرانی ئایینی مەسیحیدا. لە بۆمەلەرزەی ژێرئاوی ئاسیادا زیاتر لە 100 هزار کەس گیانیان لەدەست دا و لە ساڵی 1976 لە وڵاتی چین 250 هزار کەس کوژران و زیاتر لە یەك ملیون کەس بریندار بوون و لە ئاخرین بۆمەلەرزەدا لە هائیتی ئەمساڵ زیاتر لە 200 هەزار کەس کووژران و سەدها هەزار کەس بریندار بوون و زۆر نمونەی تری کارەساتەکانی ئەم جیهانە کە بەڵگەن بۆ سەلماندنی نەبوونی هێزێکی بە بەزەیی و عادڵ و بێ عەیب!

کاتێ هۆی ئەو چەشنە هەڵس و کەوتانە لە لایەن هێزێکی ئاوا "تەواو و بێ عەیب و ..." لە ئایینییەکان دەپرسرێت، وەڵام دەدەنەوە: خودا بۆیە ئەو کارەساتانە دەخوڵقێنێ بۆئەوەی مرۆڤ جیاوازی مابەین چاك و خراپ، زیندوو و مردوو و ... بزانێ و کاتێکیش بێ گوناهێك بکەوێتە بەر ئەو هێرشانە، بە دڵنیاییەوە جێگای بەهەشتە! بەڵام ئایینیەکان بۆ ئەو پرسیارە لەخۆیان ناکەن کە خودایەکی ئاوا "تەواو و بێ عەیب و ..." چ پێویستییەکی دەبێ بەوە بێ یاخود دیهەوێ چ بسلمێنێ کە مرۆڤێك خۆی بە ئیشتیای خۆی خوڵقاندونی و هەر خۆشی چاکە و خراپە و کارەسات و هەموو تایبەتمەندییە ئەرێنی و نەرێنی یەکانی ئەم دنیایەی پێکهێناوە،

ئایا ئەو تاقیکارییە بایەخی ئەو هەموو خوێنرێژی و کوشت و کوشتارەی هەیە؟ لە کاتێکدا وەك خودای ئایینیەکان دەبوو پێش ئەو تاقیکارییەش بیزانییایە کە هەڵس و کەوتی مرۆڤ چلۆن دەبێ و ئاکامەکەشی بەرەو کوێ دەچێت.

مامۆستا هەژار لە وەرگێڕاوی چوارخشتیەکانی خەیامدا دەڵێ:

سەرخۆش دڵی نایە پیاڵەیەك بشکێنێ
هەر تۆزێ لەبار و ڕێك وپێك بنوێنێ
خوا ئەو هەموو لاشە ناسك و لاوچاکە
بۆچ ڕێکی دەخا و لە داخی کێ دەیڕزێنێ؟

## فەناتیزم چییە؟

بە روونکردنەوەیەکی کلاسیکی کاتی پێشوو سەبارەت بە وشەی "فناتیزم" دەستپێدەکەین:

*" کوێرێکی، گاڵتەجاری بە خەڵک رابوێر کە لە ڕوانگەی خورافاتییەوە سەرچاوەی گرتووە، گەپجارێکی، نادادگەر کە کاری ناشایست و پیاوکوژی دەکات و نەتەنیا هیچ شەرمێکی لەو کارانە نییە، بەڵکوو بە خۆشحاڵی و دڵفراوانییەوە دەیانکات، پێی دەڵێن "فناتیک".*

کێشەکە لە پێش هەموو شتێکدا وشەی "خوڕافات"ە، کە لە ڕوانگەی هەموو ئێدیۆلۆژییەکانەوە سەبارەت بە لایەنەکانیتر بەکاردەهێندرێ. جگە لەوەش بنەمای ئەو وشەیە شێوەیەکی نەرینی لێ دروست بووە، کە مرۆڤی فەناتیك وەك "مرۆڤی تووڕە" نیشان دەدات. وەك دەگوترێ :

"فناتیکی زۆر بێ رەحم هەن. وەك ئەو دادوەرانەی، کە مەرگ و بڕیاری کوشتن بەسەر ئەوکەسانە دا دادەسەپێنن وا دژ بە بۆچونەکانیانن. ئەو چەشن دادوەرانە بە هەمان ئەندازە هەڵەکارن [...] ئەگەر نەتوانن لە هەمبەر بۆچوونە جۆرواجۆرەکانی کۆمەڵگادا سەبر و بێ لایەنی خۆیان دەربڕن.

مرۆڤ دەبێ لە هەڵس و کەوت لەگەڵ مرۆڤی بە ناو "فناتیك" دا زۆر بە پارێزەوە بجووڵێیتەوە و وای دانێی کە ئەویش وەك لایەنگری بیر و بۆچوونێکی تر ئەو ژیری و مافەی هەیە لە کۆمەڵگادا خۆی نیشان بدات و بۆ بیر و باوەڕەکەی تێبکۆشێ. هەڵس و کەوتی هێمن و دیمۆکراتیکانە لە هەمبەر بۆچوونەکانیتری بەشدارانی کۆمەڵگا دەبێتە هۆی پێکهێنانی بناغەی پێکەوە ژیانی هێمن و دوور لە توند و تیژی.

پرەنسیپی سەرەکی فناتیزم یەك ڕستەیە کە مرۆڤ زۆر ئەستەم دەتوانێ چاوی لێ بپۆشێت. **"ڕاستەقینە بوونی دیاردەکان** لە ڕوانگەکانەوە لەسەر هەموو شتێکیترەوە وەستاوە". کاتێ کەسێك دەڵێ: "ڕاستەقینە من دەیزانم"! یا "من دەزانم خودا چی لە من دەوێ!" ئیتر لێرەوە مەزنترین پێکهێنەری فناتیزم واتە باوەڕهێنان و بە ڕاست زانینی ڕێگا یا ئیدئولۆژیی و بە هەڵە زانینی هەر ئیدئۆلۆژییەکی تر جگە لە بۆچوونەکەی خۆی ، پێك دێت. لەو بارودۆخانەدا وشەی فناتیزم لە

بەرانبەر "تۆلەڕانس" دا وەستاوە. بەڵام نەك بەهۆی بێ كاراكتەریی مرۆڤ، بەڵكوو بەهۆی دڵنیایی و پابەندبوون و بەستراوەبوونی مرۆڤ بە باوەڕ و ئیدئۆلۆژییەكان و....

دوای شۆڕشی فەرانسە، لە پەیڕەو(ئەساسنامە)ی فەرانسە دا سەبارەت بە روونكردنەوەی وشەی فناتیزم ، بەم شێوەیە هاتووە:

"مرۆڤ نازانی سەبارەت بە مرۆڤی فناتیك چلۆن هەڵس و كەوت بكات. ئەگەر بە هێمنی هەڵس و كەوتیان لەگەڵ بكەی، سواری سەرت دەبن. ئەگەر بە توند و تیژی لەگەڵیان بجووڵێیەوە، لێت هەڵدەستنە سەرپێ. باشترین ڕێگا بۆ هێمن كردن و دەمبەستكردنی ئەو چەشن مرۆڤانە، ڕاكێشانی سەرنجی كۆمەڵگا بۆ كێشەكانی تری كۆمەڵگایە و بە لاڕێ كێشان و گەورەنەكردنەوە و بایەخ نەدان بە و چەشن مرۆڤانە، بەڵام لەهەر حاڵدا نابێ لە توند و تیژی كەڵك وەربگیرێت. تەنیا بە چەكی "گرنگی پێ نەدان" دەتونین كزیان بكەین".

هاوكات لەگەڵ فناتیزمی ئایینی، فەناتیزم لە بەشەكانیتر و ئیدیۆلۆژییەكانیتریش وەك سیاسیی، ڕەگەزپەرست، سوسیالیست و ناسیۆنالیستەكانیشدا خۆی نیشان دا. بەڵام هیچكام لەوانە بە درێژایی چەندین سەدە بە هۆی ئایینی بوونی كۆمەڵگاكان نەیانتوانیوە بە قەرا ئایین دژ بە تۆلەرانس و دژبە بۆچوونەكانیتر پێداگری بكەن.

لە ڕۆژی 27ی ئۆكتۆبری ساڵی 1553 لە شاری Genf"گێنف" لەژێر فەرمانڕەوایی كالوین "Calvin" دوكتورێكی ئیسپانیایی بە ناوی سێروێت "Servet" بە تاوانی ڕاوەستان دژ بە ئایین و خودا، سووتێنرا. سەبارەت بەو سووتانە ڕەخنەیەكی زۆر لە لایەن ڕۆشنبیران و ڕیفۆڕمیستەكانی ئەو كات دژ بە كالوین كە پێكهێنەری ئەو ڕووداوە بوو، بەڕێوەچوو. كالوین بۆ ڕوونكردنەوەی كۆمەڵگا و بە تاوانبار ناسینی بێ دینەكان بە گشتی و ڕووداوەی "سێروێت" بە تایبەتی بە نووسراوە ئەوەی بە ڕەوا زانی و قاوی بۆ دا. لە نووسراوەكانیدا بە ڕاشكاوی دژبە بیر و بۆچوونەكانی تر ئارگۆمێنتی ساز كردووە و داوای كردوە بە ئەوپەڕی بێ ڕەحمی لەگەڵ ئەو چەشن مرۆڤانە هەڵس و كەوت بكرێ. ئەو چەشن هەڕەشانە شتێكی نوێ نەبوو و لە ساڵی 408 ی زایینی یەوە و بەدوای نووسراوەكانی "ئاگوستینووس" Augustinus، ئایینی مەسیح بەردەوام

بەربەرەکانی هەموو بیروبۆچوونەکانی تری کۆمەڵگا کردوە و بەوپەڕی بێ بەزەییەوە هەڵس و کەوتی لەگەڵ کردوون. لە نووسراوەکانی کالوین دا هاتووە :

*" هەرکەس(مەبەستی خەڵکە) دژ بەو خودا نەناسانە هەڵنەستێ و لە هەمبەریاندا ڕانەوەستێ، هەڵە کارە و بەچاوی تاوانبار سەیر دەکرێ. بێ هۆ نییە کە خودا ئەو هەموو کارەساتە سروشتییانەمان بەسەر دێنێ، بێ هۆ نییە کە هەستە بەهێزەکان لەناو دەبا و دڵمان دەڕەنجێنێ، بێ هۆ نییە کە خۆشەویستی باب بۆ منداڵ تووناو دەکات و دۆستیی نێوان براکان تێك دەدات".*

سەبارەت بە دژبەرانی ئایینی مەسیحی لە کتێبی ئینجیل دا نووسراوە: *"من وەدوای دوژمن دەکەوم. هێرشی دەکەمە سەر و هەتا نەیکووژم ناگەڕێمەوە."* (Psalm 13, 38).

زۆربەی لایەنگرانی ئایین لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە دەبێ لەگەڵ ئەو کەسانەی باوەڕی ئایینیان نییە و یاخود ڕەخنە لە ئایین دەگرن، هەڵس و کەوتی نالەبار و توند بکرێ و مەجبوور بکرێن بێنە ناو کلیسا و ڕێگای ڕاستەقینە بگرنە پێش.

لە بەرابەر ئەو بۆچوونەدا کەسانێکیش بوون کە دەیانگوت :

*" ئەوکەسەی باوەڕی بە خودا نییە و یاخود باوەڕی ئایینیی کزە، ئێمە ناتوانین بۆ ڕزگاربوونیان هەوڵ بدەین. ڕەنگە مرۆڤ بتوانێ بە زۆر بیانکێشتە ناو کلیساکانەوە، گوشاریان بخاتەسەر کە بە وتار و نووسراوە دان بەو هەڵە گەورەیەیاندا بهێنین و باوەڕی ڕاستەقینەی ئایینی مەسیح قەبووڵ بکەن، بەڵام ئەگەر ئەو باوەڕە لە ناخی دڵەوە نەبێ هیچ بەهایەکی نییە و تەنانەت خوداش ناتوانێ بەزۆر مرۆڤ بکاتە ئایینی!"* ***

لە جێگایەکیتردا هاتووە :

*" ئەگەر ئێمە توند و تیژی و تیرۆرمان پێ باشە، دەبێ گرنگایەتی بە کاردانەوەکەی بدەین. هەرچەندە ئەو توندوتیژیە و تیرۆرە سامناکتر بێت بەو ئەندازەیەش کاردانەوەکەی دڵتەزێنترە. کەوابوو بێینە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێ ئەو چەشن مرۆڤانە بکووژرێن. بۆ سەلماندنی خۆشەویستیمان بە خودا، دەبێ لە سێدارەدان ئازاد بکرێت!"* ***

له سەرەتای پێکهاتنی ئایینی مەسیحدا بەهۆی بێخەبەری و کەم بوونی زانیاریی گشتیی خەڵکی ئاساییەوە، داهێنەرانی ئەو ئایینە زۆر شتیان لە کتێبەکانیاندا نووسیوە کە لەگەڵ لۆگیک یەك ناگرێتەوە. بە پێی کات کە ئەو هەڵانە بۆ ڕەخنەگران روون بوونەوە، وەك خاڵی لاواز ئەو بۆچوونانەیان لەژێر ڕەخنەی خۆیان گرت. لە وەڵامدا "ئاگوستینووس" دەڵێ :

*" تەنانەت ئەگەر بەڵگە بۆ لە ڕەخنەلێگرتنی تاقمێك لە وتارەکانی ناو ئینجیل دا هەن و جێگای قسەلەسەر کردنن، سەرەڕای ئەوەش نابی مرۆڤ ئەو کارە بکات، ئێمە دەبێ لە ئەگەری تووڕەبوونی خودا و داخستنی درگای ڕەحمەتی ئەو بترسین. "* ***

له شەڕی مابەین باڵەکانی لایەنگرانی ئایینی مەسیح دا کە بە ئەوپەڕی تووڕەیی و نامرۆڤایەتیی خۆی گەیبوو، "کاستێلیۆن" Castellion کە یەك لە ڕەخنەگەرانی ئایینی مەسیح بوو گوتی:

*" ئای مەسیح [...] ئەو کردارانە دەبینی؟ هەڵس و کەوتی ئەو مرۆڤە نەخۆشانە کە کەوتوونەتە گیانی یەکتر، بە باشی دەزانی؟ ئایا تۆ گۆشتی مرۆڤ دەخویَ؟ ئەگەر تۆ، ئای مەسیح، ئەو کارانە بکەی یا بە باشیان بزانی، ئیتر هیچ کارێکت بۆ شەیتان نەهێشتۆتەوە؟ ئەگەر وابێ تۆ کاری شەیتانت وە ئەستۆ گرتووە؟ "* ***

بەڵام بەداخەوە بەو وتارانە پێش بە فناتیزمی ئایینی ناگیرێت. تیرۆرکردنەکەیان ئیلاهییە، لە خوداوە پێیان گەیشتووە و لەڕووی خۆشەویستییەوە ئەو کارە دەکەن!

ئارگۆمێنتی هەرکام لەو فناتیکانە ئەوەیە کە چونکە ئێمە ڕاستەقینەین و ڕێگای ڕاستمان هەڵبژاردووە، هەر کەس کە دژ بە بۆچوونەکانمان بێت، هەڵەی خۆیەتی ئەگەر وەبەر شالاو و توند و تیژییەکانمان بکەوێ! بەڵام هەرگیز ئەو پرسیارە لەخۆیان ناکەن کە چۆن دەتوانن بزانن و بە دڵنیاییەوە بڕیار بدەن کە تەنیا ڕێگای خۆیان ڕاستە و ئەوانیتر هەموو لە هەڵەدان؟

ئاخۆ بڵێی دنیای ئێمە چۆن دەبوو ئەگەر هەموو بیر و بۆچوونەکانیتریش وایان بیر بکردبایەتەوە وەك تۆ؟ تۆ دەڵێی من ڕاستەقینەم! بەو هۆیە دەبێ هەر بیر و بۆچوونێکیتر لە ناو بەرم! تۆ ئەو دروشمەت بە دەستەوە گرتووە کە هەرکەس

ڕاستەقینە بێت دەبێ هەوڵ بدا ئەو ڕاستەقینەیەی خۆی بەسەر ئەوانیتردا بسەپێنێ، تەنانەت ئەگەر بە زۆریش بێت! بەڵام بیرت لەوە نەکردۆتەوە کە ئەگەر ئەوانیتریش لە ڕوانگەی خۆیانەوە ئەو دروشمەی تۆ بەدەستەوە بگرن، دنیا کەمان چی لێ بەسەر دێت؟

بۆ دەبێ مرۆڤ هێندە بێ نرخ بێت کە بەهۆی بیر و بۆچوونەکەیەوە هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکرێت و زەختی بخرێتە سەر؟ کێ ئەو ئیزنەی بە ئایینەکان داوە کە بە خواستی خۆیان سەبارەت بە بۆچوونەکانیتر بڕیار دەربڕن؟

*** بەداخەوە لە سەرچاوەکەیدا کە ئینترنێت بووە، ئاماژە بە لاپەڕە و سووڕەکانی نەکراوە.

### هێکسه Hexe(جادووگەر)

لە ئورووپا زیاتر لە چەند سەدە ژنانیان بە ناوی هێکسە بوون و بە تاوانی جادووگەری ئەشکەنجە داوە، ڕاویانناون و کوشتوویانن و لەبەر چاوی خەڵکی سووتاندوویانن! ئایینی مەسیح ئەو کارەی نەشاردۆتەوە و بە ئاشکرا باسی لێکردوە. ئەو ژنانەیان بە ناوی نەوەی شەیتانەوە سووتاندوون و لە ناویان بردوون. ڕەنگە ئێمە ئەمڕۆ سەبارەت بەوە سەر ڕاوەشێنین و پێمان سەیر بێت، بەڵام ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست کە ئەوکات زانیاری و زانستی مرۆڤ زۆر کەم بووە و خەڵکی بەهۆی نەزانییەوە زۆر خوڕافاتی و خۆش باوەڕ بوون. بەڵام جێی سەرسووڕمانە کە مرۆڤی ئەمڕۆش لە سەدەی بیست و یەکەمدا بۆ نموونە لە ئێران دەبنە سەیرکەر و چاوەدێری ئیعدام، بەردەباران و ئەشکەنجەدانی هاووڵاتیانی خۆیان و نەتەنیا هیچ دەنگێکیان لێوە نایەت بەڵکوو هۆڕایان بۆ دەکێشن وچەپڵەشیان بۆ لێ دەدەن! دیارە ئایینی ئیسلامیش بەهۆی پشتیوانی کردنی خەڵک لەو ڕووداوانە، بە ئاشکرا ئەو کارە دەکات و نە تەنیا باکیان لێی نییە بەڵکوو بەوپەڕی پڕڕوییەوە وێنەکانیان نیشان دەدەن و تەنانەت قاویشی بۆ دەدەن. لە ڕاستیدا ئەو کارەساتانە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئاستی تێ گەیشتوویی خەلکدا هەیە. ئەگەر خەڵك مل بۆ ئەو چەشن کارەساتانە دانەنەوێنن، هیچکات شتی وا پێك نایەت.

**پرەنسیپی بیر و باوەڕ**

ئایین، ئیدئۆلۆژیی و بیر و باوەڕەکان چلۆن لەوەچەیەکەوە بەویتر دەسپێررێن و درێژەیان پێ دەدرێت؟ هەمووومان وەڵامی ئەو پرسیارە دەزانین. زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤ بە بێ یەك و دوو و بیرلێکردنەوە، ئەو زانیاریانە لە دایك و باوك و کۆمەڵگای وەردەگرن. ئەوە بەو مانایەیە کە زۆربەی مرۆڤ بە هەڵکەوت دەبنە لایەنگری ئایینێك یاخود ئیدیۆلۆژییەك. کەسێك کە لە وڵاتیکی ئیسلامی لە دایك دەبێ، دەبێتە موسوڵمان، لە وڵاتی مەسیح دەبێتە مەسیحی، لە وڵاتی جوولەکە دەبێتە جوو و لە وڵاتی سوسیالیستی دەبێتە سوسیالیست و هەر بەو شێوەیە ... . دیارە هەرکامیش لەمانە خۆیان پێ ڕاستەقینەیە و هیچ کامیشیان ئەوانیتر ناسەلمێنن. تەنانەت لەناو خۆشیاندا چەند شاخ و باڵیان لێ بۆتەوە، وەك لە ئایینی مەسیحیدا(کاتۆلیك، پرۆتستان، ئۆرتۆدۆکس ...) و لە ئایینی ئیسلامدا شیعە و سوننی هەیە، و هیچکام ڕێگای خۆیان بە ئەوانیتر ناگۆڕنەوە. سەیر ئەوەیە دواتریش هیچ ئاڵو گۆڕێکی سەیریان بەسەر دا نایەت.

هەرکام لە ئیمە ئەگەر تەنیا چەند خولەك لە کاتی خۆمان بۆ لێکدانەوەی ئەو هەڵکەوتانە تەرخان بکەین و بە بێ لایەنگری و لەڕووی لۆژیکییەوە ئەو تەوەرە گرنگە هەڵسەنگێنین، دێینە سەر ئەو باوەڕە کە هیچکام لە ئێمە زیاتر لەوانیتر نین. هەمووومان مافی بەرانبەرمان هەیە. هەرکام لە ئێمە ئەو مافەمان هەیە کە لایەنگریی لە بیر و بۆچوون و باوەڕەکەمان بکەین و مافی ژیانمان هەبێ.

مرۆڤ لە منداڵییەوە تا تەمەنی 25 ساڵی زۆربەی هەرە زۆری باوەڕ و بۆچوونەکانی دادەڕێژێت و سەلمێندراوە کە زۆربەی ئەو کەسانەش دوای تێپەڕکردنی ئەو تەمەنە، ئیتر ئاڵ وگۆڕێکی زۆریان بەسەردا نایەت. هەر بۆیە بەتایبەت کلیسای مەسیحییەکان بایەخێکی زۆر گەورە بۆ ئەوە دادەنین کە سەرنجی مرۆڤ لە منداڵییەوە بۆ کلیسا ڕاکێشن.

لەو وڵاتانەی کتێبی ئایینی وەك کتێبی ئاسمانی جێی خۆیان لە ناو کۆمەڵگادا کردۆتەوە، شتێکی سروشتییە کە خەڵك ئەو کتێبە بە گرنگ دەزانن و پەیڕەوی لێ دەکەن و بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کە ڕەخنەی لێ بگرن.

بۆ نموونە لە کتێبی ئینجیل دا هاتووە:

*من وەدوای دوژمنانی ئایینەکەم دەکەوم، هێرشیان پێ دەکەم و هەتا نەیانکووژم ناگەڕێمەوە!*

*من دەیانکەم بە تۆز تا با لەگەڵ خۆی بیانبا و ئیتر هیچیان لێ نەمێنێتەوە!*

*خودا زیندووە، خودا پشتیوانی منە، رێگای ئەو دەگرم و خۆمی بۆ قوربانی دەکم، خوداش لەودنیا قەرەبووم دەکاتەوە!*

بەو پێیەی کە ئینجیل وەك کتێبێکی ئاسمانی و خودایی لەناو خەڵکدا ناسراوە، شتێکی سەیر نییە کە لایەنگرەکانی، وشە بە وشە پەیڕەویی لەو ڕێنوێنیانەی نەکەن. لە بەرانبەر ئەو چەشن بیر کردنەوە و هەڵس وکەوتانە دا کە ڕەق و قین لە دڵی مرۆڤ دا دەڕوێنێ بەداخەوە هیچ ئارگۆمێنتێك ڕەنگ نانوێنی و بە هیچ جۆرێك ناتوانرێ بە شێوەی ڕاستەوخۆ پێش بە ئەو چەشن مرۆڤە فناتیکانە بگیرێ.

تەنیا دەکرێ بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ئەو نووسراوانە کە تەنیا مرۆڤ سەبارەت بە یەکتر ڕەشبین دەکەن، شی بکرێنەوە و مەترسیەکانیان بۆ خەڵکی دیاری بکرێن.

لە دنیای ئەمڕۆ دا وشەی فۆندامێنتالیزم بە گوێمان ئاشنایە و ئەمڕۆ زیاتر بۆ لایەنگرانی ئیسلامی زۆر فناتیك بەکاردەهێنرێت. ئەگەر بە چاوێکی ژیرانە سەیری ئەو وشەیە بکەین بۆمان دەر دەکەوێ کە فۆندامێنتالیست ئەو کەسەیە کە نووسراوەکانی ناو قورعان بە وردی بەڕێوە دەبات و پەیڕەوییان لی دەکات.

هیچ ئیدئۆلۆژییەك جا مەسیحی، موسوڵمان، جوولەکە، کومونیست، سوسیالیست، ئاتێئیست، ڕاسیست، ناسیۆنالیست و هەر چەشنێکیتر کە لە شێوەی ئاساییاندا وا بێ گوناه و پاك دەنوێنن، جێی بڕوا نین کە زەمانێك بە شێوەی فۆندامێنتالیزمیی هەڵس و کەوت نەکەن. مرۆڤ دەبێ هەمیشە لەسەر ئەوە حیساب بکات کە ڕەنگە ڕۆژێك رووی فۆندامێنتالیزمی خۆیان نیشان بدەن. مێژوو ئەو ڕاستییەی بۆ ڕوون کردوینەتەوە و نموونەی زۆری پێ ناساندوین.

وادیارە ئەوە لە جەوهەری مرۆڤدایە کە جیاواز لەهەر بیر و بۆچوونێك کە هەبێ، هەمیشە دەتوانێ ڕووی ناحەزی خۆی نیشان بدات! وادیارە پەیڕەوی لە چوارێیوەیەکی پێشتر دیاریکراو دەبێتە هۆی ئەو چەشن هەڵس و کەوتانە!

فناتیزم تووڕەییەکی کوێرکوێرانە نییە کە هەروا لەخۆوە لە مرۆڤ دا خوی بنوێنێ، بەڵکوو فەناتیزم پەیڕەوی کردنی دەقاودەقی بڕواکانی خۆ و و بایەخ نەدان بە بیر و بڕواکانیترە.

بێینە سەر ئەو باوەڕە کە بەو هۆیەی کە ناتوانین بیر و بۆچوونەکانی لایەنی بەرنبەرمان بگۆڕین، لانی کەم بێ حورمەتییان پێ نەکەین و بە سەبر و حەوسەلە و نیشاندانی تۆلەڕانس لە هەمبەریاندا، بیسەلمێنین کە هەنگاو بۆ ژینی بێ شەڕ و قڕە هەڵدێنینەوە.

تۆلەڕانس سەردانەواندن و خۆ خوارکرنەوە نییە لە بەرانبەر لایەنی دیالۆگ، بەڵکوو ڕێز و حورمەت لێنانە لە بیر و بۆچوونەکانی ئەو. تۆلەڕانس هێزی خۆڕاگری و لەسەرەخۆیی لە هەمبەر بۆچوونەکانیترە. تۆلەڕانس جێگای هێرش کردن و ڕێز لێ نەگرتن پڕدەکاتەوە. هەرکەس لایەنگری ڕاستەقینەی ژینی ئارام بێت، دەبی ئەوەندەی سەبروحەوسەلە هەبێت کە لە بەرانبەر بۆچوونەکانیتر دا خۆڕاگری بکات و بێ حورمەتیان پێ نەکات.